پلیخانۆف

هونەرو ژیانی کۆمەڵایەتی

و: حەمە کەریم عارف

کوردستان – هەولێر
٢٠٠٥

ناوی کتێب: هونەرو ژیانی کۆمەڵایەتی

– نووسینی: پلیخانۆف
– وەرگێڕانی و: حەمە کەریم عارف
– نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
– بەرگ: هۆگر سدیق
= سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
– تیراژ: ٧٥٠ دانە
– ژمارەی سپاردن: ١٢٥
–– چاپی یەکەم: ٢٠٠٥
– نرخ: ١٠٠٠ دینار
– چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب – ١٢– (١١٥)

ناونیشان
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی
پۆستی ئەلکترۆنی: asokareem@ maktoob.com
ژمارەی تەلەفۆن: 2260311

بەشی یەكەم

لە سەرانسەری ئەدەبیاتی تا رادەیەك گەشە كردوودا، مەسەلەی پێوەندی نێوان هونەر و ژینی كۆمەڵایەتی رۆڵێكی گرنگی دیتوە، ئەم مەسەلەیە لە دوو روانگەو رێبازی تەواو دژ بە یەك چارەسەر كراوە و هێشتاش هەمان ئەم دوو رێبازە لە برەو دایە بۆ چارەسەركردنی ئەم مەسەلەیە.

ژمارەیەك گوتویانەو دەڵێن كە مرۆڤ بۆ رۆژی هەینی دروست نەكراوە، بەڵكو هەینی بۆ مرۆڤ دروست كراوە، كۆمەڵگە بۆ هونەرمەند نییە، بەڵكو هونەرمەند بۆ كۆمەڵە.

هەندێكی دی ئەم دید و بۆچوونە لە بنەڕەتەوە رەفز دەكەن. بە باوەڕی ئەوان هونەر، خۆی ئامانجی خۆیەتی. گەر هونەر بكرێ بە هۆ و بخرێتە خزمەتی كۆمەڵێ ئامانجی نامۆوە، گەر ئامانجەكان رەسەنیش بن. ئەوا بایەخی كارە هونەرییەكە دا دەبەزێ وكەم دەبێتەوە.

بۆچوونی یەكەم، لە ئەدەبیاتی پێشكەوتوخوازی ئێمەدا لە ساڵانی ١٨٦٠دا بە جۆرێكی ئاشكرا و پرشنگدار رەنگی داوەتەوە. جگە لە پیسارەف، كە هێندە بە گەرمی هەواداری لەم بۆچوونە دەكرد گەیاندبویە رادەی كاریكاتۆر، ئەوا دەتوانین بڵێین چرنشفسكی و دابرلیوبوف دیارترین و باشترین نوێنەرانی ئەم بۆچوونەن لە نێو رەخنەگرانی ئەو سەردەمەدا.

چرنشفسكی لە یەكێك لە وتارە رەخنەییەكانی سەرەتای ژیانی رەخنەگری دا دەڵێ: (هونەر بۆ هونەر) لەم سەردەمەی ئێمەدا هێندە نامۆ و سەیر و سەمەرەیە وەكو ئەوەیە پێی بڵێی (سامان بۆ سامان) و (زانست بۆ زانست) و شتی تری لەو بابەتە دروشمە. هەر جۆرە چالاكییەكی بەشەری بگری پێویستە لە خزمەتی ئیسناندا بێ و لەمە بترازێ دەبێ بە هەوڵ و تەقەلایەكی بێهودە و بێ بەر. ساان بۆ ئەوەیە كە مرۆڤ سوودی لێ وەربگرێ، زانست بۆ رێنوێنی بەشەرە، هونەریش دەبێ لە پێناوی خزمەتێكی بنەڕەتی و سەرەكی دا بێ، نەك لە چوارچێوەی لە زەت بەخشینێكی بێ بەردا قەتیس بمێنێ.

بە باوەڕی چرنشفسكی بایەخی هونەر بە تایبەتی (شیعر) لەوەدایە كە چەند شارەزایی و ئاستی رۆشنبیری كۆمەڵ بەرز دەكاتەوە، تا چ رادەیەك نهێنییەكان بۆ كۆمەڵ كەشف دەكا.

چرنیشفسكی دەڵێ هونەر، یا وردتر بڵێم، شیعر (تەنیا شیعر) چونكە هونەرەكانی دی كەمتر ئەم تایبەتمەندییە یان تێدایە، زانیاری و ئاشناییەكی دیار لە نێو كۆمەڵی خوێنەراندا بڵاو دەكاتەوە و بە دەستكەوتەكانی زانستیان ئاشنا دەكا، بایەخی گەورەی شیعر لە ژیاندا، لەمەوە سەری هەڵداوە.

هەمان بیروبۆچون، لە نووسراوە نێو دارەكەیدا (پێوەندی ئیستاتیكی نێوان هونەر و واقیع) دا رەنگی داوەتەوە و دووبارە كراوەتەوە.

بەپێی تیوری هەڤدەی ئەم لێكۆڵینەوەیە، هونەر تەیا ژیان عەكس ناكاتەوە یا نانوێنی بەڵكو رونیشی دەكاتەوە. واتە ئیعتباری كاری هونەری لەوەدایە كە (دادوەرییەكە دەربارەی دیاردەكنی ژیان) بایەخی بنەڕەتی هونەر لە

روانگەی چرنشفسکی و دابرولیوپفی شاگردییەوە لەوەدایە کە هەم ژیان عەکس دەکاتەوە و هەم دیاردەکانی ژیان تاوتۆ دەکا و هەڵی دەسەنگێنێ.[1] ئەمە تەنیا دید و بۆچوونی ڕەخنەگرانی ئەدەبی و تێوری ڕێژانی هونەری نەبوو، هەرگیز نکراسوف بە ڕێکەوت و خۆ بەخۆ ناوی کۆمەڵە شیعرێکی خۆی نەنا (شیعری تۆڵە وخەم) لە یەکێك لەم شیعرانەدا هاووڵاتیەك ڕوو دەکاتە شاعیر و دەڵێ:

تۆ، شاعیر، کە هەڵبژاردەی خودایانی
بۆ ئەوەیە حەقیقەتە ئەبەدەییەکان بڵێی
پێت وا نەبێ ئەوەی نانی نییە
شیعری پڕ ئیلهامی تۆ نابێ بە پێخوری
پێت وا نەبێ مرۆڤ لە ئەزەڵەوە مەرگی چارەنووسە
خوا لە ڕۆحی مرۆڤدا نەمردووە
زەنگ و شیوەنی هەر دڵێکی پڕ باوەڕ
بەردەوام دەژنەوێ،
وەکو هاووڵاتی بە! کارگوزاری هونەر بە!
بە شادی هاووڵاتی خۆت شاد بە
بەهرەت بکە بە دەستگێری هەستی ئەشقێ
کە هەموو جیهانی گرتۆتەوە.

(هاووڵاتییەکەی) نیکراسوف بەو قسانە بۆچوونی خۆی لەمەڕ هونەر دەردەبڕێ، ئەمە هەمان بۆچوونە کە مامۆستایانی پایەبەرزی هونەرەکانی پەیکەرسازی و نیگارکێشی باوەڕیان پێی بوو، بۆ وێنە پروف و کرامسکویش وەکو نیکراسوف هەوڵیان دەدا تا (هاووڵاتی) بن. ئەوانیش وەکو ئەو لە ڕێگای هونەرەوە دیاردەکانی ژیانیان تاتۆ دەکرد و هەڵیان دەسەنگاندن.[2]

لەسەردەمی نیکولای یەکەمدا، پوشکین سەرسەختترین دژمنی ئەو بۆچوونە بوو دەربارەی هونەر، هەموو کەسێك ئاگاداری شیعری (خەڵك) و (شاعیر) پوشکینن. ئەو کەسانەی کە داوا لە شاعیر دەکەن بە زەبری شیعرەکانی عادەتەکانی کۆمەڵ بەرەو چاکی بگۆڕێ، زۆر بە ڕەقی و بگرە بێ ئەدەبانە لەلایەن شاعیرەوە وەڵام دەدرێنەوە.

لاکەون! شاعیرێ شاعیر بێ
بە هیچ جۆرێ لە خەمی ئێوەدا نابێ
پیاو بن و پیاوانە لە نێو خراپی خۆدا وشك هەڵێن
ئاوازی ئەشق ناتان بزوێنێ
ئێوە چەشنی گۆڕ لە ژیانەوە دوورن
سەودای گەوجێتی و شەیتانانەتان
تا ئێستا هەر
کوتەك و زیندان و تەور بووە،
ئەی کۆیلە گەوجەکان! ئێوە هەر شایستەی ئەوەن.

پۆشکین لەم چەند دێرە شیعرەی خوارەوە کە زۆر جاران باس دەکرێ و بە سەرزارانەوەیە، ڕۆڵی شاعیری بەمجۆرە دەست نیشان کردووە.

ئێمە بۆ هەراو ئاژاوەی ژیان نەهاتووینە دنیاوە.
نە بۆ سەرکەوتن نە بۆ خەبات.
دروست بوونی ئێمە بۆ ئیلهام وەرگرتنە
بۆ سروودی خۆش ئاهەنگ و بۆ عیبادەتە

ئێمە لێرەدا سەبارەت بە تێوری هونەر بۆ هونەر ڕووبەڕووی سەرسامترین دیاردە دەبینەوە. لە خۆڕایی نییە کە نەیارانی بزووتنەوەی ئەدەبی ساڵانی شەست، بەو هەموو تاسەیەوە ناوی پۆشکین دێنن.

باشە لە نێوان ئەم دوو بۆچوونە دژ بە یەکەدا کامیان دروستە؟ بەر لەوەی

بێینە سەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکە، پێویستە ئەوە بزانین کە جۆری پرسیاری کردنەکە هەڵەیە، لە راستیا نە ئەم پرسیارە و نە چ پرسیارێکی دی لەو بابەتە، ناکرێ لە روانگەی (ئەرکەوە) بخرێتە بەر وردە بینی لێکۆڵینەوە، گەر هونەرمەندانی وڵاتێك، لەسەر دەمێکی تایبەتی دا خۆ لە (ئاژاوەی ژیان و خەبات) دەدزنەوە و لەسەردەمێکی دیدا بە پێچەوانەوە، زۆر بە گەرمی بە پیری خەبات و لق و پۆپەکانییەوە دەچن، لەبەر ئەوە نییە کە کەسێك لە دەرێ را ئەرکی جۆراوجۆریان لەسەر دەمانی جیاواز دا بۆ دیاری دەکا، بەڵکو لەبەر ئەوەیە لە هەندێ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی دا جۆرە هەستێکیان هەیە و لە هەلومەرجێکی دیدا جۆرە هەستێکی تریان هەیە، بۆیە پێویستە پرسیارەکە نەك لەبەر رۆشنایی ئەو شتەدا کە پێویستە بێ، بەڵکو لەبەر رۆشنایی ئەو شتەدا کە هەبووە و هەیە شی بکرێتەوە. لەبەر ئەوە ئێمە پرسیارەکە بەمجۆرە دەخەینە روو:

کام هەلومەرجی سەرەکی کۆمەڵایەتی دەبێتە مایەی ئەوەی کە رێبازی هونەر بۆ هونەر، لای هونەرمەندان و هونەردۆستان بێتە ئاراوە و سەقامگیر بێ؟

وەختێ وەڵامی ئەم پرسیارەمان بە دەست هێنا هەنگێ بە ئاسانی دەتوانین وەڵامی پرسیارێکی دی بدەینەوە کە لە پرسیاری یەکەمەوە سەر هەڵدەدا و بەهەمان ئەندازەی پرسیاری یەکەم جێی سەرنجە، کامە هەلومەرجی سەرەکی کۆمەڵایەتی دەبێتە مایەی ئەوەی کە رێبازی هونەری ئامانجدار واتە (هەڵسەنگاندن و تاوتۆکردنی دیاردەکانی ژیان بکا بە ئامانج)

لای هونەرمەندان و هونەر دۆستان بێتە ئاراوە و سەقامگیر بێ؟
پرسیاری یەکەم دەمانباتەوە سەر پۆشکین.

پۆشکین لە سەردەمانێکا داکۆکی لە دیدوبۆچوونی (هونەر بۆ هونەر) نەدەکرد، خۆی لە خەبات نەدەدزییەوە بەڵکو بەرەو پیری دەچوو، ئەمە لەسەردەمی ئەلسکاندەری یەکەمدا بوو، لەو سەردەمەدا قەناعەتی وا نەبوو کە (گەل) شایەنی حەپس و تێ هەڵدان و زنجیرە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە (داستانی ئازادی) دا تورەیە و هاوار دەکا:

ئەفسوس هەر کوێ دەڕوانم
هەر قامچییە، هەر زنجیرە،
رووی دزێو و شوومی یاسا
ئەشکی بێ دەسەڵاتی و ئەسارەت
لە هەموو جێیەك دا فەرمانڕەوایە

پاشان بیرو بیرکردنەوەی بە تەواوی گۆڕا و لە سەردەمی نیکولای یەکەمدا دیدو بۆچوونی (هونەر بۆ هونەر)ی پەسەند کرد، ئەم گۆڕانە قوژە لە کوێوە سەر هەڵدەدا؟

سەرەتای فەرمانڕەوایی نیکولای یەکەم رێکەوتی کارەساتی (دیسامبەرییەکان)ی کرد، ئەم مەسەلەیە کارێکی زۆر گەورەی کردە سەر گەشە کردنی پاشتری کۆمەڵی ئێمە و سەر چارەنووسی پوشکین، لەگەڵ هەرەس هێنانی دیسەمبەرییەکاندا رۆشنبیرترین و پێشڕەوترین نوێنەرانی کۆمەڵی ئەو سەردەمە تیا چوون و نەمان، ئەمەش کردییە کارێ کە ورە و بیرو بیرکردنەوەی پۆشکین بە تەواوی لەق بێ.
هەرزەن، دەڵێ من لەو سەروبەندەدا منداڵ بووم، بەڵام چاکم لەبیرە کە

کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی زۆر بە خێرایی بەرەو داوەشین و هەرەس هێنان دەچوو، کە نیکولا هاتە سەر حوکم وەزع وحاڵەکە هێندەی دی خراپ بوو، سەربەخۆیی ئەشراف و شەهامەت و دەسەڵاتی خانەوادەکانی سەردەمی ئەلکساندر، لە ساڵی ١٨٢٦دا بە جارێ لە بەین چوو.

ژیان بەسەربردن لە کۆمەڵگەیەکی ئاوهادا بۆ پیاوێکی هەست ناسك و هوشیار، زۆر دژوار و زەحمەت بوو. هەرزەن دەڵێ: هەموو شتێکی دەوروبەرمان مات و کپ، نا ئینسانی، بێ تروسکە، گەوجانە و بێ مەعنا بوو، دەتروانییە هەر لایە ترس و ترساندن هەڕەشەی لێدەکردی و گەمارۆی دەدای.

وەختێ کە شیعری (گەل) و (شاعیر) بڵاو بوونەوە، پۆشکین لە نامەکانی خۆیدا بەردەوام بێزار و سکاڵای خۆی لە وەزع و حاڵی بێ سەروبەری باوی هەردوو پایتەختەکەمان دەدەربڕی. بەڵام پۆشکین تەنیا لە بێ سەروبەری کۆمەڵگەکەی دەوروبەری خۆی بێزار نەبوو، بەڵکو پێوەندییەکانی لەگەڵ (ئەنجومەنانی رێبەرایەتی)شدا هێندەی دی دەی رەنجاند و بێزاری دەکرد. بە پێی ئەو چیرۆکە خەیاڵییە زۆر باوەی وڵاتی ئێمە، نیکولای یەکەم لە ساڵی ١٨٢٦ دا لە هەموو تاوانە سیاسییەکانی سەردەمی لاوی پۆشکین خۆش بوو، هەر بەوەندەوە نەوەستاو بەڵکو پۆشکینی لە خۆی نزیك خستەوە و هێنایە پەنای خۆی.

دیارە ئەم چیرۆکە خەیاڵییە چ بنج و بناوانێکی راستەقینەی نییە، نیکولا و بنکندروڤ دەستە راستی، نەك هیچیان بە پۆشکین نەبەخشی، بەڵکو پاش سوکایەتی پێکردنێکی زۆر و لە تەحەمول بەدەر، ئەوجا ویستیان پەنای

بدەن، چونکە ئەوەتا بنکندروف لە ساڵی ١٨٢٧ دا لە راپۆرتێکیا بۆ نیکولا ئەمەی نووسیوە: (لە سەیرانگای ئینگسیاندا پۆشکینم بینی، پاش ئەوەی قسەم لەگەڵ کرد، هێندە بە گەرمی کەوتە ستایشی، خاوەن شکۆتان کە ئەوانەی لەگەڵی شامیان دەخوارد ناچار بوون پێکەکانیان بە سەلامەتی خاوەن شکۆ هەڵبدەن، هەرچەندە پوشکین کابرایەکی هیچ و پوچ و بێ بایەخە، بەڵام ئەگەر بتوانین قەڵەم و زمانی ئەو کابرایە بخەینە ژێر رکێفی خۆمانەوە سوودی زۆری لێوەردەگرین.)

ئەم قسانەی دوایی بە ئاشکرا پەردە لەسەر ئەو پەناداریییە هەڵدەماڵێ کە نیکولای لە پوشکینی کردووە، ئەوان دەیانویست بیکەن بە شاعیری دەرباری رژێمی وەخت. نیکولای یەکەم و بنکندروف هەوڵیان دەدا شیعری یاخی و سەرکێشی پۆشکین بخەنە خزمەتی دەم و دەزگاکەی خۆیان.

وەختی فیلد مارشال یاسکیوڤیچ پاش مەرگی پۆشکین لە نامەیەکی دا بۆ نیکولا دەنووسێت: من بە مەرگی پوشکین وەك نووسەرێك خەمبارم) تزار بەمجۆرە وەڵای دەداتەوە: (بە تەواوی لەگەڵ بۆچوونەکەی تۆ دام، بەراستی دەتوانم بڵێم بە مەرگی پوشکین ئایندە مرد نەك رابردوو.) ئەم قسەیە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم تزارە، پوشکینی وەکو شاعیرێکی بەهرەمەندی تەمەن کورتی پڕ بەرهەم مەبەست نەبووە، بەڵکو داخەکەی بۆ ئەوە بووە کە پۆشکین فریا نەکەوت لە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێری پۆلیس دا و بۆ خزمەتی رژێمی وەخت شیعر بنووسێت. نیکولای چاوەڕوانی بەرهەمی (نیشتمانی) لە پۆشکین دەکرد، بەرهەمی لە بابەتی نمایشنامەکەی کوکولینك کە بەناوی (دەستی خوا وڵاتی رزگار کرد.) تەنانەت ئا. ژوکوفسکی شاعیری

خزمەتگوزاری دەرباریش زۆرزی هەوڵدا پۆشکین بێنێتە رەداو قەناعەتی پێ بکا کە پێویستە رێزی دام و دەزگای حوکمڕان بگرێ.

لە نامەیەکی دا لە ١٨٢٦/٤/١٢ دا بۆ پۆشکین دەڵێ: (وەچەی تازەی ئێمە کە لە ئاکامی پەروەردە و فێرکردنی نادروستەوە بەرانبەر بە ژیان دەستە پاچەیە، ئاشنایەتی لەگەڵ بیروبیرکردنەوەی سەرکێش و یاخی تۆدا پەیدا کردووە کە لە قاڵبی شیعری هەڵخەڵەتێنەردا خستوتە روو. تۆ جەزرەبەیەکی کوشندەت لەم وەچەیەداوە، هەق وایە بەخۆتا بچیتەوە و چیدی ئەم کارە پڕ خەتایە نەکەی. زەوق و بەهرە هیچ نییە، لوتکەی شکۆداری ئەخلاقە. — مەبەست بانگەشەیە بۆ مەبەست و مەرامەکانی رژێم ـ (وەرگێڕ)

دیارە لەوەزع و حاڵێکی ئاوادا، بەو هەموو کۆت و زنجیرەوە بەو هەموو دەرسدادانەوە، پیاو لە شکۆداری ئەخلاقی بێزار دەبێ. نەفرەت لە هەموو جۆرە (ئامانجدارییەکی) هونەر دەکا و هاوار بەسەر ئامۆژگاران و پشتیوانانادەکا:

دوور کەونەوە! شاعیری راستی
تاقەت و حەسەڵەی ئێوەی نییە!

هەڵبەتە پۆشکین ئاساییە لەو وەزع و حاڵەدا دەبوا ببێ بە لایەنگری تیۆری هونەر بۆ هونەر و بە شاعیر واتە بە خۆی بڵێ: تۆ پاشایەکیت، بە تەنێ بژی، بەرێی ئازادیدا هەنگاو بنێ، بەو رێییەدا کە رۆحی مەردانەت گەشە پێدەدا، بیرە پیرۆزەکانت دەپشکوێنێ.

بێ ئەوەی لە بری کاری ئابڕومەندانەت پاداشتێ داوا بکەی. گەر، دی، پیساروف رەخنەی ئەوەم لێ بگرێ کە پۆشکینی شاعیر ئەم قسە توندانەی

بە پارێزەران و پەنادەرانی خۆ نەگوتووە، بەڵکو بە (گەل)ی گوتووە. بەڵام گەلی راستەقینە لەو سەروبەندەدا بەتەووی لە دەرێی بازنەی دیدی ئەدەبیاتی ئەو زماننە بووە، وشەی (گەل) لای پۆشکین هەمان مانای (جەماوەر) دەگەیەنێ کە زۆر جار بەکاری هێناوە. هەڵبەتە مەبەست لەم وشەیەی دوایی، جەماوەری زەحمەتکێش نییە، لە شیعری (کێوەلییەکان) دا بەمجۆرە دانیشتوانی شارە جەنجاڵەکان وسف دەکا:

ئەوانە شەرم لە ئەشق دەکەن،
ئەندێشە وەدەردەنێن و ئازادی خۆ قاچاغ دەکەن،
لەبەردەم بتەکاندا بە چۆکا دێن
و پارە و کۆت و زنجیر داوا دەکەن.

زۆر زەحمەتە ئەم خەسڵەتانە بۆ وێنە بدرێتە پاڵ سەنعەتکارانی شارەکان، لە ئەنجامی گوتەکەی سەرەوەماندا دەگەینە ئەم ئاکامە: روو کردنە تیۆری (هونەر بۆ هونەر) لەو شوێنانەدا پەیدا دەبێ کە چ سازگاری و هاوئاهەنگییەك لە نێوان هونەرمەندان و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکەیاندا نەمێنێ.

دەشێت بگوترێ پۆشکین وەکو نموونە بۆ ئەم ئەنجامگیرییە بە تەنیا کافی و قەناعەت بەخش نییە، لاریم لەم قسەیە نییە، بۆیە نموونەی دی لە مێژووی ئەدەبیاتی فەرەنسا دێنمەوە، واتە نموونە لە ئەدەبیاتی وڵاتێکەوە دێنمەوە کە بەلای کەمەوە رێبازە فیکرییەکانی ئەو وڵاتە تا ناوەندی سەدەی رابردووش مایەی سەرنج و بایەخ پێدانی هەموو ئەوروپا بوو.

نووسەرە رۆمانسییەکانی فەرەنسا، ئەوانەی هاوعەسری پۆشکین بوون، تاك و تەرایان نەبێ ئید تێکڕا لە هەواداران و لایەنگرانی تیۆری (هونەر بۆ هونەرش بوون.

تیوڤیل گوتیە کە رەنگە رژدترینیان بێ، بەمجۆرە گازاندە لە پەیڕەوانی هونەری ئامانجدار دەکا:

نە گەوجینە، نە گێلە پیاوانی غەبغەدار، هیچ کتێبێ شۆربایەك ناکا. رۆمانێك جوتێ پێڵاوی ساغ ناهێنێ. بە گیانی هەموو پاپاکانی رابوردوو و داهاتوو قەسەم، نا، دووسەد هەزار جار نا، من لەو کەسانەم کە (زاد) یان پێویستە، شت و کەسەکانم بە رێژەی عەکسی ئەو خزمەتەی پێم دەکەن خۆش دەوێن.
هەر ئەم گوتیەیە لە نووسینێکیدا دەربارەی بودلێری خاوەنی (گوڵانی شەڕ) ستایشی بۆدلێر دەکا چونکە لایەنگر و پشتیوانی (ئازادی موتڵەقی) هونەر بووە و هەرگیز بەوە قاییل نەبووە کە شیعر جگە لە ورووژاندن و بزواندنی هەستی جوانی ناسی بە مەعنای موتڵەقی وشەی جوانی لە گیان و رۆحی خوێنەردا چ پەیامێکی دی هەبێ.

لەم بۆچونەی خوارەوەدا، دەبینین کە (فیکری جوانی) و فیکری رامیاری و کۆمەڵایەتی لە هزر و بیری گوتیەدا چەندە ناتەبا و ناکۆك بوون:

من بە قەناعەتی تەواوە ئامادەم لە پێناوی تەماشاکردنی تابلۆیەکی رەسەنی سەردەمی روفائیل دا یا لە پێناوی دیتنی ژنێکی جوانی رووت دا دەست بەرداری هەموو مافە مەدەنی و نەتەوەییەکانی خۆم ببم.)

توندڕەوی لەوەی پتر نابێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر هەموو شاعیرانی (قوتابخانەی پارناس)ی هاوبۆچوونی گوتیە بوون، ئەو پەڕەکەی چەند کەسێکی کەم نەبێ کە لەگەڵ توندڕەوی سەردەمی لاوی گوتیە سەبارەت بە (ئازادی موتڵەقی هونەر) نەبوون و رەخنەیان لێدەگرت.

ئەم جۆرە بیرو بیرکردنەوەیەی رۆمانسی و پارناسەانی فەرەنسا لە کوێوە هاتووە؟ ئایا ئەوانیش لەگەڵ ناوەندە کۆمەڵایەتییەکەی خۆدا ناسازگار بوون؟

گوتیە لە ساڵی ١٨٥٧ دا لە وتارێکی دا بە بۆنەی نمایش کردنی تازەی نمایشنامەی (شاترتون)ی ڤینجی لەسەر شانۆی فەرەنسا، یادی یەکەمین نمایشی ئەم بەرهەمەی کردەوە، لەو وتارەدا دەڵێ:

پێش ئەوەی ئەو تەختەی شانۆیەی کە شاترتونی لێ وەستابوو و شیعری دەخوێندەوە پڕ بوو لە نەوجەوانانی رەنگ هەڵبزرکاوی قژ درێژ کە باوەڕی تەواویان بەوە هەبوو کە لەم جیهانەدا چ کارێکی پەسەند نیە جگە لە شیعر و نیگارکێشان.. بە رق و کینەیەکی ئەوتۆ دەیان روانیە بورژواکان کە رق و کینەی بەرپرسیارانی دانشگای (هایدلبرگ) یا (یەنا) سەبرەت بە خەڵکە عەوامەکە بە تۆزی پێیدا نەدەگەیی.)

ئەم بورژوا بێزراوانە کێ بوون؟
گوتیە وەڵام دەداتەوە کە بە نزیکە هەموو کەس هەر بورژوابوون، بانکداران، سەرافان، خاوەن نووسینگەکان، بازرگانان، خاوەن موغازەکان و..هتد، بە کورتی هەموو ئەوانەی لە هەولێ و تەقەلای ژیان و بژێوی دا بوون.
با بێینە سەر نموونەیەکی دی:

تیودور دوبانوڤل لە تەفسیری یەکێ لە چامە ئالۆزەکانی خۆیدا دان بەوەدا دەنێ کە ئەوی بەشداری نەفرەت باران کردنی بروژواکان بووە.
لە زمانی رۆمانسییان دا، بورژوا بە کەسێك دەگوترێ کە جگە لە پارە کۆکردنەوە و خۆ پاراستن چ ئامانج و خەمێکی دی نییە، لە شیعردا هۆنراوەی

ئاشقانەی حەز لێیە و لە هونەری نیگارکێشی دا حەزی لە دیمەنی رەنگاورەنگە.

دەبێ ئەوەش بگوترێ بانوڤیل داوا لە خوێنەرانی دەکا کە ئەگەر لە (چامەی پەت بازانە)دا ئەم چامەیە لە ئاخرو ئۆخری سەردەمی رومانتیزم دا بڵاو بۆوە، کەسانێکی تەنای لەبەر ئەوەی ژیانێکی بورژوانەیان هەبووە و سەریان بۆ بلیمەتانی رۆمانتیك دانەنواندووە بە بێ شەڕەف و هیچ و پوچ لەقەڵەم دابێ، سەریان سووڕ نەمێنێ.

ئەم نموونانە بە ئاشکرا ئەوە دەسەلمێنێ کە رۆمانسییەکان لە گەڵ کۆمەڵگەی خۆدا ناتەبابوون و پێکەوە نەسازاون. هەڵبەتە ئەم نەگونجان و ناسازییە چ خەتەرێکی بۆ سیستەمی بورژوایی نەبوو. ئەو بورژوا لاوانەی کە دەچوونە ریزی رۆمانسییەکانەوە دژی سیستەمی وەخت نەدەوەستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەفرەتیان لە دزێوی لە قێزەوەری و بێ مەعنایی ژیانی بورژوایی دەکرد. ئەو هونەرە تازەیەی کە ئەواه بە شەوقەوە روویان تێدەکرد، لە راستیدا بۆ ئەوان وەکو پەناگایەك بوو بۆ هەڵاتن و دوورکەوتنەوە لە ژیانی پڕ تەکەلوف و بێزارکەری بورژوایی.

لە دوا ساڵەکانی گەڕانەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی و لە نیوەی یەکەمی سەردەمی پاشایەتی لویس فلیپ دا، وات لە گەشترین قۆناغ و سەردەمی رۆمانتیزمدا، لاوانی فەرەنسا نەیان دەتوانی لەگەڵ خوو خدە و مۆدۆ و مۆدبازی بۆرژوایی دا هەڵبکەن و بسازێن. بەتایبەتی لەو رووەوە کە فەرەنسا تازە قۆناغی تۆفانی بەسامی شۆڕشی ئازادی بەخش لە ئارادا نەما تا گەرماو تین و تاوی پێ ببەخشێ ئیدی هونەر چ چارێکی نەما جگە لەوەی بە

شێوەیەکی ئایدیالی بوونی بورژوازی نەفی بکا. رۆمانسییەکان نەك هەر لە رێگای بەرهەمەکانیانەوە بەڵکو لە رێگای سەرو وەزعی خۆشیانەوە هەوڵیان دەدا دژمنایەتی خوو خدە و داب و نەریتی بورژوایی بکەن. گوتیە وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد. گوتی ئەو لاوانەی کە لە یەکەمین پیشاندانی نمایشنامەی شاترتون دا هۆڵەکەیان پڕ کردبوو، هەموویان سەروقژ هاتووبوون، کێ هەیە کە سەرگوزشتەی (بەلەکە) سوورەکەی هەمان گوتیەی نەبیستبێ کە خۆی لە خۆیدا بۆ خەڵکانی (سەلار و سەنگین) بە جۆرە ئابڕوچونێك دەهاتە ژماردن؟ جلوبەرگی نائاسایی و سەیر، قژی درێژ بەلای رۆمانسییەکانەوە هۆیەك بوو لە هۆیەکانی دژایەتی کردنی بورژوازی بێزار و هەروەها رەنگ زەردیش جۆرە دەربڕینێکی ناڕەزایی بوو لە بورژوایانی تێروپڕ. گوتیە دەیگوت:

(لەو سەروبەندەدا لە نێو رۆمانسییەکاندا رەنگ زەردی، سیسی و کزۆڵەیی ببوو بە مۆد، ئەم رەنگ زەردییە دەبووە مایەی ئەوەی کە دیمەنی سەروچاو سەرنج راکێش و نا ئاسایی بنوێنێ و ئەوە بگەیەنێ کە رۆژگار وای تێك شکاندووە. ژنانی زەین تیژو پڕ سۆز ئەم سیمایەیان بە جوان دەزانی.)
گوتیە، ئەوەش دەڵێ کە رۆمانسییەکان بە تۆبزی و زۆر لە خۆکردن قەد و قەلافاتی رێك و پێکی ڤیکتور هۆگۆیان پێ قووت دەچوو:

(وەختێ دەرگاکان دا دەخران و بێگانەیا تێدا نەدەما گلەیی ئەوەیان لەو بلیمەتە دەکرد کە ئەم شێك پۆشی و دەست بەخۆدا هێنانەی لە ئەنجومەنانی ئەدەبی و تەنانەت بورژوازی نزیك دەکاتەوە و ئەمەش مایەی داخە.)

جا لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە کەسانێك هەوڵ دەدەن ئەم جۆر یا ئەو جۆرە جلوبەرگە لەبەر بکەن، ئەمە بێگومان کاردانەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمێکی دیاری کراوە. دەکرێ لەم بارەیەوە و لە روانگەی کۆمەڵ ناسییەوە جوانترین لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێ.

لاوانی رۆمانسی بەو هەڵوێستەیانەوە دەرهەق بە بورژوازی، بێگومان دەبوایە دەرهەق بە تیوری (هونەری ئامانجدار) بئالۆزێن و رووی لێ وەرگێڕن. بەلای ئەوانەوە ئامانجدار کردنی هونەر هاوتای ئەوە بوو کە هونەر بخرێتە خزمەتی هەمان بورژوازییەوە کە ئەوان ئەوەندە لێی بەداخ و بێزرا بوون. لەبەر رۆشنایی ئەمەدا دەشێ هەڵوێستی راستەوخۆ بێ پەروای گوتیە دژ بە لایەنگرانی ئامانجدار کردنی هونەر کە گوتیە ناوی (گەوج و گێلە پیاوانی غەبغەبەدار)ی لێ نابوون روون بکرێتەوە، هەروەها ئەم ناکۆکییەش روون دەبێتەوە کە بۆچی بەرای ئەو بایەخی شتەکان و ئینسانەکان رێژەیەکی پێچەوانەی هەیە لەگەڵ ئەو سوودەدا کە لەواندا هەیە. هەر هەموو ئەم هێرش و قسە ناکۆکانە هەمان مەعنای شیعرەکەی پۆشکینیان هەیە:

دوور کەونەوە ! شاعیری راستی
تاقەت و حەوسەڵەی ئێوەی نییە.

پار ناسییەکان و هەوەڵێن ریالستەکانی فەرەنساش وەکو: (برایانی گنکور، فلوبیر، و هتد) بە هەمان توندی رۆمانسییەکان نەفرەتیان لەو کۆمەڵگە بورژوازییە دەکرد کە تێیدا دەژیان. ئەوانیش بۆرژوا قێزە وەرەکانیان دەدایە بەر پەلامار و تەوس و توانجی خۆ، بەرهەمەکانیان خۆیان گوتەنی بۆ جەماوەری بەربڵاو و فراوانی خوێنەران بڵاو نەدەکردەوە، بەڵکو لەبەر خاتری ژمارەیەکی هەڵبژاردە یان وەکو فلوبیر لە نامەیەکی دا دەڵێ، لەبەر خاتری

(دۆستانی نەناس) بڵاویان دەکردەوە. بەرای ئەوان تەنیا نووسەری بازاڕی دەتوانێ مایەی سەرنجی جەماوەری خوێنەران بێز (لۆکونت دولیل) باوەڕی وابوو کە سەرکەوتنی لە رادەبەدەری نووسەرێك لە نێوان جەماوەری خوێنەران دا نیشانەی نزمی بیری ئەو نووسەرەیە، ئایا ئیدی پێویست دەکا بڵێین پارناسییەکانیش وەکو رۆمانسییەکان لایەنگری تەواوی تیۆری هونەر بۆ هونەر بوون؟ هەڵبەتە نموونەی دی زۆرە بەڵام لەوەی پتر پێویست ناکا، ئا لێرەوە بە ئاشکرا دیارە کە هونەرمەندان وەختێ روو دەکەنە رێبازی هونەر بۆ هونەر کە لەگەڵ ناوەندە کۆمەڵایەتییەکەی خۆدا ناەبا و نەگونجاو بن. هەڵبەتە پێویستە ئەم ناتەبایی و نەگونجانە بە وردی دیاری بکرێ.

لە کۆتایی سەدەی هەژدەمدا، واتە یەکسەر لە قۆناغی پێش شۆڕشی گەورەدا، ئەو کۆمەڵە هونەرمەندە فەرەنسییەی کە هەڵگری بیری پێشڕەوانە بوون لە گەڵ کۆمەڵگەی دەسەڵاتی وەخت دا ناکۆك بوون. داڤید و جەماعەتەکەی بە دژمنانی سیستەمی کۆن دەهاتنە ژماردن. ئەم ناکۆکی و نەگونجانەش چ چارەسەرێکی نەبوو، هەڵبەتە بەو مەعنانەیە کە جۆرە سازیشێك لە نێوان سیستەمی کۆن و ئەواندا مەیسەر نەبوو. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم ناتەباییە گەلێ لەو ناتەبایی و ناکۆکیانە قووڵتر بوو کە رۆمانسییەکانی لە کۆمەڵگەی بورژوازی جودا دەکردەوە.

لە راسیتدا خواستی داڤید و جەماعەتەکەی بریتی بوو لە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کۆن. حالبۆکی تیوڤیل گوتیە و لایەنگرانی وەکو چۆن لەسەرێ را ئاماژەمان بۆ کردووە، چ جۆرە رقێکیان دەرهەق بە کۆمەڵگەی بورژوازیی

نەبوو، تەنیا ئەوەندەیان دەویست کە ئەم کۆمەڵگە بورژوازییە، دەست بەرداری هەندێ ڕێ و ڕەسمی قۆڕ و بازاڕی خۆ ببێ.

وەختێ داڤید و جەماعەتەکەی دژی سیستەمی کۆن هەستان دەیانزانی کە خەڵکانی چینی سێیەمیان لە پشتە، ئەو چینەی بەرەو ئەوە دەچوو، تا (سیسەیس) گوتەنی: (ببێ بە هەموو شتێ) هەست کردنی ئەوان بە ناتەبایی لەگەڵ سیستەمی وەخت د لە ڕاستیا وبە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و پەنامەکی بریتی بوو لە پشتیوانی کردنی ئەو کۆمەڵگە نوێیەی کە لە هەناوی کۆمەڵگە کۆنەکەوە سەری هەڵدەدا و خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکرد کە جێی کۆمەڵگە کۆنەکە بگرێتەوە، بەڵام بە نیسبەت ڕۆمانسی و پاڕناسییەکانەوە دەشتێکی دیمان بەرچاو دەکەوێ، ئەوان بە هیچ جۆرێ هەواداری گۆڕانی بناخەی کۆمەڵایەتی فەرەنسای سەردەمی خۆیان نەبوون. هەر بۆیەش ناکۆکی و نەگونجانی ئەوان لە گەڵ کۆمەڵگەدا بێ ئاکام و نا ئومێدانە بوو. پۆشکینی لەمەڕ خۆشمان بە ئومێدی گۆڕانی ڕوسیای سەردەمی خۆی نەبوو، تەنانەت دەتوانرێ بگوترێ کە لەسەردەمی نیکولای یەکەمدا کەم و زۆر ئارەزووی ئەو گۆڕان و گۆڕانکارییەی نەبوو. بۆیە ڕوانینی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، جۆرە ڕەشبینیەکی گرتبووە خۆ.

پێم وایە ئێستا بتوانم ئەنجامگیریەکەی (استتناج) پێشووی خۆم تەواو بکەم و بە ڕاشکاوی بڵێم کە:

هونەرمەندان و سەودسەرانی هونەر بۆیە ڕوو دەکەنە ڕێبازی (هونەر بۆ هونەر) چونکە ناکۆکی و ناتەباییەکی دژواری لە چارە نەهاتوو دەکەوێتە نێوان ئەوان و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکەیانەوە.

بەڵام ئەمە هەموو بابەتەکە نییە، بۆ نموونە (پیاوانی ساڵانی ١٨٦٠)ی لەمەڕ خۆمان کە باوەڕی تەواویان بەنزیك بوونەوەی سەرکەوتنی مەنتیق و ئەقڵ هەبوو، هەروەها داڤید و جەماعەتەکەی کە هەمان باوەڕیان هەبوو، ئەوەمان لا دەسەلمێنێ کە هونەری ئامانجدار، واتە ڕووکردنە کاری هونەری بەو ئیعتبارەی دادوەرییە دەربارەی دیاردەکانی ژیان) وهەروەها ئارەزووی ئەوەی کە ئەم هونەر هەمیشە لە خەباتی کۆمەڵایەتی دا بەشداری بکا، لە شوێنێك دا دێتە دی و ڕەگوریشە دا دەکوتێ کە پێوەندی و ئارەزوویەکی دوولایەنە لە نێوان بەشێکی زۆری کۆمەڵگە و هونەرمەندان و سەوداسەرانی داهێنانی هونەری پەیدا ببێ.

ئەم نموونەیەی خوارەوە دروستی و ڕاستی ئەو بۆچوونەمان بۆ دەسەلمێنێ. وەختێ تۆفانی گیانپەروەری شۆڕشی شوباتی ١٨٤٨ هەستا، گەلێ لە هونەرمەندانی فەرەنسا دەست بەرداری ڕێبازی هونەر بۆ هونەر بوون و وازیان لێ هێنا. تەنانەت بودلیریش کە گوتیە پاشتر ئەویوەکو هونەرمەندێك کە باوەڕی بتەوی بەسەر بەخۆیی ڕەهای هونەر هەبووە، ناساند، یەکسەر دەستی بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەکی شۆڕشگێڕانە بە ناوی Lesalutpublic کردبوو، هەڵبەتە ئەم ڕۆژنامەیە زوو داخرا. بەهەر حاڵ بودلێر لە ساڵی ١٨٥٢ دا پیشەکیەکی بۆ گۆرانییەکانی پییردوپونت نووسی و لەوێدا ڕێبازی هونەر بۆ هونەر بە کارێکی (منداڵانە) لە قەڵەم دەدا و دەڵێ پێویستە هونەر ئامانجێکی کۆمەڵایەتی هەبێ. پاش سەرکەوتنی ئەنتی شۆڕشەکان، بۆدلێر و ئەو هونەرمەندانەی پەیڕەوی ئەویان دەکرد، بایان دایەوە سەر تیۆری (منداڵانە)ی هونەر بۆ هونەر.

یەکێك لە هەوادارە دیارەکانی ئایندەی قوتابخانەی پارناسی ئەو رۆژگارە، واتە (لوکونت دولیل) لە پێشەکی (شیعرە کەونارا)کانی خۆیدا کە لە ساڵی ١٨٥٢ دا بڵاوبووەوە، بە جۆرێکی روون و ئاشکرا ئەم بادانەوەیەی لە روانگەی سایکولوژییەوە خستۆتوە روو.

(شیعری کە لە قالبی هونەردا گیرساوەتەوە) چیدی کاری قارەماننە ناهوروژێنێ، شیعر چیدی نابێ بە ئیلهام بەخشی خەسڵەتە کۆمەلایەتییەکان، چونکە ئەو زمانە پیرۆزەی کە ئێستاکێ وکو هەموو قۆناغەکانی هەرەسی ئەدەبی، لە چوارچێوەی دەربڕینی هەستە بێ تامە شەخسییەکاندا قەتیس ماوە.. چیدی توانای ئینسان فێر کردنی نییە)

لوکونت دولیل روو دەکاتە شاعیرەکان و دەڵێ:

(ئەی شاعیران! ئیدی چیتان پێیە بیڵێن، دەتانەوێ چ شتێ فێری خەڵکی بکەن؟ ئەی مامۆستایانی تیرەی بەشەر! ئەوەتا بە چاوی خۆ دەبینن کە پەیڕەوانتان بە شێوەیەکی غەریزەی لە ئێوە زیاتر دەزانن.)

بە باوەڕێ ئەم پارناسی ئایندەیە، رۆڵی شیعر لە حاڵی حازردا (بریتیە لەوەی ژیانێکی خەیاڵی بەوانە ببەخشێ کە لە ژیانی واقیعی مەحرومن.)

ئەگەر لە روانگە سایکۆلوژیەکەوە بڕوانینە ئەم قسە قوڵانە، هەموو ئەو هۆیانەمان بۆ روون دەبێتەوە کە دەبنە مایەی پەنابردنە بەر تیۆری (هونەر بۆ هونەر) هەڵبەتە زۆر جاری دی دەگەڕێینەوە سەر ئەم پێشەکییە جوانەی لوکونت دولیل.

لە کۆتایی ئەم لایەنەی مەسەلەکەدا پێویستە ئەوە بڵێم کە هەر جۆرە دەسەڵاتێکی سیاسی بگری، لە سنووری بایەخدانی خۆیدا بە هونەر، هەمیشە

بەلای هونەری ئامانجدار دای دەشکێ. هۆی ئەمەش روون و ئاشکرایە، چونکە قازانجی ئەو دەسەڵاتە لەوەدایە کە سەر لەبەری ئایدولۆژیاکنی بخاتە خزمەتی ئامانجی خۆیەوە، چونکە دەسەڵاتی سیاسی هەر چەندە لەوەیە هەندێ جار شۆڕشگێڕانە بێ، بەڵام لە زۆربەی هەڵوێستەکاندا موحافەزەکارانەیە و تەنانەت کۆنەپەرستانەشە. بۆیە دەبینین زۆر هەڵەیە گەر دیدو بۆچونی ئامانجداری هونەر تەنیا بە دیدوبۆچونی ئەو شۆڕشگێڕانە یا بە هی ئەو کەسانە بزانین کە هەڵگری بیری پێشڕەوانەن.

مێژووی ئەدەبیای رووسیا بە ئاشکرا ئەوە نیشان دەدا کە (پارێزەرانی تاجداری ئێمە بەهیچ جۆرێ دژی ئەم بۆچوونە نەبوون. لێرەدا چەند نموونەیەك دێنمەوە لە ساڵی ١٨١٤ دا سێ بەرگی یەکەمی رۆمانەکەی ف.ف نارچنی کە ناوی (جیل بلاس) یا (بەسەرهاتەکانی شازادە گابریل سیمونوڤیچ چیستیا کوف بووو بڵاو بۆوە، ئەم رۆمانە بە فەرمانی راوزفسکی وەزیری پەروەردەی گشتی قەدەغەکرا و هەر بەو بۆنەیەوە رای خۆی لەمەڕ پێوەندییەکانی ئەدەبیات و ژیان بەمجۆرە خستە روو:

(زۆر جار وا رێدەکەوێ کە رۆماننوسان، لە کاتێکا هەوڵ دەدەن دژایەتی کەچییەکان بکەن، کەچی هێندە بەتان و پۆی دا دەچنە خوارێ و کارێکی وا دەکەن لاوان لەبری ئەوەی قێز لە کەچییەکان بکەنەوە، هاوسۆزی لەگەڵ دەکەن، بایەخی ئەدەبی رۆمانێك هەرچیەك بێ، نابێ بڵاوبکرێتەوە مەگەر تەنیا لە حاڵێك دا کە ئامانجێکی ئەخلاقی هەبێ.

بەم پێیە دەبینین کە رازمفسکیش باوەڕی وابوو کە هونەر ناتوانێ بێ ئامانج بێ، ئەو دەستە خزمەتکارانەی نیکولای یەکەمیش کە پلەوپایەی پێ

بەخشراویان ناچاری دەکردن هەڵوێستێکیان لەمەڕ هونەر هەبێ، بە هەمان شێوە بیریان دەکردەوە.

ئەستروفسکیش وەختێ لە مارسی ١٨٥٠ دا شانۆنامەیەکی کۆمیدی بەناوی (هەمیشە دەکرێ لەگەڵ دۆستاندا رێك بکەوی) بڵاو کردەوە، چەند ئەدەب دۆستێکی شارەزا لە ئەدەبیات و تیجارەت، زۆر ترسان کە ئەم کۆمیدیانە زیان بە تیجارەتکاران بگەیەنێ، ئەوە بوو وەزیری پەروەردەی گشتی (شازادە شیرینسکی سییخماتوف) دەستووری بە بەرپرسیاری پەروەردەی موسکۆدا کە ئەو نووسەرە تازە کارە گاز بکا و پێی بڵێ کە:

(هونەر نابێ تەنیا ئامانجی ئەوە بێ کە شتە دزێو و کەچەکان بە شێوەیەکی زیندووانە پیشان بدا. بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ خۆی لەو کارە دوور بخاتەوە و تا دەتوانێ هەستی بەرزی ئەخلاقی بڵاو بکاتەوە، بۆیە نووسەر دەبێ خەسڵەتە ئەخلاقییەکان بەرانبەر بە کەچییەکان رابگرێ، بیروکرداری بەرز رووبەرووی تەوس و توانج دابنێ، تا بەرزی بە رۆح ببەخشێ، بە کورتی نووسەر دەبێ تەئکید لەسەر بیروباوەڕێ بکا کە سوودی بۆ ژیانی گشتی و تایبەتی هەیە. تەئکید لەسەر ئەوە بکا کە کاری خراپ لەم دنیاش سزای خۆی هەیە و دەبێ تاوانکار بە سزای خۆی بگا)

نیکولای ئیمپراتۆر بەخۆیشی لە روانگە ئەخلاقییەکەوە دەیڕوانییە هونەر، وەك دەزانین هاوباوەڕی بنکندوروف بوو پێی باش بوو پۆشکین بەلای رژێم دا رابکێشرێ، نیکولا زۆر ستایشی شانۆنامەی (هەرکەس و جێی خۆی)ی ئەسترۆفسکی دەکرد. ئیمپراتۆر نیکولای دەربارەی ئەم شانۆنامەیە دەیگوت (ئەمە هەر نمایشنامە نیە، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا دەرسێکە بۆ خۆی.)

جا بۆ ئەوەی لە گێژاوی نموونە هێنانەوەدا غەرق نەبین، تەنیا ئەم دوو راستیەی خوارەوە دەخەمە رووە و واز دێنم: (تەلەگرافی موسکۆ)ی ن. پولیڤی، بووە مایەی تورە بوونی حکومەتی نیکولای، چونکە بە خەراپی باسی نمایشنامەی (دەستی خوا وڵاتی رزگار کرد)ی کوکلینکی بوو، نەیان هێشت بڵاوبێتەوە، بەڵام وەختێ ن. پولیڤیش دەستی دایە نووسینی نمایشنامەی (نیشتمانپەروەرانە)ی وەك (بەرپرسی هێزی دەریایی روسیا) و (ئیگولکینی بازرگان) وەکو برا بوکی نووسەری ئیمپراتۆر گێڕاوێتەوە، ئەم شانۆ نامانە کردیانە کارێ کە ئیمپراتۆر بەهرەی ئەم نووسەرەی تەواو چووە دڵەوە وگوتی: (ئەم نووسەرە بەهرەیەکی بێ هاوتای هەیە، پێویستە هەر بنووسێت و بنووسێت، ئەمە کارێکە دەبێ بێکار ئەو جا بزەیەکی بۆ کرد و لەسەری رۆیی، بەڵام نابێ هەقی بەسەر گۆڤار بڵاوکردنەوەوە هەبێ!)

وا نەزانن کە سەرانی رووسیا لە خەڵکانی دی بەدەر بووبن، نەخێر، چونکە لویسی چواردە کە یەکێك بوو لە نموونە دیارەکانی زوڵم و زۆرداری ئەویش باوەڕی تەواوی بەوە بوو کە هونەر نابێ بۆ هونەر بێ، بەڵکو دەبێ لە خزمەتی پەروەردەکردنی ئەخلاقی مرۆڤدا بێ، زۆربەی هونەر و ئەدەبیاتی سەردەمی لویسی چواردە، زۆر بە قوڵی ئاوێتەی ئەو بۆچوونە بوونە. هەروەها ناپلیۆنی یەکەمیش تیۆری (هونەر بۆ هونەر)ی بە یەکێك لە داهێنانە خراپەکانی ئایدولۆژیا ڤێزەوەرو ناپەسەندەکان دەزانی. ئەویش دەیویست ئەدەبیات و هونەر لە خزمەتی ئەخلاقی باوی سەردەمەدا بێ و تا رادەیەکیش ئەو مەبەستەی هاتە دی، چونکە زۆربەی تابلۆی هۆڵەکانی ئەو سەروبەندە گوزارشتیان لەسەرکەوتنە سوپاییەکانی ئەو دەکرد.

ناپلیۆنی سێیەمیش لەم بوارەدا هەمان ڕێگای ئەوی گرتەبەر، بەڵام سەرکەوتنێکی یەکجار کەمتر لەوی بەدەست هێنا. ئەویش دەیویست ئەدەبیات و هونەر بخاتە خزمەتی ئەو شتەوە کە خۆی ناوی نابوو ئەخلاق.

لە مانگی ١٨٥٢/١٠ دا دولاپرادی مامۆستای بەنێوبانگی لیون، ئەم هەوڵ و کۆششەی پوناپارتیانەی لە پێناوی هونەری ئامانجدار لە سەتیرێك دا بەناوی (خودایانی هونەری دەوڵەت) ریسوا کرد. مامۆستای نێوبراو لە نووسینەکەیدا هەواڵی ئەوەی ڕاگەیاند بوو کە لە ئایندەیەکی نزیك دا خودایانی هونەری دەوڵەت، ئەقڵی مرۆڤ ناچار دەکەن پەیڕەوی زەبت و ڕەبتێکی سوپایی بکا و بەمجۆرە ئارامی و ڕێك و پێکی بەرقەرار دەبێ و هیچ نووسەرێك زات ناکا بچووکتری ناڕەزایی دەربڕێ.

دەبێ چ باران بێ، چ هەتاو شوکرانە بژێر بی
دنیا گەرم بێ یا سارد، دەبێ ڕەنگتان سوور بێ
من لە ڕەنگ ورووی سیسەڵە و چرچەڵە، بێزارم
هەرکەسێ پێ نەکەنێ، دەبێ داری تێ بېڕدرێ.

هەڵبەتە ئەم سەتیرە پڕ مەعنایە بووە مایەی ئەوە کە دولابراد پلەی مامۆستایەتییەکەی لە دەست بدا، چونکە حکومەتی ناپلیۆنی سێیەم ڕێی بەکەس نەدەدا گاڵتە بە (خودایانی هونەری دەوڵەت) بکا.

پەراوێزەکان

١- ئەم بۆچوونە، دووبارە کردنەوە و گەشە پێدانی هەمان بۆچوونە کە بلینسکی لە دوا ساڵەکانی ژیانی دا داکۆکی لێدەکرد، بلینسکی لە وتارێکیا بە ناوی (چاوخشاندنێك بە ئەدەبیاتی روسیای ساڵی ١٨٤٧) دا دەڵێ: باڵاترین و پیرۆزترین بەرژەوەندی کۆمەڵگە، بریتیە لە خۆشگوزەرانی یەکسان بۆ هەموو کەسێك. تەنیا هوشیارییە کە بەو ئاواتەمان دەگەیەنێ، هونەریش وەکو زانست دەتوانێ بەشداری لە گەشە پێدانی ئەم هوشیارییەدا بکا، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە زانست و هونەر. هەر دووکیان پێویستن، نە زانست دەتوانێ جێی هونەر بگرێتەو و نە هونەر دکارێ جێگری زانست بێ) بەڵام تەنیا لە ڕێگای (دادوەری لەمەڕ دیاردەکانی ژیانەوەیە) کە هونەر دەتوانێ ئاستی هوشیاری مرۆڤ بەرز بکاتەوە. بەمجۆرە ئەو بۆچوونەی چرنشفسکی پەروەردەی دەکا، لەگەڵ دوا دادوەری بلینسکی دا کە دەربارەی ئەدەبیاتی روسیای کردووە، یەك دەگرێتەوە.

٢- ئەو نامەیەی کرامسکوی لە ١٨٨٤/٤/٣٠ دا بۆ و.و. استاسفی ناردووە ئەوە نیشان دەدا کە نووسەر تا چ رادەیەك لە ژێر سێبەر بیروبۆچوونی بلینسکی، گوگول، مدوتف، ئیڤانوڤ، چرنشفسکی، دابرولیوبوف و پروف دا بووە.

٣- ئالفرید دوموسیە ئەم نەگونجان و نەسازانە بەمجۆرە وەسف دەکا: لەوەی بە دواوە دوو ئۆردوگا پەیدا بوو. لە لایەکەوە گیانە هاواری لێ هەستاوو و ڕەنجاوەکان و هەموو فراوان خوازە کۆتایی نەناسەکان، چاو بەگریان سەریان دانەواند، ئەمانە خۆیان لە نێو خەونی نەخۆشی ئامێزەوە حەشار داو لەوە بەدواوە لە کەناری ئەم ئۆقیانوسی مەرارەت و تاڵییە دا جگە لەچەند نەبجەیەکی مل بەلارەوە ناو، چ شتێکی دی بەرچاو نەدەکەوت. لەلایەکی دییەوە خەڵکانێ کە ئەهلی ژیانی مادی بوون، لە نێو لەزەتی خۆدا قیت بە پێوە وێستان و جگە لە ژماردنی پارەکانیان چ خەمێکی دیکەیان نەبوو، تەنیا هۆڕژنی گریان و قاقای پێکەنین بوو، یەکەمیان لە روحەوە دەهات و دووەمیان لە شەوە. (بڕوانە: دان پێدانانی یەکێك لە رۆڵەکانی ئەم سەدەیە.)

بەشی دووەم

با (ئەنجومەنە) حکومەتییەکان بخەینە لاوە.

لە نێو نووسەرانی ئیمپراتۆریەتی دووەم دا کەسانێك بەرچاو دەکەون، بە پێی هەندێ دید و سەرنجی تایبەتی کە بەهیچ جۆرێ پێشکەوتوخواز نەبوو، تیۆری هونەر بۆ هونەریان رەفز دەکرد، بۆ وێنە ئەلکساندر دومای بچوك زۆر بنجبڕانە دەڵێ کە زاراوەی (هونەر بۆ هونەر) جگە لە (ریزکردنی سێ وشەی بێ مەعنا) زیاتر چیدی نییە. ئەم پیاوە لە کۆمەڵە نمایشنامەی (کوڕی زۆڵ و بابی دەستبلاو) دا هەندێ ئامانجی کۆمەلایەتی رەچاو کردوە. بە ئەرکی خۆی دەزانی لە بەرهەمەکانیدا داکۆکی لە (کۆمەلگای کۆن) بکا، ئەو کۆمەلگەیەی خۆی گوتەنی لە هەموو لایەکەوە هەر لە حاڵی هەرەس و روخاندا بوو.

لامارتین لە ساڵی ١٨٥٧ دا وەختێ کە باسی بەرهەمەکانی ئالفرد دوموسیەی – کە تازە مردبوو– دەکرد. زۆر بەتوندی رەخنەی لەم شاعیرە گرت، هەموو رەخنەکەشی ئەوە بوو کە ئەم شاعیرە چ جۆرە باوەڕێکی مەزەبی، کۆمەلایەتی، سیاسی یا نیشتمان پەروەری نەبوو، هەروەها لۆحەی شاعیرەکانی سەردەمی خۆیان دەکرد کە (خۆیان بە وەزن و قافییەوە بەستۆتەوە و مەعنایان فەرامۆش کردووە.)

دوا جار پێویستە ئاورێك لە (ماکسیم دوکامپ) ش کە نووسەرێکی کەم بایەخترە، بدەینەوە. ئەمیش رەخنە لەوانە دەگرێ کە هەلۆەدای شێو و

فۆرمی روتن، لەم باریەوە دەڵێ:

شێوە جوانە، بەلام وەختێ جوانە کە فیکرێکی گرتبێتە خۆ! ئەوێڵی جوان کە مێشکی لە پشتەوە نەبێ بە چ دەچێ؟

لە هێرشێکی دا بۆ سەر رێبەری قوتابخانەی نیگارکێشی رومانتیك دەڵێ: (جەنابی دولاکرواش وەکو هەندێ لەو نووسەرانەی کە مۆدی هونەری بۆ هونەریان داهێناوە، مۆدی رەنگ لە پێناوی رەنگ دای داهێناوە. مرۆڤ و مێژوو، لە روانگەی ئەوەوە جگە لە نیگارێکی پێکهاتوو لە رەنگی تێروکاڵی دەستکرد، چ شتێکی دی نەبووە.

بەرای ئەم نووسەرە (سەردەمی قوتابخانەی هونەر بۆ هونەر هەمیشە بەسەر چووە.) لامارتین و ماکسیم دوکامپش وەکو ئەلسکاندەر دومای بچوك، خاوەنی چ رێبازێکی شۆرشگێڕانە نەبوون، ئەمانە هەرچەندە تیۆری هونەر بۆ هونەریان رەفز دەکرد، بەلام هەرگیز نەیاندەویست سیستەمێکی کۆمەلایەتی نوێ لە جێی سیستەمی بورژوایی رۆبنەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەیانویست ئەو کۆمەڵگە بورژواییەی کە بزووتنەوەی ئازادی خوازی پرولیتاری هێنا بۆیە لەرزە، مەحکەمتر بکەن، جیاوازی ئەمانە لە گەڵ رۆمانسییەکان و بەتایبەتی لەگەڵ پارناسییەکان و یەکەم دەستەی هونەرمەندە ریالستەکاندا لەوە دایە کە ئەمان زۆر ئاسانتر خۆیان لە گەڵ ژیانی بورژوایی دا دەگونجاند. بە گوتەیەکی دی ئەمان موحافەزەکاری گەش بین بوون و ئەوان موحافەزەکاری رەش بین بوون.

بەمجۆرە دەردەکەوێ کە رێبازی هونەری ئامانجدار، هەم بۆ موحافەزەکاران دەست دەدا و هەم بۆ شۆڕشگێڕان. بەلام لە گەڵ ئەوەشدا مەرجی یەکەم و

هەرە پێویستی ئەم ڕێبازە ئەوەیە کە بۆچوونێکی زیندوو و گەشی لەمەڕ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی یا بیرێکی کۆمەڵایەتی دا هەبێ، هەر کاتێك و لەبەر هەر هۆیەك ئەو دیدوبۆچوونە لە بەین چوو، ئەم ڕێبازەش خۆ بەخۆ لە بەین دەچێ.

جا با هەنگاوێکی دی بنەین و بزانین ئەم دوو ڕێبازە ناکۆکە کامیان بۆ گەشە کردن و پەرەسەندنی هونەر لەبارترن. ئەم مەسەلەیەش وەکو مەسەلەکانی دیکەی ژیان و بیرو بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی، وەڵامی بنجبڕی نییە. چونکە هەموو شتێك بەندە بە هەلومەرجەکانی کات و شوێنەوە.

با نیکولای یەکەم و نۆکەرەکانی وەبیر خۆ بێنینەوە، ئەوانە دەیانویست پۆشکین، ئاستروفسکی و نووسەرە هاوچەرخەکانی تریان بخەنە خزمەتی ئەخلاقەوە، هەڵبەتە ئەو ئەخلاقەی کە پولیس دەیانویست، گریمان بەم مەبەستەیان دەگەیشتن، هەنگینێ چ دەهاتە پێشێ یا چی ڕووی دەدا؟ وەڵامەکەی زۆر ئاسانە: ئەو کاتە ئەو هونەرمەندانەی دەچوونە ژێر بار دەبوون بە کۆیلەی خواوەندانی هونەر، واتە جڵەوی هونەر دەکەوتە دەستی خواوەندانی دەوڵەتیانەی هونەر. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو هونەرمەندە تەسلیم بووانە خۆیان سووك دەکرد و لە حەقیقەت و توانا و خۆشەویستی خۆیان کەم دەکردەوە.

(بۆ خەتاکارانی روسیا)ی پۆشکین بەهیچ جۆرێ بە باشترین بەرهەمی ئەو ناژمێردرێ، شانۆنامەی (هەرکەسە و جێی خۆی) ئەسترۆفسکیش کە لە کۆڕی دەسەڵاتداران بە (دەرسێکی بەسود) دەژمێردرا بەرهەمێکی سەرکەوتوو نییە، چونکە ئاستروفسکی لەو بەرهەمەیدا تەنیا چەند

هەنگاوێکی بەرەو بیرومەبەستی بنکندروفییەکان و شیخماتوفییەکان و پەیڕەوانی تری ئەم جۆرە هونەرە ئامانجدارە ناوە.

با دیسان وای دابنەین کە تیوفیل گوتیە، تیودور دوبانوڤیل، کوکونت دولیل، بودلێر، برایانی گنگور، فلوبیر و بە کورتی سەرجەم ڕۆمانسییەکان، پارناسییەکان و دەستەی یەکەمی هونەرمەندانی ریالستی فەرەنسا، لەگەڵ ژینگەی بورژوای دەوروبەری خۆدا دەسازان و بەهرەی خۆیان دەخستە خزمەتی کەسانێکەوە کە دوبانوڤیل گوتەنی (کە جگە لە پارە کۆکردنەوە چ شتێکی دیکەیان لێ نەدەوەشایەوە) ئەنجام چۆن دەکەوتەوە؟

وەڵامەکەی ئاسانە، ڕۆمانسی، پارناسی و دەستەی یەکەمی هونەرمەندانی ریالستی فەرەنسا تەواو دەهاتە خوارێ وسووك دەبوون، بەرهەمەکانیان کاریگەرییەکی کەمی دەبوو، هەموو حەقیقەت و جوانییەکەی خۆی لە دەست دەدا.

(مادام بۆڤاری) فلوبیر بایەخی هونەری پترە یا (زاوای جەنابی پوئاریە)ی ئوگیر، ئێمە ئەمەمان مەبەست نییەو لێرەدا هەقمان بەسەر بەراورد کردنی بەهرەمەندی ئەو دووەوە نیە. بێ پێزی و شپرزەیی دراماتیکی ئوگیر کە لە ڕاستیا لوتکەی خۆ سازاندنە لەگەڵ ئەتەکێت و خووخدەی بورژوایی دا توانای داهێنەرانەی جیاوازە لەتوانای داهێنەرانەی فلوبیر و برایانی گنکور و باقی دەستەی یەکەمی ریالستاندا کە بە توندی بەگژ ئەم ئەتەکێت وخوو خدەی بورژواییە دا دەچوون.

لەم قسانەوە دەگەینە چ ئەنجامگیرییەك؟

دەگەینە ئەم ئەنجامەی کە بایەخی هونەری هەر کارێکی هونەری لە دوا شیکردنەوەدا ناوەرۆکەکەی دیاری دەکات، ئەمە رێك ئەو مەبەستەیە کە رۆمانسییەکان– بەتایبەتی گوتیە– نەیاندەویست دانی پێدا بنەن، گوتیە دەیگوت کە شیعر نەك هیچ شتێك ناسەلمێنێ، بەڵکو هیچیش ناگێڕێتەوە، جوانی هەر دێڕە شیعرێك بەندە بە ئاهەنگ و ریتمی دێڕە شیعرەکەوە، دیارە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە و رێك پێچەوانەکەی راست و دروستە. شیعر و بە شێوەیەکی گشتی هەموو کارێکی هونەری– هەمیشە شتێك دەگێڕێتەوە، چونکە هەمیشە شتێك بەیان دەکا، هەڵبەتە جۆری (گێڕانەوەکەی) شیعر، تایەتە بە خودی شیعرەکەوە.

هونەرمەند بیرێك، دیدوبۆچوونی خۆی لە رێگەی بەڵگەی مەنتیقییەوە دەسەلمێنێ، گەر نووسەرێك لە جیاتی وێنەگرتن، پەنا بەرێتە بەر بەڵگەی مەنتیقی با ئەو وێنانە دەیانگرێ بۆ ئەو مەبەستە بێ کە ئەم یا ئەو بابەتی پێ بسەلمێنێ، ئەوا ئەو نووسەرە لە خانەی هونەرمەند دەردەچێ و دەبێ بە جاڕدەر، (مبلغ) ئیدی با نووسین و گوتارەکانی لێکۆڵینەوەش نەبن، بەڵکو رۆمان و کورتە چیرۆك و شانۆنامە بن.

دیارە ئەم روونکردنەوانە بە هیچ جۆرێ بەو مەعنایە نییە کە فیکر لەکاری هونەریدا بایەخی نییە، من لەوەش پتر دەست دادەگرم و دەڵێم چ کارێکی هونەری نییە کە بە تەواوی لە نیوەرۆکی ئیدۆلۆژی بەدەر بێ، تەنانەت ئەو نووسەرانەش کە تەنیا شێوەو فۆرمیان بەلاوە بایەخدارە و هێندە گوێ بە نیوەرۆك نادەن، بیانەوێ و نەیانەوێ بە شێوەیەك لە شێوەکان بیرێك لە بەرهەمەکانیاندا دەردەبڕن. تیوفیل گوتیە کە گوێی بە نیوەرۆکی ئیدولۆژی

شیعرەکانی نەدەدا، وەکو دیتمان دەیگوت: ئامادەیە لە پێناوی سەیرکردنی تابلۆیەکی رەسەنی روڤایل دا یا لە پێناوی تەماشاکردنی ژنێکی جوانی رووتدا بە کەماڵی ئارەزوو دەست بەرداری سەرلەبەری مافە مەدەنی و میلییەانی خۆی ببێ.

ئەم دوو شتە بە تەواوی پێکەوە بەستراون. پابەندی ئەو بە شێوەوە، ئەنجامی ئەوەیە کە بەتەواوی مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی پشت گوێ خستبوو، وەکو پێشتر گوتم ئەو نووسەرانەی کە شێوە لە هەموو شتێکی دی بە بالاتر دەزانن هەمیشە لە بەرهەمەکانیاندا ئەو ناتەباییە لە چارە نەهاتووەی نێوان خۆیان و نێوەندە کۆمەڵایەتیەکان دەخەنە روو، ئەو فیکرە هاوبەشەی لە نێوان ئەواندا هەیە و هەر کەسەیان بە شێوەی تایبەتی خۆی دەری دەبڕی، لێرەوە سەر هەڵدەدا.

بەڵا دەربارەی ئەوەی کە هیچ بەرهەمێکی هونەری نییە کە بەتەواوی لە نیوەرۆکی ئیدولۆژی بەدەربێ، دەبێ ئەوەش بزانین کە هەموو فیکرێکیش قابیلی ئەوە نییە لە کارێکی هونەریدا دەبردرێ. روسکین ئەم بابەتەی زۆر جوان روونکردۆتەوە، رۆسکین دەڵێ کیژۆڵەیەك هەمیشە دەتوانێ ئەشقی لە دەس چووی خۆی بە گۆرانی بڵێ، بەڵا بابایەکی پیسکەی پولەکی ناتوانی گۆرانی بۆ لە دەست چوونی پارەکانی بڵێ. ئەم بۆچونەی ئەو یەکجار بە جێیە چونکە بایەخی هونەری هەر کارێکی هونەری، لەوەدایە کە ئەو هەستەی تێیدا دەردەبردرێ، بەرجەستەی دەکا.

ئەو دەڵێ دەربارەی هەر هەستێ کە زۆر کاری تێکردوی لە خۆ بپرسیت ئایا شاعیر دەتوانێ ئەو هەستە بەرجەستە بکا، ئایا ئەم هەستە دەشێت بۆ

شاعیرێك ببێ بە سەرچاوەی ئیلهام؟ گەر وەڵام ئەرێ بوو، ئەوا هەستەكە هەستێكی بەرزە، خۆ گەر وەڵام نەرێ بوو، ئەوا هەستەكە، هەستێكی نزمە. لە راستیا وایە، هونەر یەكێكە لە هۆیە مەعنەوییەكانی نزیك بوونەوەی مرۆڤ لە یەكدی، تا هەستە دەربڕاوەكانی كارێكی هونەری بەرزتر دەبێ، پتر رێ بۆ پێوەندییە مەعنەوییەكانی مرۆڤ خۆش دەكا.

بۆچی كابرای پیسكەی پولەكی ناتوانێ گۆرانی بە پارە لە دەست چووەكانیدا بڵێ؟ وەڵامەكەی ئاسانە، چونكە ئەگەر ئەمە بكا گۆرانییەكەی كار لە چ كەسێك ناكا، واتە ئەم گۆرانییە ناتوانێ هەستێكی مەعنەوی هاوبەش لە نێوان ئەو و ئەو كەسانی دیدا بوروژێنێ.

لەوەیە هەندێ شیعری جەنگیم بۆ بخوێننەوەو بڵێن چی جەنگ هۆیەكە لە هۆیەكانی نزیك خستنەوەی مرۆڤ لێكدی؟ لە وەڵامدا دەڵێم ئەو شیعرە جەنگیانەی كە لەلایەكەوە نەفرەت لە دژمن دەكا و لەلایەكی دییەوە ستایشی سەربازانی فیداكاری رێگای وڵات پارێزی دەكا، لەو سنوورەدا كە ئەم شیعرە رەنگدانەوەی ئەم جۆرە هەستەیە هەواداری خۆی هەیە و بە فاكتەرێكی پێوەندی نێوان مرۆڤ دەژمێردرێ.

ی.س. تورگنییف كە چاوی بەرای نەدەدا لایەنگرانی توندرەوی هونەری ئامانجدار ببینێ، رۆژێ گوتی كە (ڤینوس میلو لە دەستوورەكانی ١٧٨٩ كەمتر شایستەی رەفزە.) تورگینیف راست دەكا. بەڵام مەعنای حەقیقەتە چییە؟ بەهیچ جۆرێ ئەو مەعنایە نییە كە تورگینف دەیویست پێی ببەخشێ. لە گۆشەو كەناری دنیادا گەلێ كەس هەن كە نەك تەنیا لە دەستوورەكانی ١٧٨٩ دەسڵەمنەوە و رەفزی دەكەن، بەڵكو هیچی دەربارە نازانن. ئەگەر لە

كابرایەكی (هوتنتو) لە تیرەیەكە لە باشووری رۆژئاوای ئەفریقا و نیشتەجێی سەروی روباری ئارانژن) بە مەرجێ لە ئەوروپا نەی خوێند بێ، بپرسی رای دەربارەی ئەم دەستورە چیە، دەبینی تەنانەت ناویشی نەژنەوتوە، نەك هەر دەستووری ١٧٨٩ نازانێ بەڵكو كەم و زۆر ئاگای لە ڤنوس میلوش نیە، گەر ببینێ گومانی لێدەكات و رەفزی دەكا، چونكە بیرو بۆچونی تایبەتی خۆی لەمەڕ جوانی هەیە و بیری ئەو لە زۆربەی بەرهەمەكانی ڤنوس هوتنتودا رەنگی داوەتەوە. ڤنوس میلو تەنیا بۆ بەشێك لەسپی نەژادان جوان و لەبەر دڵانە، دیارە بۆ ئەم بەشە سپی نەژادە، ڤنوس میلو زۆر لە دەستووری ١٧٨٩ واقیعی ترە، بۆ؟ چونكە دەستووری ١٧٨٩ تایبەتە بە یەك قۆناغی گەشەكردنی نەژادسپیانەوە.

بەندە بەو قۆناغەوە كە بورژوازی لەپاڵ بەگژاچوونی فیودالزم دا سەرقاڵی پتەوكردن و مەحكەم كردنی سیستەمی كۆمەڵایەتی خۆی بوو، بەڵام ڤینوسی میلو بەرجەستەكردنی لوتكەی جوان خوازییەكی ژنانەیە كە بەندە بە چەندین قۆناغی ئەم گەشە كردنەوە، بە چەندین قۆناغەوە نەك بە هەموو قۆناغەكانەوە. مەسیحییەكانیش بیروبۆچوونی تایبەتیان دەربارەی جوانی ژنانە هەبوو كە بە ئاشكرا لە وێنە مەزەبیەكانی سەردەمی بیزانسی دا دەبینرێ. ئێمە دەزانین كە لایەنگرانی ئەم وێنە پیرۆزانە، سڵیان لە جوانی ڤینوسی میلو و هەموو ڤینوسەكانی دی دەكردەو و رەفزیان دەكردن و بە (شەیتانانە) یان لە قەڵەم دەدا و هەر دەرفەتیان بۆ هەڵكەوتبا لە نێویان دەبردن. زەمان رۆیی و رۆژگار هات و (شەیتانەكانی) جاران باویان هاتەوە و بوون بە مایەی بایەخی پیاوانی سپی نەژاد. ئەم گۆڕانكارییە دوا بەدوای بزووتنەوەی رزگاری شارەكانی ئەوروپای رۆژئاوا سەری هەڵدا، هەمان

بزووتنەوەی کە بە شێوەیەکی پرشنگدار لە دەستوورەکانی ١٧٨٩ دا خۆی نواند. بۆیە دەتوانین بە پێچەوانەی تورگنیفەوە بڵێین تا دەستوورەکانی ١٧٨٩ پتر لە نێو خەڵکی ئەورووپادا بنجی دا دەکوتا، دەبوایە ڤینوسی میلو کەمتر رەفز بکرێ. ئەمە ناکۆکی نیە، بەڵکو حەقیقەتێکی سادەی مێژووییە. مێژووی هونەر لە سەردەمی رینسانس دا، لە روانگەی چەمکی ئەستاتیکاوە– کەوتە ژێر کاریگەری ئەم حەقیقەتەوە کە کەماڵ خوازی غەیبیانی وردە وردە پاشەکشەی کرد و جێی بۆ کەماڵ خوازی زەمینی چۆل کرد. دیارە پەیدابوون و سەرهەڵدانی ئەم چەمکە، راستەوخۆ پەیوەستە بە بزووتنەوەی شارانەوە و بیرەوەری (شەیتانانە)ی سەردەمی کۆنیش یارمەتی وەدی هاتنی دا.

بلینسکیش لە ئاخروئۆخری چالاکییە ئەدەبییەکانی خۆیدا بەتەواوی پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە هونەری (ناوازە) و لە هەموو مەرجێ بە دەریا– فەیلەسوفان گوتەنی– هونەری موتڵەق بوونی نییە و هەرگیزیش بوونی نەبووە، دان بەوەشدا دەنێ کە (هونەری نیگارکێشی قوتابخانەی ئیتاڵیای سەدەی شازدە تا رادەیەك لە بیری هونەری موتڵەق نزیکە) چونکە ئەم بەرهەمە هونەرییانە لەسەروبەندێکا هاتونەتە ئاراوە کە (هونەر، بابەت و مەسەلەی کۆمەڵگەی رۆشنبیر بووە) نموونەشی بۆ ئەم مەبەستە– پاکیزەکەی روفائیلە– (کە شاکاری هونەری نیگارکێشی سەدەی شازدەی ئیتاڵیایە).

بەڵام قوتابخانەکانی سەدەی شازدەی ئیتاڵیا نیشاندەری کۆتایی ململانێی دوورودرێژی نێوان موتڵەق خوازی زەمینی و موتڵەق خوازی مەسیحی– واتە غەیبیانی–یە، لەسەدەی شازەدا رۆشنبیرترین چینی پایەندی هونەری موتڵەق

نکۆڵی لەوە ناکا کە پاکیزەکانی روفائیل (نۆبەرەکانی رۆفائیل– ئەگەر بشێ. وەرگێڕ) شێوە درەبرێنێکی هونەرییە کە بە چاکترین شێوە زاڵ بوونی موتڵەق خوازی زەمینی بەسەر موتڵەق خوازی غەیبیانی دا دەربڕیوە و بەرجەستەی کردووە.

تەنانەت دەربارەی ئەو کۆمەڵە پاکیزەی روفائیل کە سەردەمانێك لە ژێر کارتێکردنی (لویروجین)ی مامۆستایدا کێشاونی و رواڵەتیان رەنگدانەوەی هەستێکی تەواو ئاینین هەمان قسە راست و دروستە، چونکە لە ژێر ئەم رواڵەتە ئایینەوە، شادییەکی زەمینی هێندە بەهێز نیشان دەدا کە هیچ جۆرە هاوبەشییەکی لەگەڵ پاکیزەکانی مامۆستایانی بیزانس دا نییە.

بەرهەمی مامۆستایانی سەدەی شازدەی ئیتالیاش وەکو بەرهەمی نیگارکێشانی پێش خۆیان، لە چیما بویەوە بیگرە تا دەگاتە دووچیودی بۆ ئونینسگنا، سەر بە رێبازی هونەری موتڵەق نەبوون.

لە راستیدا (هونەری موتڵەق) هەرگیز بوونی نەبووە، گەر تورگنیف، ڤینوسی میلوی بە نموونەی هونەری موتڵەق زانی بێ ئەوا لەبەر ئەوە بووە کە کە ئەویش وەکو هەموو ئایدیالستەکانی دی، رەوتی واقیعی گەشەکردنی ئەستاتیکای ئینسانی بە شێوەیەکی هەڵە ئامێز تەفسیر کردووە.

وەختێ موتڵەق خوازی لە ساتێکی دیاریکراودا لەکۆمەڵگە یا چینێکی دیاریکراودا رەواج پەیدا دەکا، ئەمە دیاردەیەکی بێ ریشە نیە، بەڵکو رەگوریشەیەکی دوولایەنەی هەیە، لە لایەکەوە بەندە بە مەرجە بایولۆجییەکانی گەشە کردنی بەشەرەوە کە تایبەتمەندێتی نەژادی بەگەڵ خۆی دەخا و لەلایەکی دییەوە بەنە بە مەرجەکانی پەیدابوون و ژیانی ئەم

کۆمەڵگە یا ئەو چینەوە. بۆیە ئەم موتڵەق خوازیە هەمیشە ناوەرۆکێکی ناموتڵەقی گرتۆتە خۆ، واتە لە هەلومەرج بەدەر نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەتەواوی بەهەلومەرجەوە بەندە.

لایەنگری (ئەستاتیکای موتڵەق) مەعنای دابڕان لە هەلومەرجە مێژویی کۆمەڵایەتییەکانی نیە، چونکە هەر ئەو هەلومەرجانە ئەم چێژە ئەستاتیکییە دیاری دەکەن. بەڵکو مەعنای بێ خەبەری و خۆ گێل کردنە لەو مەرجانە.

ئەم بۆچوونە سەبارەت بەرۆمانسیانی وەکو تیوفیل گوتیە دروستە، پێشتر ئەوەم روونکردەوە کە بایەخدانی تایبەتی ئەو بە شێوە و فۆرم دەگەڕێتەوە بۆ فەرامۆشکردن و پشت گوێ خستنی مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەم پشتگوێ خستنە لەلایەکەوە بەرهەمەکانی لە بێ پێزی وکورت بینی و پاشڕەوی رێبازی بورژوایی دەپاراست و بایەخی ئەدەبیانی زیاد دەکرد و لەلایەکی دییەوە ئاسۆی بیرکردنەوەی تەنگ دەکرد و دەبوو، کۆسپ لە رێگەی دەرك کردنی بیروبۆچوونی پێشڕەوانەی سەردەمی خۆی و بایەخی ئەدەبی بەرهەمەکانی دێنایە خوارێ.

وا چاکە دیسان بگەڕێینەوە سەر پێشەکی کتێبی (خانم دوموپن) کە لەو پێشەکییەدا هێرشی توندو نیمچە مندالانە کراوەتە سەر لایەنگرانی دلگەرمی هونەری ئامانجدار، گوتیە هاوار دەکا: خوایە ئەم لاف و گەزافی کەماڵ خوازییەی تیرەی بەشەر کە مێشکی ئێمەیان پێ بردووە، چەند گەوجانەیە ! لە راستیا دەڵێی مرۆڤ مەکینەیەکە و قابیلی باشتر بوونە، ئەگەر تایە خراپەکانی بگۆڕی، ئیدی دەتوانی ئاسانتر وەگەڕی بخەی.) گوتیە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە وا نییە مارشال دوپاسوم پییر بە نموونە دێنێتەوە کە قەڕابە

گەورە رەحەتی ئاساکەی بەسەلامەتی هەر سیازدە ناوچەکە بەسەرەوە دەنا و خاڵی دەکرد.

گوتیە ئەوەمان بەگوێدا دەدا کە پێشبڕکێی مەشروب خواردن لەگەڵ ئەم مارشالەدا بەهەمان ئەندازە زەحمەتە کە پێشبڕکێ لەگەڵ (میلون لوکروتونیات)ی زەمانی خۆیدا بکرێ، ئەو کابرایەی بە ژەمێك گایەکی تەواوی دەخوارد.

ئەم قسانە کە خۆیان لە خۆیاندا دروستن، دیارترین تایبەتمەندی رێبازی هونەر بۆ هونەرن بە پێی بۆچوونی شێلگیترین هونەرمەندانی رۆمانتیك، لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ. چ کەسانێك لە بواری بەناو کەماڵ خوازی تیرەی بەشەردا (مێشکی گوتییەیان دەبرد؟ سوسیالیستەکان، بەتایبەتی لایەنگرانی سان بسمون کە لە قۆناغێکی بەربلاوبوونەوەی (خانم دوموپن) دا لە فەرنسادا لایەنگرانی زۆری هەبوو، بەم پێیە، ئەم قسانەی لە مەڕ پێشبڕکێی مەشروب خواردن لەگەڵ مارشال دوباسوم پییر و پێشبڕکێی زۆر خۆری لەگەڵ میلون لوکرو توینات دا (کە خۆی لە خۆیدا زۆر دروستە) دژی لایەنگرانی سان سیمون بەکار هاتووە، بەڵام ئەم قسەو سەرنجانە هەرچەندە دروست بن بەڵام کە ئاراستەی لایەنگرانی سان سیمون دەکرێن زۆر نابەجێ و نادروست دەکەونەوە. کەماڵخوازی بۆ تیرەی بەشەر کە لایەنگرانی سان سیمون داوایان دەکرد چ لێکچوونێکی لەگەڵ گەدە وپڕخۆری دا نییە.

خواستی لایەنگرانی سان سیمون ئەوەبوو کە بیناوباری کۆمەڵایەتی بە قازانجی زۆربەی خەڵکی واتە بە قازانجی کرێکاران و بەرهەم هێنەران چاك بکرێ.

له قەڵەمدانی ئەم بیره به گەوجانه و ئەوجا له خۆ بپرسی که ئاخۆ وەدی هاتنی ئەم بیره توانای شەراب خۆری و پڕ خۆری مرۆڤ زیاد دەکا، ئەمه خۆی لەخۆیدا هەمان حەقارەتی بورژواییه که ئەو هەموو نەفرەت و کینەیەی لای ڕۆمانسییه لاوەکان دەهارۆوژاند.

ئەم بابەته چۆن روون دەکرێتەوە؟ چۆن ئیبتزالی بورژوایی توانیویەتی بەسەر ئەنجامگیری و جیهانی بینی نووسەرێك دا زاڵ ببێ ك خەباتی بێ ئەمانی دژی ئاکاری نزمی بورژوایی کردبوو به ئامانجی ژیانی خۆی؟

من له سەرێ را، هەڵبەته بەشێوەیەکی تیژ تێپەڕو خێرا، لەکاتی بەراورد کردنی فیکری ڕۆمانسییەکان لەگەڵ داڤید و دۆستەکانیدا، چەندین جار وەڵامی ئەو پرسیارەم داوەتەوە. گوتم ڕۆمانسییەکان هەرچەنده دژی زەوقن و رێ و رەسمی بورژوایی رابوورن، بەڵام چ گلەیی و گازاندەیەکیان له بناغه بورژواییەکەی کۆمەڵگه نەبوو.

بابه شێوەیەکی وردتر لەم بابەته بتوژینەوە. هەندێ له ڕۆمانسییەکان– بۆ وێنه جۆرج ساند لەو سەروبەندەدا که پێوەندی لەگەڵ پیرولوروکس دا هەبوو– جۆره تەوەجوهێکی سوسیالستانەیان هەبوو. بەڵام ئەمانه کەمبوون، ئەو ڕۆمانسییانەی که به شێوەیەکی گشتی دژایەتی رەفتاری دزێوی بورژواییان دەکرد، له هەمان کاتدا دژایەتی ئەو سیستەمه سوسیالیستانەشیان دەکرد که له پێناوی ریفورمی کۆمەڵایەتیدا دەخەبتین. ڕۆمانسییەکان دەیانویست بێ ئەوەی دەستکاری بناغەی کۆمەڵایەتی بکرێ، عادەت و خوو خدەی کۆمەڵگەی بگۆڕن– هەڵبەته ئەمه کارێکی مەحاڵه – بۆیه راپەڕینی ڕۆمانسییەکان دژی بورژواکان یەکجار کەم بایەخ بووه.

له راستیدا ئەم راپەڕینه لەباری پراتیکیەوە به تەواوی بێ ئەسەر بوو، دیاره ئەم کارەش له بواری ئەدەبیات دا گەلێ ئەنجام و ئاکامی گرنگی بەدوی خۆدا هێنا، ئەم کاره هەمان خەسڵەتی نا ریالستی بەقارەمانی بەرهەمی ڕۆمانسییەکان بەخشی که بووه مایەی هەرەس هێنانی قوتابخانەی ڕۆمانتیزم. هەڵبەته خەسڵەتی خەیاڵی و ناریالیستی قارەمانی بەرهەمێك له هیچ حاڵێك دا ناتوانێ بایەخی ئەدەبی بەرهەمێك زیاد بکا. بۆیه دەتوانین بڵێین ئەگەر بەرهەمی ڕۆمانسییەکان بەهۆی دژمنایەتی خاوەنەکانیانەوە لەگەڵ بورژواکاندا زۆر شتی بەدەست هێنا بێ، ئەوا بەهۆی سوور نەبوونی ڕۆمانسیەکانەوە لەسەر ئەم دژمنایەتیه له بواری پراتێك دا زۆر شتی دی لەدەست داوە.

یەکەم دەستەی هونەرمەندانی ریالستی فەرەنسا، هەوڵیان دا لەم کەموکوڕییه بنەڕەتییەی ناو بەرهەمی ڕۆمانسییەکان، واته له خەسڵەتی خەیاڵی و ناریالستی قارەمانانی نێوبەرهەمەکانیان بەدوور بن، بەرهەمەکانی فلۆبیر کەم و زۆر لەو خەسڵەتانەی تێدا نییه جگه له (سالامبو) و (چیرۆکەکان) هەوەڵین هونەرمەندانی ریالستیش دژی بۆورژواکان وێستان، بەڵام جۆری وەستانەکەیان فەرقی کردبوو. ئەوان نەدەچوون قارەمانانی خەیاڵی بەرانبەر به بورژوای بەدخوو دروست بکەن، بەڵکو بورژواکانیان دەکرد به کەرەسته و بابەتی داهێنانی هونەری خۆیان. فلوبیر باوەڕی وابوو که نووسەر دەبێ له وەسفی تەبیعەت و ژینگەی کۆمەڵایەتیدا هێنده واقیعی و شارەزابێ وەکو چۆن پسپۆرێکی تەبیعەت شارەزای تەبیعەته.

ئەو دەڵێ: دەبێ ئینسانەکانیش بەچاوی دایناسۆر و نەهەنگانەوە سەیر بکرێن. ئایا دەشێت لەبەردەم ساخی ئەو ددانی ئەمدا هەست بە هیچ بکرێ؟ ئەوانە نیشانبدەن، ترسناکییان بەرجەستە بکەن، بیانخەنە ناو شووشەیەك سپرتۆوە و تەواو. بەڵام لە رووی ئەخلاقییەوە مەحکومیان مەکەن. مەگەر ئێوە خۆتان وردە بۆقن؟

قارەمانانی رۆمانەکانی فلوبێر بایەخی خۆیان،بایەخی وەسایقی خۆیان لە جیهان بینی بابەتگەریانەی فلوبیرەوە وەرگرتووە. بابەتگەری فلوبێر کردۆتیە کارێ کە هەر کەسێك بیەوێ بە شێوەیەکی زانستانە لە دیاردە سایکولۆژییە کۆمەڵایەتییەکان بکۆڵێتەوە ناچارە پەنایان بەرێتێ. مەوزوعیەت و بابەتگەری بەهێزترین لایەنی رێبازی فلوبێر بوو.

هەرچەندە فلۆبیری لە بواری داهێنانی هونەریدا بەو رادەیە مەوزوعی و بابەگەری بوو، بەڵام لە بواری هەڵسەنگاندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆیدا هەر زاتیانە و بگرە زۆر زاتیانەش بوو. ئەویش گوتیە ئاسا تا بلێی رقی لە بورژوا بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا بە توندی دژمنایەتی ئەو کەسانەشی دەکرد کە هەوڵی گۆڕینی بناغە و بنەمای بورژوایی کۆمەڵگەیان دەدا. ئەم دژمنایەییەی فلوبێر گەلەك لەوەی گوتیە توندتر بوو. فلوبێر دژمنی سەرسەختی رای گشتی بوو و بە (هەوێنی تەنگیی رۆحی بەشەری) لە قەڵەم دەدا، لەنامەیەکیدا بۆ جۆرج ساند دەڵێ:

(رای گشتی بەو شێوەیەی کە هەیە، دەکاتە زاڵ بوونی فاکتەرێك بەسەر هەموو فاکتەرەکانی دی دا، واتە زاڵ بوونی ژمارە بەسەر روح دا، بەسەر

پەروەردە و فێرکردندا، بەسەر نەژاد و تەنانەت پارەشدا، کە خۆی لە خۆیدا دەکاتە زاڵ بوون بەسەر شەرەف دا.)

لە نامەیەکی تریدا دەڵێ: رای گشتی وەکو زاراوەیەك گەلێ گەوجانەترە لە زاراوەی هەقی ئاسمانی و بەخششی خوایی. فلۆبێر کۆمەڵگەی سوسیالستی بە دێوێکی زەبەلاح دەزانی کە هەر کارێکی فەردی، هەموو جۆرە کەسایەتیەك و هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکی دەسرییەوە و هەموو شتێکی دەخستە ژێر چاودێری و جیهانبینی خۆیەوە و خۆی هەمووکارەکانی ئەنجام دەدا. بەمجۆرە دەبینین ئەم دژمنە سەرسەختەی بورژوایان بەهۆی نالەباری جیهان بینی خۆیەوە سەبارەت بە دیموکراسی و سوسیالیزم، بە تەواوی دەکەوێتە خانەی کۆنەپەرستانەترین بیری بورژواییەوە. ئەمە خەسڵەتی هاوبەشی سەرجەم خوازیارانی رێبازی هونەری بۆ هونەری هاو عەسری فلوبێر بوو.

بۆدلێر کە لە مێژ بوو دەستبەرداری رۆژنامە شۆرشگێڕییەکەی (Le salatpublic) خۆی ببوو، لە باسێکی ژیانی ئەدگار ئالن پۆدا دەڵێ: (لە نێو ئەو کەسانەدا کە دوورن لە خانەدانی، جوانپەرستی بەناچاری هەرەس دێنێ و بایەخی خۆی لەدەست دەدا و لەبەین دەچێ) لە جێییەکی دیدا دووپاتی دەکاتەوە کە تەنیا (کەشیش و سەرباز و شاعیر) شایستەی رێزلێنانن. دیارە ئەم بۆچوونە هەر بەوەوە نەوەستاوە کە موحافەزەکارانە بێ، بەڵکو بە تەواوی چۆتە خانەی بۆچوونی کۆنەپەرستانەوە.

هەمان بۆچوون و جیهانبینی لە لای (بارییە دوراڤیلی)ش هەیە. بارییە لە کتێبێکی خۆیدا بە نێوی (شاعیران) کە دێتە سەر باسی بەرهەمە

شیعرییەکانی (لوران پیشا) دەڵێ ئەو پیاوە دەیتوانی ببێ بە شاعیرێکی گەورە (چونکە لە ڕێگەی بێ دینی و دیموکراسیەوە، بێ ئایرۆیی فیکری پێ شێل دەکرد.)

ئەو دەمەی گوتیە لە ساڵی ١٨٣٥ دا پێشەکی بۆ کتێبەکەی خۆی (خانم دوموپن) نووسی، گەلێ رووداو، رووی دابوو، پێڕەوانی سان سیمون، کە بە گوتەی گوتیە (بە بانگەشەی کەماڵ خوازی بۆ بە شەڕ مێشکی سەریان دەبرد) بە دەنگی بەرز داوای ریفورمی کۆمەڵایەتیان دەکرد. بەڵام ئەوانیش وەکو زۆربەی سوسیال خەیاڵ پەرستەکان، باوەڕی پتەویان بە گۆڕانکاری ئاشتیانەی کۆمەڵگە هەبوو، بۆیە بە هەمان توندتیژی دژایەتی خەباتی چینایەتیان دەکرد. هەرچەندە رووی دەمی سوسیال خەیاڵپەرستەکان لە خاوەنانی هۆیەکانی بەرهەم هێنان و سەروەت و سامان بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نەبوون چینی کرێکار هەنگاوی سەربەخۆ بێ. لەگەڵ ئەوەدا کە رووداوەکانی ساڵی ١٨٤٨ ئەوەی نیشان دا کە رەنگە ئەم جۆرە هەنگاوە ببێ بە هەڕەشەیەکی پڕ مەترسی، کەچی پاش ساڵی ١٨٤٨ مەسەلەکە لەوە دەرچوو کە ئاخۆ دەوڵەمەندان ئامادەن بیری لە چاك بوونی حاڵی هەژاران بکەنەوە یا نە، بەڵکو مەسەکە بوو بەوەی کە ئەم ململانیەی نێوان دەوڵەمەندان و هەژاران چۆن دەشکێتەوە و کام لایان سەردەکەون. لە کۆمەڵگەی نوێ دا پێوەندی چینایەتی نێوان ئەم دوولایەنە زۆر سادە و ئاشکرا بەدیار کەوتبوو. تێکڕای دەمراست و تەگبیر کارانی بورژوازی پەیان بەوە بردوو کە گیروگرفتەکەیان ئەمەیە ئاخۆ کۆمەڵگەی نوێ دەتوانێ جەماوەری زەحمەتکێشان لە بازنەی کۆیلایەتی ئابوری دا بهێڵێتەوە یان

نە، دیارە ئەم بیروبیرکردنەوە تەنانەت لای موریدان و لایەنگرانی هونەر بۆ خاوەن سامانانیش چەسپی بوو.

ئەرنست رینان کە بەهۆی پایەی زانستی خۆیەوە یەکێك بوو موعتەبەرترین کەسانی سەربەم ڕێبازە، لە کتێبێکی دا بە ناوی (ریفورمی فیکری و ئەخلاقی) خوازیاری حکومەتێکی هێندە بەهێز و توانایە کە بتوانێ (وەختێ ئێمەمان لە فکران رادەچین و لە دەریای بیرکردنەوەدا نقوم دەبین، دێهاتیانی سادە و ساویلکە ناچار بکات بەشە کاری ئێمەش ئەنجام بدەن.)

دەمراست و تەگبیرکراانی بورژوازی لەجاران پتر لە مەعناو چەمکی خەبات و ململانێی نێوان بروژوازی و پرولیتاریا تێگەشتبوون، ئەمەش کارێکی گەورەی کردبووە سەربیرو بیرکردنەوەیان.

لە کتێبی (کۆمەڵگەدا) زۆر بە جێ گوتراوە کە:

(فشار و مرۆڤی ژێر شێت دەکا.)

تەگبیرکارانی بورژوا وەختێ پەیان بە مەعنا و چەمکی خەباتی نێوان چینەکەی خۆیان و پرولیتاریا برد، وردە وردە گەشبینی خۆیان سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی زانستانەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە دەست دا، ئەم کارە بە ئاشکرا بایەخی بەرهەمەکانیانی هێنایە خوارێ.

ئەگەر جاران، ئابوری سیاسی بورژوایی لە زەمینەی بیرکردنەوەی زانستی دا کەڵە نووسەری وەك دیڤید ریکاردۆی هەبوو، ئێستا هەر دیارەکانی خەڵکانی بێ توانای چەنەبازی وەك فردریك باستیاکسییە، لەبواری فەلسەفەدا پتر لەجاران پشت بەدیدی ئایدیالیستی دەبەسترا کە کرۆك و جەوهەرەکەی بریتییە لەو ڕێبازە موحافەزەکارانەیەی کە دەیەوێ تازەترین

دۆزینەوەی زانستی تەبیعیات لەگەڵ کۆنە رێبازە ئاینیەکاندا بسازێنیٚ، بە گوتەیەی دی دەویەیٚ لابۆر و پەرشگا پێکەوە بسازێنیٚ.

هونەریش نەیدەتوانی لەم چارەنووسە گشتییە بەدەربیٚ، پاشان دەبینن کە کاریگەری کۆنەپەرستانەی ئایدیالستی ئێستا، هەندیٚ لە نیگارکێشانی پێشڕەوی کێشاوەتەوە نێو چ گاڵتەبازاڕێکی بیٚ تام و بیٚ مەعناوە، جاریٚ هێندە دەڵێم کە: گیانی موحافەزەکاری– دەتوانم بڵێم گیانی تا رادەیەك کۆنەپەرستانە، هەوەڵێن هونەرمەندانی ریالست نەبووە کۆسپ لە رێگای ئەوەی کە ئەم هونەرمەندانە بە وردی بڕواننە ژینگەی خۆیان و کۆمەڵیٚ بەرهەمی هونەری بایەخدار دابهێنن. بەڵام بێگومان هەر ئەم گیانی موحافەزەکارییە ئاسۆ و مەیدانی دیدی یەکجار تەسك کردن.

ئەم هونەرمەندانە، دژمنانە پشتیان کردە بزووتنەوەی رزگاری زەمانی خۆیان و جوانترین نموونەی دەوڵەمەندی سایکۆلۆژی وەك دایناسور و نەهەنگی مایەی سەرنجی خۆیان وەلانا. هەڵوێستی مەوزوعیان لەمەڕ ژینگە و ئەو بابەتانەی هەڵیان دەبژارد لە راسیا گەواهی بیٚ خەبەریانە لەو ژینگەیە.
هەڵبەتە ئەوانە نەیاندەتوانی بەهۆی گیانی موحافەزەکاریانەوە خۆشەویستی بەرانبەر بەشتیٚ نیشان بدەن کە بابەتی جیهان بینی تاقە کەسیان بوو، واتە بەرانبەر بە (بیرتەسکی) و (هەڵچوونی بیٚ تام) کە لە (قوڕولیتەی) ژیانی رۆژانەی بورژواییەوە هەڵدەقولاٚ، بەڵام ساردیان بەرانبەر ئەو بابەتانەی کە دەیانبینی و دەین خستە روو، زۆر زوو کەم ئەم کارەی لا کاڵ کردنەوە.

ئەو ناتورالیزمەی ئەوان بەردی بناغەیان لەکارە هونەرییە گرنگەکانی خۆدا دانا، زوو بەزوو هوسمانس گوتەنی: (کەوتە کوێرە کۆڵانەوە) بە باوەڕی

هوسیمانس ناتورالیزم توانای ئەوەی هەموو شتیٚ تەنانەت سفلیسش بکا بەبابەتی خۆی. (هۆسیمانس لێرەدا ئاماژە بۆ کتێبی (ڤایرۆسەکانی ئەشعە)ی نووسەری بەلچێکی تا بارانت دەکا) کەچی لەگەڵ ئەمەشدا نەیتوانی لە بزووتنەوەی کرێکاری سەردەمی خۆی تیٚ بگا. دروستە زۆلا کتێبی (جەرمینال) ی نووسی، بەڵام گەرچاوپۆشی لەلایەنە لاوازەکانی ئەم رۆمانەش بکەین، ئەوا نابیٚ ئەوەمان لە بیر بچیٚ کە هەرچەندە زۆلا بە گوتەی خۆی روە و سوسیالیزم چوو، رێبازی ئەزمونگەری ئەو هەرگیز رێی ئەوەی نەدا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە گەورەکان بە شێوەیەکی هونەرمەندانە هەڵسەنگێنیٚ و بیانخاتە روو.

ئەم رێبازە خزمایەتی و پێوەندی نزیکی لەگەڵ ئەو جیهان بینیە مەتریالستییەدا هەبوو کە مارکس نێوی ناوە (مەتریالیزمی ناتورالستی) ئەم جۆرە مەتریالزمە لەوە ناگات کە کار، خولیا، زەوق و خووخدەی روحی مرۆڤی کۆمەڵایەتی بە تەواوی لە رێگەی فیزیولوژی یا پاتولوژییەوە نایەتە روونکردنەوە، چونکە زادەی پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانن، هونەرمەندانی سەر بەم رێبازە دەیان توانی (دایناسور و گیانلەبەرە لەنێو چووەکان)ی خۆیان بە شێوەی تاك هەڵسەنگێنن و بخەنە روو، بەڵام نەیان دەتوانی (گیانلەبەرە لە نێوچوەکان) لە چوارچێوەی کۆمەڵێك دا، واتە وەکو ئەندام لەناو کۆمەڵێك دا، بدەنە بەر زەین و دیقەتی خۆ.

وەختیٚ هوسیمانس دەیگوت ناتورالیزم لە کوێرە کۆڵاندا گیری خواردووە هەمان حیکایەتی (جووت بوونی ژنی بە قاڵ وشەراب فرۆشی گەڕەك) ی

دووباره دەکردەوە، بەخۆشی هەستی بەمە دەکرد (بڕوانە کتێبی لێکۆڵینەوە لە گۆڕانکاری ئەدەبی– نووسینی جولیس هوریت).

خۆ ئەم جۆرە حیکایەتە گەر وکو قوتابخانەی ریالیزمی روسی، هەندێ لایەنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی رونکردباوە، ئەوا جێی خۆی دەکردەوە، بەڵام ریالستانی فەرەنسی بە تەواوی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان فەرامۆش کردبوو، بۆیە تابلۆی (جووتبوونی ژنی بەقاڵ و شەراب فرۆشی گەڕەك) نەك هەر جوانی خۆی لە دەست داوە، بەڵکو بووە بە شتێکی قێزەوەر و نەفرەت و رۆژێنش.

هۆسیمانس لە هەوەڵین بەرهەمەکانیا، بۆ وێنە لە رۆمانی (خوشکانی تاتار) دا ناتورالستێکی بێ غەڵ و غەش بوو، بەڵام لە دارشتنی (حەوت گوناحی گەورە)دا (ئەمە قسەی هوسیمان خۆیەتی) تاقەتی چووە و دەستبەرداری ناتورالیزم بوو.

هوسیمانس لە رۆمانی (ئاوەژوو) دا کە لە هەندێ شوێنی دا تاقەت بەرە، رێك و بەهۆی ئەو کەموکوڕیانەوە کە تێیدایە یەکجار بە نرخە، لە قاڵبی (د سەنتست دا Des esseintes) روخساری جۆرە سۆپەرمانێکی نیشان داوە– یا باشتر بڵێن دروستکردووە– (لە راستیا نموونەی خانەدانێکی تەواو بەدگۆڕاوە) بکە جۆرێ ژیانی، رێك پێچەوانەی ژیانی (شەراب فرۆش) یا (ژنی بەقاڵ) دێتە بەرچاو.

ئەم جۆرە داهێنانە، جارێکی دی دروستی ئەم بۆچونەی (لوکنت دولیل) دەسەلمێنێ کە لە جێیەکدا ژیانی واقیعی نەبێ ئەوا ئەرکی شیعر دروستکردنی ژیانێکی ئایدیالییە، بەڵام ژیانی ئایدیالی (دسە سنت)

بەرادەیەك لە هەمووجۆرە ناوەرۆکێکی ئینسانی بەدەرە کە خولقاندنی چ رێیەکی بۆ دەرباز بوون لە کوێرە کۆڵانەکە نەکردەوە، هویسمنس لەوە بەدواوە رووی کردە عیرفان و خواناسی، و خواناسی مەمەرێکی (ئایدیالی) دەخستە روو بۆ دەرچوون لەو کوێرە کۆڵانەی کە چ مەفەرێکی واقیعی چاری نەدەکرد. دیارە ئەم مەفەڕە بۆ ئەو هەلومەرجە یەکجار ئاسایی بوو، بەڵام تەماشا بکەن چ ئاکامێکی بە دوی خۆدا هێناوە، هونەرمەند پاش ئەوەی بوو بە خواناس، دەستبەرداری ناوەرۆکی ئایدولۆژی خۆی نەبوو، بەڵکو رەنگێکی تایبەتی پێ بەخشی، خواناسیش بۆ خۆی فیکرێکە، بەڵام فکرێکی نامەعلوم و وەکو هەڵم و تەم بێ شێوەو کە تا دەمی مەرگ دژ بە ئەقڵ دەجەنگێ. عیرفان و خواناسی کاری هەرگێڕانەوە نییە، بەڵکو سەلماندنیشە. بەڵام ئەو شتەی دەیگێڕێتەوە (سواوە) و بۆ سەلماندنی مەبەستەکانی خۆی لە پێگەی نەفی کردنی شعوەوە هەنگاو هەڵدێنێ.

هوسیمانس بەڵگەیەکی دییە بۆ ئەمەی کە هیچ بەرهەمێکی هونەری ناشێت لە جۆرە ناوەرۆکێکی ئایدولۆژی بەدەربێ، بەڵام کە هونەرمەندێك لە گرنگترین رووداوە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆی نامۆ بێ، دیارە بایەخی ئەو بیرانەی کە لە بەرهەمەکانیدا بەرجەستە دەبن، تەواو دێتە خوارێ. هەڵبەتە هاتنە خوارەوەی بایەخی بیرەکانی بیەوێ و نەیەوێ لە بەرهەمەکانیشی دا رەنگ دەداتەوە. ئەم کارە لە مێژووی هونەر وئەدەبیاتدا هێندە گرنگە کە دەبێ لە هەموو لایەنەکانییەوە بخرێتە بەر وردە بینی لێکۆڵینەوەوە، بەڵام پاش ئەوەی بێینەسەر ئەم بابەتە با جارێ بزانین تا ئێستا گەیشتوینەتە کۆی و چ ئاکامێ.

ڕێبازی هونەر بۆ هونـەر لـە شـوێنێك دا دێتـە ئـاراوەوە ریشـارژۆ دەبـێ کـە ناسازگارییەکی لـە چـارە نـەهاتوو بکەوێتـە نێـوان هونەرمەنـدان و ژینگـەی کۆمەڵایەتیانـەوە. ئـەم ناسـازگارییە وەخـتێ سـوود بـە داهێنـانی هونـەری دەگەیەنێ کە یارمەتی هونەرمەند بدا بۆ ئـەوەی خـۆی بگەیەنێتـە ئاسـتێکی باڵاتر لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی. پۆشکینی سەردەمی نیکولای یەکەم نموونەیەکـە لـەم بابەتـە. هـەروەها رومانسـی و پاڕناسـی و هـەوەڵێن ریالستەکانی فەرەنساش لەم بابەتە نموونانەن، دیارە نموونـەی دی زۆرە بـۆ سـەلماندنی ئـەو دیـاردەی کـە لـە هـەر شـوێنێك دا ئـەم جـۆرە نـەبانی و ناسازگاری هەبووبێ، وەزع و حاڵ بە هەمان شێوە بووە.

لەگەڵ ئەمەشـدا، رۆمانسـی و پاڕناسـی و ریالسـتەکان کـە لـە ناپەسـەندی و دزێوی و کرێتی رەفتـار و رێ و رەسمـی ژینگـەی کۆمەڵایـەتی خۆیـان یـاخی ببوون، بە هیچ جـۆرێ دژی ئـەو پێوەندییـە کۆمەڵایەتیانـە نـەبوون کـە ئـەم عادەت و رێ و رەسمە سواو ناپەسەندانەی لە گەڵ خۆدا هێنا بووە ئاراوە. بە پێچەوانەوە لەگەرمەی نەفرەت بـاران کردنـی بورژواکانـدا بەهـەمان تـێن و تـاوەوە پابەنـدی (سیسـتەمی بـورژوایی) بـوون، هەڵبـەت لـە سـەرەتادا بـە شێوەیەکی عەفوی و پاشان بەوپەڕی هوشیارییەوە، لـە ئـەوروپای نوێـدا تـا بزووتنەوەی رزگاری، کە دژی بنەما بورژواییەکانی کۆمەڵگە دەخەبتی، زیـاتر دەخەملێ، لایەنگرانی هونەر بـۆ هونـەر لـە فەرەنسـادا زیـاتر و هوشـیارانەتر خۆیان بە کۆمەڵگەی بورژواییەوە دەترساند، بە هەمان رێژەش کەمتر دەیـان توانی سەبارەت بەو بیرنەی لە بەرهەمەکانی خۆیاندا دەریـان دەبـڕی، دوورە پەرێز بوەستن.

نابینایی ئـەوان دەرهـەق بـەو رووداوە نوێیـەی کـە دەیویسـت هـەموو ژیـانی کۆمەڵایەتی نوێ بکاتەوە، دەبووە مایەی ئەوەی کە بیریان هەر بەغەڵـەتی، تەسکی و یەك لایەنی بمنێتەوە و لە جێی خۆی هەنگڵـە شـەلێ بکـا. ئاکـامی ئاسایی ئەم وەزعە ئـەوەبوو کـە قوتابخانـەی ریـالیزمی فەرەنسـا لـە کـوێرە کۆڵانـدا گـیرۆدە بـبێ و لـە جێـی خـۆی قـەتیس بمـێنێ و بۆگـەن بکـا، ئـەو نووسەرانەش کە لە رابوردوو دا سەر بەقوتابخانەی ناتورالیزم بـوون، بـە لای عیرفان و خواناسی دا بابدەنەوە.

جارێکی دی دێمەوە سەر ئەم ئەنجامگیرییە، بـەڵام بـەر لـەوەی کۆتـایی پـێ بێنم، حەز دەکەم سەبارەت بە پۆشکین دوو وشەی بخەمە سەر.

وەختێ (شاعر)ەکەی ئەو بەسەر (خـەڵکی بـێ غێـرەت) دا دەبـۆڵێنێ، بـەڵام د.ی.پیساروف لەم بارەیەوە چ دەڵێ کەیفی خۆیـەتی– چ شـوێنەوارێکی بـێ پێزی و بێ تامی و سواوی لە قسەکانیا بەدی نـاکرێ، قسـەکانی یـەك پارچـە غەزەب و تورەیی دڵسۆزانەیە، شاعیر گازانـدە لـە خەڵکـە عەوامەکـە دەکـا– چونکە لە راستیدا رووی دەمی لە رەشە خەڵکەکەیە نەك لەگـەلی راسـتەقینە کە لەو سەردەمەدا بە تەواوی لە دەرێی مەیدانی دیدی ئـەدەبیاتی روسـیەدا بوو– کە زیاتر لە خەم و فیکری (مەنجەڵی) خۆدا بوون تا لە خـەم و فیکـری ئاپولون بلڤیدەر (ئاپولون بلڤیدەر: پەیکەرێکی کۆنە، لە موزەخانەی فاتیکان دایە و بەرەنگدانەوەی جوانیی پیاوانە دەژمێردرێ.

ئامـاژەی نووسـەر لێـرەدا بـۆ ئـەم دێرانـەی شـیعر (رەمکـی مـەردم)ەکـەی پۆشـکینە: بایـەخی خوداونـدی بلیڤـدەر لـە روانگـەی تـۆوە بەنـدە بـە سەنگییەوە.

به تۆ چی، چ سودێکی تێدا نابینی
ئەوجاش، ئەم بەردە مەڕمەڕە خوایەکە!
بەڵێ، چ دەڵێی؟
بۆ تۆ مەنجەڵێ ناهێنێ
هەرنەبێ خواردنەکەی تیا لێ دەنێی.

پۆشکین دەیەوێ لەم ڕێگەیەوە بڵێ کە ڕۆحی سواو و داهێنراوی ئەم ڕەشە خەڵکەی پێ تەحەمول ناکرێ، هەر بۆیەش نایەوێ ڕێنوێنی جەماوەری ڕەشە خەڵکە بکات. چونکە چ هیوایەکی پێیان نەماوە، هەڵبەتە ئەم ڕەفتارە چ شەقڵێکی کۆنەپەرستانەی نەگرتۆتە خۆ. بەڵکو جیاوازییە هەرە گەورەکەی نێوان پۆشکین و گوتیە و گوتیە ئاساکانی سەر بە ڕێبازی هونەر بۆ هونەر لەمەدا خۆی دەنوێنێ و بەرجەستە دەبێ، جیارە ئەم جیاوازییەش شتێکی نسبییە، پۆشکێن تانە لە پێڕەوانی سان سیمون نەدەدا و پێ دەچێ بە هیچ جۆرێ ئاگای لەوان نەبووبێ، پوشکین کابرایەکی ئابڕومەندی ئازاد بوو، بەڵام ئەم پیاوە ئابڕومەندە ئازادە هەر لە منداڵی را کۆمەڵێ پێشداوەری (حوکمی پێشوەختە) چینایەتی لە لا چەسپی بوو، سڕینەوەی چەوساندنەوەی چینایەتی بەلای ئەوەوە جۆرێك بوو لە خەیاڵ پڵاوی بێ مەعنا. ئەگەر ئاگای لەو هەنگاوە پراتکییانە نەبایە کە لە پێناوی نەهێشتنی چەوساندنەوەی چینایەتی دا دەنران. بەتایبەتی ئەگەر بە ئەندازەی هەرواو هەنگازەی پێڕەوانی سان سیمونی فەرەنسا دەنگی دابایەوە، ئەوا بێگومان لە گوتارە توندوتیژەکانیا و لە تەنزە بە برشتەکانی دا بە توندی دادەبەزییە سەریان، هەندێ سەرنجی پۆشکین لە گوتاری (بیرکردنەوە لە ڕێگە) دا کە دەربارەی باشی وەزع و حاڵی جوتیاری رووسە لە چاو کرێکرای ڕۆژئاواوە– جوتیارانی

رووس لەو سەردەمەدا هێشتا لە قۆناغی کۆیلەیەتی دا دەژیان– ئەوە دەگەیەنێ کە پۆشکینی زیرەك و وریا دەیتوانی بە هەمان سسستی گوتیەوە– کە زۆر لە خوار زیرەکی پۆشکینەوە بوو– ئەنجامگیری بکا، بەڵام باری ئابووری دواکەوتوی روسیا، پۆشکین لەو سستیە رزگار کرد.

شتێکی بەڵگە نەویستە کە وەختێ چینێك لەسەر حیسابی چەوساندنەوەی چینێکی تری لە خۆی لاواتر لەباری ئابوورییەوە، دەژی، ئەوا هەر کاتێ ئەو چینە لە کۆمەڵگەدا بە تەواوی زاڵ ببێ و دەسەڵات پەیکا بکا، ئیدی چوونە پێشەوەی یەکجار زەحمەتە و دەکاتە هاوتای روخان و هەرەس هێنانی. ئا لەم روانگەیەوە دەشێت هەندێ دیاردە رون بکرێنەوە کە ئەقڵی ئەو نەی دەبڕین. ئایدولۆژیای چینی زاڵ و دەسەڵاتدرا لە وڵاتانی ئابوری پاشکەوتوودا. لە ئاستێکی باڵاترە وەك لە ئایدولۆژیای چینی زاڵ و دەسەڵاتدار، لە وڵاتانی ئابوری پێشکەوتوودا.

جا رووسیای ئەمڕۆش گەییوەتە ئاستێکی گەشە کردووی ئابوری ئەوتۆ کە لایەنگرانی هونەر بۆ هونەر، بوون بە داکۆکاری سیستەمێکی کۆمەڵایەتی رۆنراو لەسەر بناغەی چەوساندنەوەی چینایەتی. بۆیە لەم رووەوە لە وڵاتی ئێمەشدا، ئێستاکێ بە ناوی (سەربەخۆیی موتڵەقی هونەروە) هەندێ شتی بێ سەروبەر دەگوترێ کە لە روانگەی کۆمەڵایەتییەوە تەواو کۆنەپەرستانەیە.
لە زەمانی پۆشکین دا، وەزع هێشتا وا نەبووە، ئەمە زۆر بە قازانجی ئەو شکایەوە.

پێشتر گوتم کە هیچ بەرهەمێکی هونەری نییە کە چ جۆرە ناوەرۆکێکی ئایدولوژی نەگرتبێتە خۆ، هەروەها ئەوەشم گوت کە هەموو فیکرێك ناشێت

ببێ بە بناغە و هەوێنی کارێکی هونەری. تەنیا ئەو بیرانەی ئەندامانی تیرەی بەشەر لێکدی نزیك دەکەنەوە، دەتوانن ببن بە ئیلهامبەخشی راستەقینەی هونەرمەند، دیارە هونەرمەندەکە رادەی ئەم نزیك خستنەویە دیاری ناکات، بەڵکو ئاستی رۆشنبیری ئەو کۆمەڵگەیە دیاری دەکات کە هونەرمەندەکەی تێدا دەژی. ئەم رادەیەش لە کۆمەڵگەی چینایەتی دا بەندە بە پێوەندی نێوان چینەکان و بە ئاستی گەشەکردووی هەر یەکێك لەو چینانەوە لە ساتێکی تایبەتیدا. کاتێ بورژوازی لە پێناوی رزگاری خۆی لە نیری ئەشرافان و دەسەڵاتدارانی ئایینی، هێشتا لە حاڵی جەنگدا بوو، واتە وەختێ کە بورژوازی هێشتا بە چینێکی شۆڕشگێڕ دەژمێردرا، هەموو جەماوەری زەحمەتکێش بە دوایەوە بوون و لەگەڵ ئەودا (چینی سێیەم) یان پێك دەهێنا. ئەو کاتانە رێبەران و هەڵگرانی بورژوازی، بە رێبەری و هەڵگری بیری (هەموو میللەت جگە لە خاوەن ئیمتازان) دەژمێردران. لەو قۆناغەدا دەرفەتی نزیك خستنەوەی ئەندامانی کۆمەڵگە، کە دیارە بەرهەمی هونەرمەندانی تەبا لەگەڵ بورژوایش دا یارمەتی دەدا، تا رادەیەك زۆر بوو، بەڵام کاتێ کە بەرژەوەندی بورژوازی چیدی لەگەڵ بەرژەوەندی جەماوەری زەحمەتکێش دا نەدەگونجاو بەتایبەتی وەختێ کە بەرژەوەندی بورژوازی و پرولیتاریا تێك گیران ئیدی ئەگەر دەرفەتی ئەم نزیك خستنەوەیە یەکجار کەم بووەوە.

روسکین دەڵێ: پیاوی پیسکە ناتوان گۆرانی بۆ لە دەست دانی پارەکانی بڵێ، جا ئێستا حاڵەتی روحی بورژوازی لە حاڵەتی رۆحی ئەو پیاوە پیسکەیە دەچێ کە داخ بۆ سامنی لە دەست چووی دەخوا، بەڵام جیاوازییان لەوە دایە کە کابرای پیسکە داخ بۆ لە دەست چوونی سامانی واقیعی دەخوا،

کەچی بورژوازی لە ترسی هەڕەشەی ئایندە، ئاسوودەیی بیر و خەیاڵیشی لە دەست دەدا.

وکو گوتم: (زیەرك و فرەزان، لە ئەنجامی گوشار خستنە سەر خەڵکانی دی، بەخۆی شێت دەبێ) جا ترسی لە دەست دانی ئەم ئەگەر و دەرەفەتی گوشار خستنە سەر خەڵکانی دییش، لەوەیە بە هەمان ئەندازە زیان بە فرەزانەکە ! بگەیەنێ. بۆیە رێبەرانی ئایدولوژی چینی دەسەڵاتدار و حاکم، لەو کاتەدا کە ئەم چینە لە قۆناغی ئاوا بوون نزیك دەبێتەوە، ئیدی بایەخی زاتی خۆ لە دەست دەدەن. بۆیە ئەو هونەرەی کە لە ناو جەرگەی ئەم گۆڕانکارییەوە سەر هەڵدەدا بەرەو هەرەس و تەپین و داڕمان دەچێ.

لیرە بە دواوە هەوڵ دەدەم مەبەست و بابەتەکەی پێشووم تەواو بکەم و چەند نموونەیەکی هەرە گەشی نیشانەکانی ئاوابوونی ئێستای هونەری بورژوایی بخەمە بەر وردبینی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەوە.

ئێمە ئەوەمان بۆ روون بووەوە کە چۆن عیرفان و سۆفیگەری لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی فەرەنسادا سەری هەڵدا. کاتێ نووسەران دیتیان قابیل بوون بە قاڵبی بێ ناوەرۆکی خڵی لەبیر مەحاڵە، و لە هەمان کاتدا توانای ئەوەیان نەبوو لە بیروباوەڕێ مەزنی ئازادی بەخشی ئەم سەردەمە تێبگەن، ئیدی دیاردەی روکردنە عیرفان و سۆفیگەری سەری هەڵدا. بەڵام ئەو دیتن و ئەم بێ توانایییە گەلێ ئەنجامی دی بە دەمەوە بووە کە کاریگەرییان لە دابەزاندنی بایەخی زاتی کارە هونەرییەکان لە کاریگەری خودی عیرفانەکە کەمتر نەبووە.

عیرفان، دژمنی سەرسەختی ئەقڵە، بەڵام ئەو کەسەی خۆی دەداتە دەستی عیرفان و رزگاری لەعیرفاندا دەبینێ، تاقە دژمنی ئەقڵ و ژیری نییە، بەڵکو هەموو ئەو کەسانەش کە بەهەر بیانوویەکەوە بووە بەرگری و داکۆکی لە فیکرێکی هەڵە دەکەن، لە خانەی دژمنانی ئەقڵ دان، کە فیکرێکی هەڵە دەبێ بە هەوێن و بنەمای بەرهەمێکی هونەری، ئەو بەرهەمە دوچاری ناکۆکی وەها دەبێ کە راستەوخۆ زیان بە بایەخی ئەستاتیکی بەرهەمەکە دەگەیەنێ. من پێشتر وەکو نموونە ئاماژەم بۆ شانۆنامەی (لە ئاستانەی ئیمپراتۆری) دای کنوت هامسون کردوە.

قارەمانی شانۆنامەکە، نووسەرێکی لاوە بە ناوی (ئیڤارکارانو) ئەم قارەمانە گەرچی توانا و بەهرەیەکی پرشنگداری نییە، بەڵام پیاوێکی فشەکەر و خۆ هەڵکێشە، خۆی وەکو کابرایەکی ئازادیخواز دەخاتە روو (خاوەن بیری ئازاد، ئازاد وەکو باڵندە).

ئەم زانا (ئازاد بیرە باڵندە ئاسایە) دەربارەی چ بابەتێك دەنوسێت؟ دەربارەی (بەرگری) دەربارەی) نەفرەت) کێ بۆ بەرگری هان دەدا؟ دەبێ نەفرەت لە کێ بکرێ؟ دیارە دژمنایەتی پرولتاریا دەکات و دژمنانی پرولیتاریا بۆ بەرگری هان دەدا، وەعزی نەفرەت کردن لە پرولیتاریا دا دەدا. ئایا ئەم قارەمانە جۆرە نموونەیەکی تازە نییە؟ قارەمانێکە کە نموونەیمان لە ئەدەبیاتدا نەدیتوە یا زۆر کەممانن دیتوە. دیارە کەسێك دژی پرولیتاریا بوەستێ و دژمنانی پرولیتاریا هان بدات. ە ئاشکرا بانگەشەچی و جاڕ دەری بیری بورژوزاییە، ئیڤارکارانۆ بە باوەڕی خۆی و کنوت هامسونی نووسەری، شۆڕشگێڕێکی گەورەیە.

گەر سەرنجی هەوەڵین رۆمانسیانی فەرەنسا بدەین، دەبینین هەندێ حاڵەتی روحی (شۆڕشگێڕانەیان) تێدایە کە لە چوارچێوەی موحافەزەکاری دەرناچێ، گوتیە رقی لە بورژوا بوو، بەڵام ئەمە نەدەکردە کارێ کە دژایەتی ئەو کەسانە بکات کە خوازیاری لە نێوبردنی پێوەندییە بورژواییەکانی نێو کۆمەڵگە بوون. لە راستیدا ئیڤارکارانۆ وەکو نەوەیەکی مەعنەوی ئەم نووسەرە نێودارە رۆمانسییەی فەرەنسا دێتە بەرچاو. بەڵام نەوەیەك کەلە باپیری خۆی هێوەتر چووە. ئەم بە هوشیاریەوە نەفرەت لەو شتە دەکا کە باپیری بە شێوەیەکی غەریزی دژمنایەتی دەکرد. ئەگەر رۆمانسییەکان موحافەزەکار بوون، ئەوا ئیڤارکارانۆ، کۆنەپەرستێکی خەیاڵ پڵاوی لە بابەت پۆمشچیك) درندەیە. (پومشچیك قارەمای چیرۆکێکی شچدرینە) ئەو دەیویست پرولیتاریا لە نێوبەرێ وەکو چۆن ئەم دەیویست (موجیك)ەکان لە نێوبەرێ. دیارە ئەمە خەیاڵ پڵاوێکی بێ سەروبەرە و مایە پێکەنینە، بۆیە سەرلەبەری بیرە ئازادەکانی ئیڤارکارانۆ (ئازاد وەکو باڵندە) لێرەدا دەگاتە ئەو پەڕی پوچی و بێهودەیی. ئەو وای بۆ دەچێ چینی پرولیتاریا، چینەکانی دی دەچەوسێنێتەوە. ئەم بیرە هەڵەترین بیرە (ئازادە باڵندە ئاساکان)ی ئیڤارکارانۆیە. ئەوەی مایەی داخە ئەوەیە کە پێ دەچێ کنوت هامسونش بە بیروباوەڕی هەڵەی قاەمانەکەی قاییل بێ، هەموو ئەو رووداوە ناهەموارانەی بەسەر ئیڤارکارانۆدا دێ لەووە هەڵقولاون کە ئینکەبەرایەتی و دژمنایەتی پرولیتاریا دەکا. بۆ نموونە هەر لەبەر ئەمەیە کە کورسی مامۆستایەتی دڵخوازی خۆی لە دەست دەدا و تەنانەت ناتوانێ کتێبەکەی خۆیشی بە چاپ بگەیەنێ. بە کورتی بە هەموو گوشارێکی ئەو بۆرژوایانە قاییلە کە تیایاندا دەژی. بەڵام لە چ گۆشەیەکی جیهاندا و لە کام وڵاتی خەیاڵی دا جۆرە

بورژواییەکی وەها هەیە کە بەمجۆرە سەرسەختانەیە، دژمنایەتی کردنی پرولیتاریا سەرکوت بکا؟ ئەم جۆرە بورژوازییە نە هەبووە و نە دەشبێ. کنوت هامسون هاتووە فیکرێکی کردووە بە هەوێن و بنەمای شانۆنامەکەی کە تەواو لە گەڵ واقیع دا ناکۆکە، ئەمەش زیانێکی ئەوتۆی لە شانۆنامەکە داوە کە ئەو لایەنانەی نووسەر ویستویەتی شەقڵی تراژیدی بداتێ، خۆ بەخۆ شەقڵی کۆمیدی وەرگرتووە.

کنوت هامسون، بەهرە و توانایەکی مەزنی هەیە، بەڵام هیچ بەهرە و توانایەك ناتوانێ ناحەقیقەت بگۆڕێ بە حەقیقەت. کەموکوڕی هەرە گەورەی درامای (لە ئاستانەی ئیمپراتۆری) دا ئەنجام و زادەی غەڵەتی فیکرە بنەڕەتییەکەیەتی. ئەم فیکرە بنەڕەتییە لەو رووەوە هەڵەیە کە نووسەر نەیتوانیوە لە مەعنای خەباتی چینایەتی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ– کە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە دراماکەی ئەودا رەنگی داوتەوە– تێ بگا.

کنوت هامسون فەرەنسی نییە، بەڵام ئەمە چ شتێك لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، (مانیڤستی حیزبی کومونیست) هەر لەو سەروبەندەدا زۆر بەجێ ئەو حەقیقەتەی دەست نیشان کردبوو کە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بە سایی گەشەکردنی سەرمایەدارییەوە، تەسك بینی و پەرگیری رۆژبەرۆژ لەنێو میللەتاندا زەحمەتتر دەبێ، لە کۆی ئەدەبیاتی میللی و ناوچەییەوە، ئەدەبیاتی جیهانی دێتە ئاراوە.

راستە کنوت هامسون لە وڵاتێکی ئەوروپای رۆژئاوادا لە دایك بووە و ژیاوە، بەڵام وڵاتەکەی لە رووی پێشکەوتی ئابوورییەوە لە وڵاتە زۆر پێشکەوتووەکان نەبووە. ئاشکرایە ئەمە کردویەتێ کارێ کە لە هەندێ بەشی

دراماکەیدا زۆر ساکارانە و منداڵانە کەوتۆتە بەرجەستەکردنی وەزع و حاڵی پرولیتاریای خەباتگێڕ لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا، بەڵام سەرەڕای پاشکەوتووی ئابوری وڵاتەکەی، ئەوجاش بە هەمان نەفەسی رۆشنبیرانی بورژوازی، پێشکەوتوترین وڵاتەوە بەربەرەکانی و دژایەتی چینی پرولیتاری کردووە.

ئیڤارکارانۆ، تەنیا لایەنێکە لە لایەنەکانی شەخسیەتی نیتشەیی. نیشتەیزم چییە؟ نوسخەیەکە لەو خەباتەی کە بە ناو دژی (بورژوکانە) و لە هەمان کاتدا سوورە لەسەر پاراستنی سیستەمی بورژوای کۆمەڵگە، ئەم نوسخە تازەیەش بە پێی پێداویستیەکانی قۆناغەکانی ئەم دواییەی سەرمایەداری دەستکاری کراوە.

زۆر بە ئاسانی دەکرێ نموونەیەکی دی لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی فەرەنسی، بخرێتە بەرچاو.

یەکێك لە شانۆنامەنووسە هەرە بە تواناکانی ئێستای فەرەنسا– بەتایبەتی کە بۆ ئێرە مەبەستمانە– و دەوڵەمەندترینیان لە رووی فکرەوە، ئەوا بێ چەندو چون فرانسوا دوگورولە.

(خۆراکی شێر) شانۆنامەیەکی (٥) پەردەیی دوگورولە لە هەموو شانۆنامەکانی تری بەرچاوترە. ئەم شانۆنامەیە– هێندەی من پێ بزانم– کەمتر سەرنجی رەخنەگرانی روسی راکێشاوە.

جان دوسانسی کاراکتەری سەرەکی شانۆنامەکە، لە ئەنجامی هەندێ رووداوی سەردەمی منداڵی خۆی، بۆ ماوەیەکی کورت روو دەکاتە سوسیالیزمی مەسیحی. بەڵام پاشان لەم سوسیالیزمەش دادەبڕێ و دەبێ بە لایەنگری

ئاشكرای بەرهەمهێنانی سەرمایەداری. لە دیمەنی سێیەمی پەردەی چوارەم دا خوتبەیەکی گرنگ دەدا تا ئەوە بە کرێکاران نیشان بدا کە:

(خـو ویسـتی جمکانـەی بەرهـەمهێنان بـۆ زەحمەتکێشـان، وەکـو بـەزەیی جمکانەی بەخششە بۆ هەژاران، واتە یەك سەرچاوەی خێرن.)

کە مقۆ مقۆ دەکەوێتە نێو گوێگرەکانی، ئەویش بەرە بەرە گەرم دەبێ و بە بەراوردێکی جوان و پرشنگدار نەخش و رۆڵی سەرمایەدار و کرێکار لە بواری بەرهەم هێننی مودرندا شەرح دەکا.

(وەختێ شێر لە قولایی بیابانەوە دەنەڕێنێ و کاتێ چوونە راوی خۆی رادەگەیەنێ، چەقەڵ پۆل پۆل وەدەر دەکەون تا پاشماوەی نیچیرانی ئەویان پێ ببڕێ. ئەوان کە نە توانای پەلاماردانی گایان هەیە و نە بە تۆزی پێی ئاسك دا دەگەن، چاوی هیواو ئومێد دەبڕنە چنگ و پەلی پاشا. حاڵی عەرزم هەن، چنگ و پەلی پاشا ! پاشا دەمەو ئێوارێ لەلان دێتەدرێ و دەچێتە راوێ. نیچیر بە دیار دەکەوێ! لەپڕ پەلامارێکی پەرچووئاسا، شەڕێکی دژوار و خوێناوی، ها لێرە، ها لەوێ، ئەوجا مەرگ، پاشان زیافەتێکی شاهانە بەبەر چاوی پر ئیحترامی چەقەڵانەوە. وختێ کە شێر تێر بوو، چەقەڵان شیو دەخۆن. پێتان وایە ئەگەر شێرەکە نێچیرەکەی خۆی بەسەر میوانەکانیدا دابەش کردبا و خۆی بە پارچە گۆشتێکی بچوك قەناعەتی کردبا، میوانەکان خواردنێکی چاکترین پێ دەبڕا؟ بە هیچ جۆرێ.... چونکە شێر وا ئارام و ساڵحان هەنگینێ لە شێرایەتی دەکەوت و ناوی شێر نەدەبوو. ئەو پەڕەکەی“ ئەو پەڕەکەی سەگێك دەبوو کە هاوڕێیەتی کوێرێك بکا ! چونکە شێری وا لەگەڵ یەکەم پاڕانەوەی ترسدا، دەست لە کوشتن هەڵدەگرێ ودەکەوێتە

لستنەوە و تیمارکردنی زامی نێچیرەکەی. ئێوە باسی جانەوەرێکی خوێنخۆر، بە توانا و دەسەڵات، کە جگە لە کوشتار چ شتێکی دی لەبیر نەبێ، بۆ من بکەن. وەختێ ئەم جۆرە جانەوەرە دەنەڕێنێ ئاو دەزێتە زاری چەقەڵان هەر ئەم خەتیبە رونبێژە، لەم قسە کورتانەی خوارەوەیدا و بە هەمان رەوانی پێشوو، لەسەر بەراوردە ئاشکراکەی خۆی دەڕوا: (پیشەسازی کۆمەڵێ سەرچاوەی رزق دێنێتە ئاراوە کە کرێکار لە هەموو کەس پتری لە دەبا.)
من چاك دەزانم کە نووسەر، بەرپرسیاری ئەو قسانە نییە کە قارەمانانی نێو کتێبەکەی دەیکەن.

بەڵام لە زۆر شوێنا نووسەر هاتووە و بیر و باوەڕی خۆی دەربارەی ئەم قسانە دەربڕیوە، دیارە ئەمەش رێی ئەوەمان بۆ خۆش دەکا کە حوکم لەسەر بیروباوەڕی نووسەرەکەش بدەین. بەڵام سەر لەبەری شانۆنامەی (خۆراکی شێر) ئەوە نیشان دەدا کە گورول وەختێ پیشەسازی بە شێر، و کرێکاران بە چەقەڵ دەشوبهێنێ، تەواو هاوڕای جان دوسانسییە. هەموو شتێك ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەویش بەوپەڕی متمانەوە دەتوانێ هەمان قسەکانی قارەمانانی شانۆنامەکەی بڵێتەوە:(من باوەڕم بە شێر هەیە، من رێزم بۆ ئەو ماف و دەستکەوتانە هەیە کە شێر بە زەبری چنگ و پەلی خۆی وەدستی دێنێ) هەروەها ئامادەیە کرێکاران بەو چەقەڵانە بشوبهێنێ کە پاشماوەی سەرمایەداران دەخۆن. ئەویش وەکو جان دوسانسی خەباتی کرێکاران دژی سەرمایەداران وەکو خەباتی چەقەڵانی عەزرەتی دژ بە شێری توانا، سەیر دەکا. ئەم بەراوردە بیری بنەڕەتی شانۆنامەکەی ئەو پێك دێنێ و هەمان بیر چارەنووسی قارەمانە سەرەکییەکەی ئەو دیاری دەکات.

بەڵام ئەم بیرە، بە ئەندازەی نووکە دەرزییەك حەقیقەتی تێدا نییە. ئەم بیرە مەعنای حەقیقی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەی هاوچەرخ گەلێك لە سەفسەتە ئابورییەکانی باستیاف و لایەنگرە زۆرو زەبەندەکانی – بە بوهم– باوەرەکەوە– دەشێوێنێ. لە راستیدا چەقەڵا هیچ هەوڵێك نادەن بۆ دۆزینەوە و پەیداکردنی خۆراکی شێر لە حاڵێکا کە ئەوانیش لێی دەخۆن و تا رادەیەك برسێتی خۆیانی پێ دەشکێنن. بەڵام کێ دەتوانێ بڵێ کە کرێکارانی کارگەیەك بە هیچ جۆرێ بەشداری بەرهەم هێنان ناکەن؟ سەفسەتە ئابوریەکانی هەرچییەك بن، ئەوا چ گومانێك لەوەدا نییە کە ئەم بەرهەمە، بەرەی رەنجی کرێکارانە، ئاشکرایە خاوەن کاریش، وەکو بەڕێوەبەر و رەێکخەر بەشداری بەرهەم هێنان دەکا. وەکو بەڕێوەبەرایەتی و رێکخەر ئەویش بەشێکە لە کرێکاران. بەڵام هەموو دەزانن کە کرێ و هەق دەستی بەڕێوەبەری کارخانە شتێکە و سوود و قازانجی خاوەن کارخانە شێتکی دییە، وەختێ ئەو کرێ و هەقدەستە لەم سوود و قازانجە دەردەکرێ، شتێك دەمێنێتەوە بە ناوی سەرمایەوە. هەموو مەسەلەکە لەمەدایە کە بزانین بۆ ئەوەی دەمێنێتەوە، دەخرێتە سەرسەرمایە. دیارە لە وڕێنە رەوان و بێ گرێکنی جان دوسانسی دا کەمترین بچوکترین وەڵامی ئەم پرسیارەمان چنگ ناکەوێ. ئەو تەنانەت هەست بەوەش ناکا کە دەرامەتەکەی وەکو خاوەن بەشێکی گەورەی کارخانە، بە هیچ جۆرێ قابیلی پەردەپۆشی نییە– تەنانەت ئەگەر چواندنە تەواو نادروستەکەی، خاون کار بە شێرو کرێکار بە چەقەڵیش دروست بووبێ، چونکە ئەو هیچ جۆرە کارێك لەم کارخانەیەدا ناکات و کەچی ساڵانە دەرامەتێکی شایستەی پێ دەبڕێ.

گەر کەسێك لە چەقەڵ بچێ و لەسەر بەرهەم و کار و کۆششی کەسێکی دی

بژی، ئەوا ئەو کەسە دەکاتە ئەو سەهمدارەی کە هەموو کارەکەی بریبیتیە لە چاودێری سەهمەکەی خۆی و دەبێ بە جاڕدەری رژێمی بورژوایی کە ئەویش لە بەرهەم هێناندا بەشداری ناکات، بەڵام ورتکە خۆری سە سفرەی بەشکۆی سەرمایەیە.

بەداخەوە، گورول بە هەموو بەهرە و توانایەکییەوە، لە خانەی ئەم جۆرە جاڕچییانەدا دەگیرسێتەوە، گورول لە خەباتی نێوان کرێکاران و سەرمایەداراندا بە تەواوەتی لە ریزی سەرمایەداراندایە و وێنە و چەمکێکی تەواو هەڵە لەمەڕ پێوەندییە حەقیقییەکانی نێوان چەوساوان و چەوسێنەران، دەخاتە روو.

ئەدی شانۆنامەی (سەنگەر)ی بورجیت چییە؟ ئەم شانۆنامەیە بریتی لە پەیامێك کە ئەم نووسەرە نێودارە بە توانایە بۆ بورژوازی دەنێرێ و داوای لێدەکا تا یەك بگرن و دژایەتی پرولیتاریا بکەن. واتە هونەری بورژوایی زاڵ کردووە. دیارە نوێنەرانی ئەم جۆرە هونەرە چیدی ئەو مافەیان نییە کە بڵێن ئێمە بۆ (هەراو هەنگامە و ئاژاوەی ژیان و خەبات) نەخولقاوین. بە پێچەوانەوە، ئەوانە خۆیان بە دووی خەبات و ململانێدا دەگەڕێن و چ ترسێکیان لە هەراو ئاژاوەی زادەی ئەم خەبات و ململانێیە نییە. بەڵام ئەو خەباتەی کە ئەوان دەیانەوێ بەشداری تێدا بکەن، لە پێناوی چیدایە؟ مەخابن! لە پێناوی (بەرژەوەندی) دایە. هەڵبەتە لە پێناوی بەرژەوەندی شەخسی دا نییە. چونکە ماقوڵ نییە بڵێین خەڵکانی وەکو گورول وبورجێت لە پێناوی دەستکەوتی شەخسی دا بەرگری و داکۆکی لەسەرمایە دەکەن. ئەو بەرژەوەندییەی کە ئەوان داکۆکی لێدەکەن، بەرژەوەندی چینێکی

کۆمەڵایەتییە. دیارە ئەمەش جۆرە بەرژەوەندییەکە، جا با بزانین کە ئەگەر ئەم قسەیە دروست بێ، بە کوێمان دەگەیەنێ.

رۆمانسیەکان، لەبەرچی (بورژواکان)ی سەردەمی خۆیان دەبوغزاند؟ ئەوان، دوبانوڤیل گوتەنی بۆیە بورژواکانیان دەبوغزاند چونکە بورژواکان جگە لە پارە پەرستی چ ئاینێکیتریان نەبوو.

ئەدی نووسەرانی وەك: گورول، بورجیت و هامسون لە بەرهەمەکانیانیدا داکۆکی لە چی دەکەن؟ داکۆکی لەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانە دەکەن کە زۆرترین پارە بۆ بورژوازی دابین و مسۆگەر دەکا. ئیدی بزانە ئەم نووسەرانە تا چ رادەیەك لە رۆمانسییەکانی زەمانی کۆن دوورکەوتونەتەوە! چ شتێك ئەم دوورکەوتنەوەیەی هێناوەتە ئاراوە؟ چ شتێك نییە، تەنیا پرۆسەی حەتمی گەشە کردنی کۆمەڵایەتی نەبێ. تا ناکۆکییە تایبەتییەکانی ناوەوەی جیهانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تیژتر دەبوو، هونەرمەندانی وەفاداری بیی بورژوایی زەحمەتتر دەیانتوانی بە پێی تیوری هونەر بۆ هونەر کار بکەن و لە بورجی عاجیدا بمێننەوە.

پێ ناچێ لە دنیای ژیاری ئەمرۆدا، وڵاتێك هەبێ کە لاوەکانی، سەوداسەری بیرەکانی فردریك نیشتە نەبووبن، گەر تیوفیل گوتیە، بورژواکانی زەمانی خۆی دەبوغزاند، ئەوا فردیك نیشتە زۆر لەو زیاتر هاوعەسرانی (خەولێکەوتو) ی خۆی دەبوغزاند، نیشتە چ رەخنە و ئیرادێکی لێ دەگرتن؟ کەموکوڕی سەرەکییانە– کە سەرچاوەی کەموکورییەکانی تریشیان بوو– چیبوو؟ نیشتە رەخنەی لە هاوعەسرانی (خەولێکەوتوو)ی خۆی دەگرت کە ناتوانن وەکو خەڵکی شایستە و باڵای ناو کۆمەڵگە، بیر بکەنەوە، هەست

بکەن و کار بکەن، بۆ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئەو دەمە، ئەم رەخنەیە ئەوە دەگەیەنێ کە بۆ بەرگری لە سیستەمی بورژوایی و بەرەنگار بوونەوەی پەلاماری شۆڕشگێڕانەی پرولیتاریا، هێز و شێلگیری پێویست بەکار نەدەهێنرا. هەموومان کین و رقی نیشتەمان دەرهەق بە سیوسالستەکان لەبیرە.

با جارێکی دی ئەنجامی ئەم قسانە هەڵسەنگێنننەوە.

ئەگەر پۆشکین و رۆمانسییە هاوچەرخەکانی ئەو رەخنەی ئەوەیان لە (خەڵکی) دەگرت کە لە پێویست زیاتر لە خەمی خۆشگوزەرانی خۆ دابوون (یا لەخەمی مەنجەڵی خۆدا بوون) ئەوا نیو رۆمانسیەکانی ئێستا بە پێچەوانەوە گلەیی ئەوە لە خەڵکی دەکەن کە سست و دەستەوستانن و وەکو پێویست بەرگری لە مەنجەڵی خۆ ناکەن، واتە قەدری نازانن. وێڕای ئەمەش نۆ رۆمانسییەکانی وەکو رۆمانسیەکانی رابوردوو دەم لەسەربەخۆیی موتڵەقی هونەر دەکوتن. بەڵام ئایا دەشێت بە شێوەیەکی جدیانە دەم لەسەر بەخۆیی موتڵەقی هونەرێك بکوترێ کە حزمەتی هێندەی پێوەندی کۆمەڵایەتی کردبێ بە ئامانجی خۆی؟ هەڵبەتە نە! بێگومان ئەم جۆرە هونەرە خۆی لە خۆیدا ئامانجدارە و بەهەڵە ناوی هونەر بۆ هونەری بەسەردابڕاوە. حەقیقەتەکە ئەوەیە کە بەرای ئەوان– دیارە لێرەدا مەبەستم بەرژەوەندی شەخسی نییە، چونکە یەکێك دڵسۆزی هونەری خۆی بێ، بەرژەوەندی شەخسی زۆر لە لا مەبەست نییە– ئەوەی قابیلی بوغزاندنە ئەو سەرنج و بۆچونانەیە کە بەرژەوەندی (زۆربەی چەوساوان) رەچاو دەکا. کە چی بەلای ئەوانەوە بەرژەوەندی (کەمایەتییە چەوسێنەرەکە) بالاترین یاسایە، بەمجۆرە دەبینن کنوت هامسون یان فرانسوا دوگورول لە بارەی

ئامانجداری هونەرەوە، جیهانبینی و روانینێکی تەواو پێچەوانەی روانینی جیهانبینی تویفیل گوتیە یا فلوبیریان هەیە. وەکو دەبینین ئەمانیش لە هەندێ پێشداوەری موحافەزەکارانە بە دەر نین، بەڵام لەسەردەمی گوتیە و فلوبیر بەملاوە ناکۆککیە کۆمەڵایەتییەکان قوڵتر بوونەوە و ئەم پێشداوەریانە بە جۆرێك لە نێو هونەرمەندانی لایەنگری بورژوازی بڵاو بۆوە کە زۆر زەحمەتە کەسێك هەبێ و بتوانێ راستگۆیانە پەیڕەوی تێوری هونەر بۆ هونەر بکات.

هەڵبەتە مەبەستمان ئەوە نییە هەر هیچ کەسێك نییە بتوانێ شێلگیرانە پێڕەوی ئەم تێوریە بکات، بەڵکو ئێستا بە بەڵگەوە ئەوە نیشان دەدەین کە ئەم کارە لە سەردەمی ئەمڕۆی ئێمەدا یەکجار زەحمەتە و قورس دەکەوێتەوە.

نۆ رۆمانسییەکان حەز دەکەن باوەڕ بە خوێندن کە لەسەروی (چاکە و خراپە)وەن. دیارە ئەمەش کاریگەری نیشتەیە. بەڵام سەروی (چاکە و خراپە) دەکاتە چی و چ دەگەیەنێ! ئەوە دەگەیەنێ کە بەرهەمی مەزنی مێژوویی ئەوتۆ بنووسن کە بە چەمك و پێوەری چاکە وخراپە نەیەتە هەڵسەنگاندن، واتە بە پێوەر و چەمکانەی کە لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دیاری کراوەوە پەیدا بوون، نەیتە هەڵسەنگاندن. پیاوانی شۆڕشگێڕی فەرەنسای ساڵی ١٧٩٣ لە خەباتی خۆدا دژی کۆنەپەرستی، بێ چەند و چون کەوتبوونە سەرووی چاکە وخراپەوە. چونکە کارەکەی ئەوان تەواو ناکۆك بوو لەگەڵ چەمکی چاکە و خراپەی زادەی سیستەمی کۆمەڵایەیت کۆن. هەرچەندە ئەم ناکۆکییە هەمیشە پڕ ئازار و بە سوێیە، ئەوجاش قابیلی

چاوپۆشی نییە تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە ئەنجامی کاری ئەوە مرۆڤە شۆڕشگێڕانە– کە ناچارن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو خۆ بخەنە سەرووی چاکە و خراپەوە– بەریتی بێ لە رامالینی خراپە لەبەردەم چاکە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. بۆ گرتنی زیندانی باستیل دەبوا شەڕ لەگەڵ پاسەوانانی زیندانەکەدا بکرێ. ئەم شەڕە دەکاتە خۆ دانان بە شێوەیەکی لە سەرووی چاکە و خراپەوە، لەو سنوورەدا کە گرتنی باستیل کۆتایی بەسەرە رۆیی ئەو کەسانە دێنا کە خەڵکیان زیندانی دەکرد، چونکە پاشایانی زاڵم گوتەنی (حەزیان دەکرد) لە ژیانی کۆمەڵایەتی فەرەنسادا چاکە پیادە بکەن و خراپە نەهێڵن. بۆیە ئەمە پاساوی رەفتاری ئەو کەسانە بوون کە لە پێناوی رامالینی ئەم سەرەرۆییەدا ، خۆیان لە سەرووی چاکە و خراپەوە دادەنا.

بەڵام هەموو ئەو کەسانەی کە خۆ لە سەرووی چاکە و خراپەوە دەبینن ودادەنەن، ناتوانن بەمجۆرە پاکانە بۆ رەفتاری خۆ بکەن. بۆ نموونە ئیڤارکارانو لە پێناوی وەدی هاتنی بیری (ئازادی باڵندە ئاسا)ی خۆیدا بەسات کۆی لە پێشێل کردنی چاکە و خراپە نەدەکردەوە. ئێمە دەزانین کاکڵەی بیرەکانی ئەو بریتی بوو لە: خەباتی بێ وچان دژی بزووتنەوەی رزگاری پرولیتاریا. بۆیە خۆدانان لەسەروی چاکە و خراپەوە لەلای ئەو ئەوەی دەگەیاند کە ئەو فشە مافەش بە کرێکاران رەوا نەبینرێ کە بە زەبری خەباتی خۆ لە چنگی کۆمەڵگەی بورژوایی دەری هێنابوو. دیارە لەم حاڵەتەدا ئەگەر ئەو سەرکەوتبا ئەوا سەرکەوتنەکەی ئەو دەبووە مایەی زیاد بوونی خراپە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا نەك کەمبوونی خراپە.

بەمجۆرە بازدانی ئەو بەسەر چاکەو خراپەدا، واتە گیرسانەوەی لەسەروی چاکەو خراپەوە بە هیچ جۆرێ قابیلی چاوپۆشی نەبوو، هەر کاتێ مەبەست ئەوە بێ کە بە ئامانجێکی کۆنەپەرستانە بگەی، ئەوا مەسەلەی سەروی چاکەو خراپە لنگە و قوچ دەبێتەوە و هەرگیز قابیلی چاوپۆشی نابێ.

لەوەیە رەخنەی ئەوە لەمن بگیرێ کە ئەگەر ئیڤارکارانۆ لە روانگەی پرولیتاریاوە نەتوانێ پاکانە بۆ رەفتاری خۆی بکا ئەوا بێگومان لە روانگەی بورژوازییەوە ئەمەی بۆ دەکرێ. من لاریم لەم بۆچونە نییە و تەواو دروستە. بەلام لەم حالەتەدا روانگەی بورژوازی دەکاتە روانگەی کەمایەتییەکەی خاوەن ئیمتیازی بەرچاو تەنگی ئەوتۆ کە دەیەوێ تا ئەبەد درێژە بەتەمەنی ئیمتیازاتی خۆی بدات. بەلام روانگەی پرۆلیتاریا دەکاتە روانگەی ئەو زۆربەیەی کە دەیەوێ هەموو جۆرە ئیمتاێك بسرێتەوە و لە نێوبەرێ، بۆیە وەختێ کە دەگوترێ رەفتاری کەسێك لە روانگەی بورژوازییەوە پەسندە و پاکانەی خۆی هەیە، دەبێ ئەوەش بگوترێ کە رەفتاری ئەو کەسە لە روانگەی هەموو ئەو کەسانەوە کەنایانەوێ داکۆکی لە بەرژەوەندی چەوسێنەران بکەن، دزێوو ناپەسەند و مەحکەمە. دیارە ئەم راستییە مایەی ئاسوودەیی خەیاڵی منە، چونکە پرۆسەی حەتمی گەشە کردنی ئابووری دڵنیام دەکا کە ژمارەی دەستەی دووەم روو لە زیادییە.

ئەو نۆرۆمانسیانەی کە بەدڵ (خەولێکەوتووەکان) دەبوغزێنن و نەفرەتیان لێدەکەن، دەیانەوێ وەزعەکە بشلەقێ، بەلام ئەو بزووتنەوەیەی ئەوان مەبەستیانە، بزووتنەوەیەکی موحافەزەکارانەیە و لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاری سەردەمی ئێمەدا ناگونجێ. هەموو نهێنیەکی دەروونی ئەوان لەم کارەدا

خۆی مەڵاس داوە. ئەمە لە هەمان کاتدا ئەوە نیشان دەدا کە بە تواناترینیان ناتوانن بەرهەمێك بخولقێنن کە هاوتای بەرهەمی کەسانێك بێ کە جۆرە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوەیەکی تریان هەبووە، ئێمە پێشتر ئەوەمان ساغ کردەوە کە بیری سەرەکی شانۆنامەکەی فرانسوا گورول (خۆراکی شێر) هەڵەیە. دیارە بیری هەڵەش رەونەق و بایەخی کاری هونەری دەشکێنێ، چونکە پێکهاتی دەروونی کاراکتەرەکان دەشێوێنێ، هەڵبەتە پیشاندانی پێکهاتی دەروونی شێواوی جان دوسانسی کاراکتەری سەرەکی شانۆناکەمەی گورول کارێکی قورس نییە، بەلام ئەم کارە ناچارم دەکا لە بابەتەکە لابدەم. بۆیە بابەتێکی دی بە نموونە دێنمەوە تا بتوانم پوختەی بابەتەکە بخەمەڕوو. بیری سەرەکی شانۆنامەی (سەنگەر) ئەوەیە کە لەسەردەمی ئێمەدا دەبێ هەموو کەسێك هاوشان لەگەڵ چینی خۆیدا، بەشداری خەباتی چینایەتی بکا. بەلام با بزانین ئاخۆ بەرای بورجیت (خۆشەویسترین چارەی ئینسانی لەم درامایەدا کێیە؟)

گوشرون، ئەو کرێکارە پیرەیە کە لە کرێکارەکانی دادەبرێ و بە گەڵ خاوەن کارو سەرمایەداران دەکەوێ. رەفتاری ئەم کرێکارە لەگەڵ بیری بنەڕەتی شانۆنامەکەدا ناکۆکە، ئەم کابرایە تەنیا لەلای ئەوانە خۆشەویستە کە بورژو پەرستی تەواو کوێری کردوون. هەستی گوشرون، هەستی ئەو کۆیلەیەی کە بەرێزەوە دەڕوانێتە کۆت و زنجیرەکانی خۆی.

کۆنت ئەلسکی تولستوی ئەوەمان نیشان دەدا کەسانێك کە بەگیانی کۆیلەیەتی پەروەردە نەبووبن، زۆر زەحمەتە خۆشیان بە فیداکاری کۆیلەیەك دا بچێ و ئاوڕی لێ بدەنەوە. ڤاسیلی شیبانوف و (وەفاداری کۆیلە ئاسا)

سەرسامکەرەکەی وەبیر خۆتان بێننەوە کە چۆن وێڕای هەموو ئازار و ئەشکەنجەکانی وەکو قارەمانێك گیان دەسپێرێ:

تزار، تاقە وشەی سەرزاری ئەوە کە دەڵێ ئەرباب، هەزار ئەربابی لەدەم بەردەبێتەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا ئەم قارەمانە کۆیلە ئاسایە، سەرنجی خوێنەری ئەمڕۆ راناکێشێ و بە هیچ جۆرێ نایهێنێتە جۆش، چونکە زەحمەتە خوێنەری ئەمڕۆ لەوە تێ بگا کە چۆن (ئامێرێکی قسەوێژ) دەتوانێ لە پێناوی ئاغاکەیدا گیانی خۆی بەخت بکا.

جا گوشرونی پیرە مێرد لە شانۆنامەکەی بورجیت دا، هەمان شیبانۆفە کە لە (کۆیلەوە) بووە بە تازە پرۆلیتار، مەگەر تەنیا کەسانی کوێر بتوانن گوشرون بە (خۆشەویسترین وێنەی ئینسانی ئەم درامایە) بزانن، بەهەر حاڵ شتێکی بەڵگە نەویست لێرەدا بەدی دەکرێ، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر گوشرون خۆشەویست بێ، ئەوان بە پێچەوانەی ویستی بورجیتەوە ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کە مرۆۋ نابێ لەگەڵ چینەکەی خۆیدا بێ، بەڵکو دەبێ دوی ئەو چینە بکەوێ کە خواست و داخوازی دروستتری هەیە.

بورجیت کە ئەم کاراکتەری داهێناوە. تەواو لەگەڵ بیروبیرکردنەوەی خۆیدا کەوتۆتە ناکۆکییەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە وەختێ زیرەك و فرەزان گوشار دەخاتە سەر کەسانی دی، بەخۆی شێت دەبێ، وەختێ هونەرمەندێکی بە بەهرە و توانا ئیلهام لە فیکرێکی هەڵەوە وەردەگرێ ئەوا داهێنراوەکەی خۆی ون دەکا. جا هونەرمەندێکی ئەم زەمانە گەر بیەوێ

پشتیوانی لەبورژوازی بکا و دژی پرولیتاریا بوەستێ، بێگومان لەسەرچاوەیەکی دروستی فیکرییەوە ئیلهامی وەرنەگرتووە.

جارێکی دی دەیڵێمەوە کە هونەرمەندێکی لایەنگری بورژوازی لەم رۆژگارەی ئێمەدا زۆر زەحمەتە بتوانێ وەکو جاران پابەندو دڵسۆزی رێبازی هونەر بۆ هونەر بێ. دیارە بورجیت بەم بۆچوونە قایلە و ئەوەتا زۆر بنجبڕانە هەمان مەبەست دەڵێتەوە:(لەم شەڕە ترسناکە دەرونیانەدا کە هەندێ جار پێ دەچێ یاری بەسەرلەبەری ئایندەی نیشتمان و ژیار بکا. مەحاڵە کەسێك کە بیر بکاتەوە و هەستی هەبێ و هەڵچون و داچونی هەبێ، بتوانێ رۆڵی رێکودەرێکی بێ گیان و بێ دەسەڵات ببینێ.)

بەڵام لێرەدا پێویست بە روونکردەوەیەك هەیە.

لە راستیدا ئەو کەسەی کە مێشکی کاردەکا و هەستی لەدڵدایە ناتوانێ لەشەڕ و ململانێی ناو کۆمەڵگەی ئێستادا تەماشاکەرێکی بێ لایەن بێ. خۆ ئەگەر پێشداوەرییە بورژواییەکان مەودای دیدوروانینیان تەنگ کردبێ ئەوا دەچێتە سەنگەرێکە و ئەگەر پێشداوەرییە بورژواییەکان نەیان لەوتاندبێ ئەوا دەکەوێتە سەنگەرێکی دییەوە. ئەمە حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگرە، بەڵام رۆڵەکانی بورژوازی وەکو رۆڵەی هەر چینێکی دی مێشکی هەموویان کار ناکات، ئەوانەش کە مێشکیان کار دەکات و بیر دەکەنەوە، هەست و سۆزیان لە دڵدا نییە، ئەمانە ئێستاش دەتوانن لایەنگری نەگۆڕی تیوری هونەر بۆ هونەر بن. ئەم تیۆرییە بە ئاشکرا پەیوەستە بەوەوە کە گوێ بە بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت بەرژەوەندی تەسکی تاقە چینێکیش نەدرێ.

وا دیارە سیستەمی بورژوایی پتر لە هەر سیستەمێکی دی ئەم گوێ پێ نەدانەی پێ خۆشە و بانگەشەی بۆ دەکا. دیارە لە هەموو ئەو ژینگانەدا کە ئەوە لە دوای ئەوە بە بنەمای (هەرکەس بۆخۆی و خوا بۆ هەمووان) پەروەردە کراپن، ئاساییە خەڵکانی خۆ پەسەندی وەها هەبن کە جگە لە خۆیان و خۆشەویستی خۆیان بیر لە چ کەسێکی دی نەکەنەوە. وەکو دەبینین لە کۆمەڵگەی بورژوایی ئەمڕۆدا ژمارەی ئەم جۆرە خۆپەسندانە لە هەموو زەمانێك پترە. موریس بارس کە یەکێکە لە تیوریسێنە هەرە گەورەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، ئیعترافێکی راستگۆیانە لەم بارەیەوە دەکا:

(ئەخلاق و رەوشتی ئێمە، ئاین و مەزەبی ئێمە، هەستی نەتەوەیی ئێمە پاکی داروخاوەو شیرازەی پچڕاوە و ناتوانین رێ و رەسمی ژیانیان لێوە فێر ببین، بۆیە پێویستە تا مامۆستایانمان بیروباوەڕێك رۆ دەنەن، دەبێ بە ناچاری بە تاقە حەقیقەتەکە، واتە (من قابیل بن.)

وەختێ کەسێك جگە لە (من)ی خۆی هەموو شتێکی دی بەلاوە هیچ بێ، بێگومان چ شتێ ناتوانێ رێی ئەوەی لێ بگرێ کە ببێ بە پەیامنێرێکی بێ موبالاتی خەم و ساردی ئەو جەنگە گەورەیەی کە لە کۆمەڵگەی ئەوروپدا بەردەوامە. دیارە ئەمە وا نییە و بەڵکو شتێك هەیە کەرێی لێدەگرێ، ئەو شتەش دەقاودەق هەمان بێ عەلاقەیی کۆمەڵایەتییە کە بە ئاشکرا لەو نووسینەی سەرێی بارسدا دیتمان. چۆن دەشێت کەسێك لە چ عەلاقەیەکی بەم جەنگەو بەم کۆمەڵگەیەوە نەبێ، ببێ بە پەیامنێری خەباتی کۆمەڵایەتی؟ هەر شتێ پێوەندی بەم جەنگەوە هەبێ بەلای ئەوەو ناخۆش و بێزارکەرە. ئەگەر ئەم کەسە بابایەکی هونەرمەند بێ ئەوا لە بەرهەمەکانیدا چ ئاماژەیەك

بۆ ئەم جەنگە ناکات. ئەویش باوەش بە (تاقە حەقیقەتەکدا) واتە بە (من) دا دەکا و چونکە لەوەیە (من) کەی لە تەنیایی خۆی وەڕەز ببێ، بۆیە دنیایەکی سیحر ئامێز، واتە دنیایەکی بۆ دروست دەکا کە لە سەرووی دنیای زەمین و مەسەلە زەمنییەکانەوە بێ، ئەمە کارێکە کە گەلێك لە هونەرمەندانی ئەمڕۆ دەیەکن، ئەمە بوختانێك نییە کە من بۆیان بکەم، بەڵکو بەخۆیان ئەمە دەڵێن، ئەوەتا خاتوو ز. هیپوسی لەمەڕ ئێمە دەنووسێت: (بە باوەڕی من، عیبادەت یەکێکە لە پێداویستیە سروشتی و زەرورییەکانی خودی مرۆڤ. هەموو کەسێك یا عیبادەت دەکا یا بەلای عیبادەت دا دەچێ، ئیدی گرنگ نییە ئەمە عیبادەتە ئاگایانە بێ یا نائاگایانە بێ، گرنگ نییە عیبادەتەکە یا ئەو خوایەی کە عیبادەت دەکرێ چۆن بێ، چونکە ئەمە پەیوەستە بە توانا و مەیل و حەزی هەر عیبادەتکەرێکەوە. شیعر بە شێوەیەکی گشتی و دێڕەکانی بە شێوەیەکی تایبەتی، واتە موسیقای وشەکان تەنیا شێوەیەکە لەو شێوانەی کە لەرۆحی ئێمەدا عیبادەت دەگرێتە خۆ.) دیارە موسیقای وشە و عیبادەت یەك شت نین و بۆچونەکەی خاتوو هیپوس لەم بارەیەوە بێ بنج و بناوانە. لە مێژووی شیعردا، قۆناغی دوورو درێژ هەیە کە لەو قۆناغانەدا ئەم موسیقایە، واتە موسیقای وشە چ پێوەندییەکی بە عیبادەتەوە نەبووە. بەڵام باسەکەمان لەسەر ئەمە نییە. بەڵکو بە پێویستم زانی خوێنەر بە زاراوەکانی خاتو هیپیوس ئاشنا بکەم، چونکە گەر ئەمەم نەکردبا، لەوە بوو خوێنەر پاش خوێندنەوەی ئەم چەند دێڕەی خوارەوە، کە من بە لامەوە مەبەستە، هەست بەسەر لێ شێوان بکا.

خاتو هیپوس لەسەری دەڕواو دەڵێ:

(ئایا خەتای ئێمەیە کە هەر (من) ێکی تایبەتی لە (منە) گشتییەکان جودا

بۆتەوە و ئەوانی دی لێی تێ ناگەن؟ عیبادەت بۆ هەر یەکێك لە ئێمە پێویست و نزیك و لە هەمان کاتدا بە نرخە، شیعر بە واتای رەنگدانەوەی پڕبوونی کانی دڵ، بۆ ئێمە پێویستە. بەڵام بۆ کەسێك کە (من)ە پیرۆزەکەی شتێکی دییە.

عیبادەتەکەی من بۆ ئەو ئالۆز و نامەفهوم و بێگانە دەنوێنێ. هەستی تەنیایی، مرۆڤ لێکدی دوور دەخاتەوە، پتر تەنیایان دەکا و روح ناچار دەکا بە خۆیدا رۆبچێ، ئێمە شەرم لە عیبادەتەکانی خۆمان دەکەین، چونکە دەزانین بە هیچ کەسێکەوەمان نابەستێ، بۆیە بە دەنگی نزم بۆ خۆمانی دووبارە دەکەینەوە، و بەرەمز و هێمایەك قسە دەکەین کە تەنێ خۆمان لێی تێدەگەین.)

وەختێ خۆپەرستی بگاتە ئەم رادەیە، وەکو چۆن خاتو هیپوس، لە جێی خۆیدا ئاماژەی بۆ کردوە، لە راستیدا (دەرفەتی توانەوە لە عیبادەت)دا واتە (لە شیعردا) لەبەین دەچێ. بەڵام شیعر و بە شێوەیەکی گشتی هونەر، کە هۆیەکە لە هۆیەکانی نزیك بوونەوەی مرۆڤ لێکدی، لە ئەنجامی ئەوەدا زیان دەبینێ و ئەو پەیامە دەدۆرێنێ. لە تەوراتیش دا یەهودا رای گەیاند بوو کە تەنیایی بۆ مرۆڤ باش نییە. نموونەکەی خاتوو هیپوس، پشتیوانییە لەم قسەیە، خاتو هیپوس لە شیعرێکیدا دەڵێ:

رێی من، رێییەکە سەخت و دژوار
رێگەی مەرگە ئەو رێیە
بەڵام هێندەی خوایەك خۆم خۆش دەوێ
و ئەشق روحم رزگار دەکا.

لێرەدا هەڵوەستەیەك پێویستە، چ کەسێك خۆی (وەکو یا هێندەی خوایەك) خۆش دەوێ؟ دیارە کەسێکی خۆپەسەندی گەوج، هەڵبەتە خۆپەسندی گەوج، ناتوانێ چ روحێك رزگار بکا.

بەڵام مەسەلەکە ئەمە نییە کە بزانین ئایا روحی خاتوو هیپوس و هەموو ئەو کەسانەی خۆیان (هێندەی خوا) خۆش دەوێ، رزگار دەبێ یان نا. حەقیقەتەکە لەمەدایە کە ئەو شاعیرانەی خۆیان هێندەی خوا خۆش دەوێ ناتوانن بچوکترین ئاوڕ لەو رووداوانە بدەنەوە کە لە کۆمەڵگەی دەوروبەریاندا روو دەدەن، بدەنەوە. کە ئەمە توانایان بێ دیارە ویستەکانیشیان ئالۆزە و نامەفهوم دەبێ.

خاتو هیپوس لە شیعرێکیدا بە نێو (گۆرانی) بەمجۆرە (گۆرانی دەڵێ):

ئەفسوس! لە خەمێکی شێتانە دەمرم،
دەمرم و
خواستی خۆم نازانم.
نازانم
و نازانم لە کوێوە لە مندا هەڵایساوە
هەڵایساوە
بەڵام ئەوەی دڵ داوای دەکا، پەرجۆیەکە
پەرجۆیەکە
ئاخ، خۆزیا دەهات ئەو شتەی هەرگیز نەبووە
هەرگیز نەبووە
ئاسمانی رەنگ زەرد، بەڵێنی پەڕجویەکی پێیە
بەڵێنی پێیە
بەڵام من بۆ ئارەزوویەکی گوجراکەر بێ فرمێسك دەگریم

بێ ئەسرین دەگریم
خواستی دڵی من لەم دنیایە نییە
لەم دنیایە نییە.

راست دەکا، چونکە کەسێك کە خۆی هێندەی خوایەك خۆش بوێ و توانای تێکەڵ بوونی لەگەڵ خەڵکی دا، نەمێنێ، تەنیا ئەوەی بۆ ئەوەی دەمێنێتەوە ئومێد بە (پەڕجۆ) ببەستێ و داوای شتێك بکا کە (لە دنیا دا نییە) چونکە هەر هەموو ئەو شتانەی کە هەن سەرنجی راناکێشن و سوکنایی بە دڵی نابەخشن. سیرگیونی تسنکسی لە زمانی یەکێك لە کاراکتەرەکانییەوە (بابایوف) دەڵێ (زەردوویی هونەری هێناوەتە ئاراوە) دیارە ئەم پیاوە بە هەڵەدا چووە لەوەی کە هەموو جۆرە هونەرێك (زەردوویی هێناویەتێ ئاراوە) بەڵام ئاشکرایە کە هونەرێك روو لەو تە بێ کە (لە دنیادا نییە) زادەی زەرودووییە، ئەم هونەرە نیشانیە هەرەسی یەکجارەکی سیستەمێکی تەواوی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، بۆیە پڕ بە پێستی خۆیەتی کە ناوی هونەری روخاویان لێناوە.

دروستە، ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی کە هەرەس هێنانی بەم هونەرە دیاری دەکرێ– واتە سیستەمی پێوەندی بەرهەم هێننی سەرمایەداری– هێشتا لە وڵاتی ئێمەدا زۆری ماوە هەرەس بێنێ، چونکە سەرمایەدای هێشتا بە تەواوەتی بەسەر سیستەمی کۆندا زاڵ نەبووە، بەڵام لە سەردەمی بوتریسی یەکەم بە دواوە، ئەدەبیاتی روسی بە تەواو کەوتە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی رۆژئاواوە. بۆیە ئەم ئەدەبیاتە هەندێ جار کەوتۆتە ژێرکاریگەری ئەو رووداوانەوە کە تایبەتن بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکنی ئەوروپای

رۆژئاواوە و پێوەندییەکی یەکجار کزی بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییە تا رادەیەك دواکەوتووەکانی روسیاوە هەیە.

سەردەمانێك هێندێ لە ئەشراف و دەرەبەگانی ئێمە زۆر بەگەرم و گوڕی بە پیری تیوری ئەنسکلوپیدیستەکان و بیروباوەڕی ئەوانەوە دەچوون، کە تیوۆرییەك بوو تایبەت بوو بە یەکێك لە دوا قۆناغەکانی خەباتی چینی سێیەم دژ بە ئەشراف و دەرەبەگی فەرەنسا، (پەراوێز: حاڵەتی ستایشی توندرەوانەی ئەشرافانی روسی دەرهەق بە ئەنسکلوپیدیستەکانی فەرەنسا، هەرچەندە لەباری پراتیکییەوە چ ئاکامێکی جیدی نەبوو، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا سوودبەخش بوو، چونکە هێندێ لە پێشداوەرییە ئەشرافییەکانی لە مێشکی ژمارەیەك دەرکرد. بە پێچەوانەوە هەواداری ئێستای هێندێ لە (رۆشنبیران)ی ئێمە لە بیری فەلسەفی و زەوقی ئێستاتیکی بورژوای رو لە نەمانە، زیانە بەخشە، چونکە کۆمەڵێك پێشداوەری بورژوایی کە پێوەندی بە قۆناغی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی روسیاوە نییە، لە مێشکی رۆشنبیرانی ئێمەدا جێگیر دەکا. ئەم پێشداوەرییانە، هیندێ جار کار لە خەڵکانێکی روسی دەکەن کە لە بنەڕەتدا هەواداری بزووتنەوەی پرولیتارین. بەمجۆرە تێکەڵەیەکی سەیری سوسیالزم و جۆرە مۆدەپەروەرییەکی زادەی ئاوا بوونی بورژوازییان لا دروست دەبێ. ئەم ئاڵۆزی و سەر لێ شێواوییە تەنانەت لەباری پراتیکیشەوە زۆر زیان دەخاتەوە.) لەسەردەمی ئێستاشدا زۆر لە رۆشنبیرانی ئێمە بەتاسەوە روو دەکەنە تیورییە کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و ئیستاتیکییەکانی سەردەمی هەرەس و داتەپینی بورژوازی ئەوروپای رۆژئاوا. هەڵبەتە ئەم حاڵەتی توندڕەوییە لە پرۆسەی گەشە کردنی کۆمەڵایەتی ئێمە لە پێشترە، وەکو چۆن حاڵەتە توندڕەوەییەکەی خەڵکی سادە هەژدەمیش

سەبارەت بە ئەنسکلوپیدیستەکان لە پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ئەو دەمە لە پێشتر بووز

(پەراوێزەکەی پێشتر لێرەوەیە، وەرگێڕ) ئەگەر سەرهەڵدان و پەیدابوونی هونەری لاواز و بێ گیان و هەرەس بردوو لە روسیادا وەکو پێویست لە ڕێگەی هۆکارە ناوچەییەکانەوە روون نەکرێتەوە، ئەوا ئەم کارە بە هیچ جۆرە لە ماهیەتی خودی ئەم هونەرە ناگۆڕێ. ئەم هونەرە لە رۆژئاواوە هاتۆتە وڵاتی ئێمە و لێرەشدا وەکو خۆی ماوەتەوە.

رەنگە خاتوهیپوس گلەیی ئەوەم لێ بکا کە من خۆپەسندانە و بێ ئەقڵانە تاوانبارم کردووە بەوەی کە سەبارەت بە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان بێ موبالاتە، بەڵام یەکەم من چ تاوانێکم لێ بار نەکردووە و بوختانم بۆ نەکردووە بەڵکو تەنیا پشتم بە شیعرەکانی خۆی بەستووە و ڕێباز و دیدوبۆچونی شیعرەکانیم نیشان داوە، ئیدی لەم کارەدا سەرکەوتووم یا بەبەسەرسەرردا کەوتووم. ئەمەیان خوێنەران دەیزانن و بۆیان هەیە حوکمی لەسەر بدەن. دووەم ئاگاداری ئەوە هەم کە خاتو هیپوس ئەمرۆکە خۆی لە لێکۆڵینەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیش نابوێرێ. بۆ نموونە ئەوەتا بە هاوکاری برادەران د. مەرژۆکفسکی و د.فیلوزوف کتێبێکی کۆمەڵایەتی نووسیوە کە لە ساڵی ١٩٠٨ دا لە ئەڵمانیا بڵاوبۆتەوە. ئەم کتێبە بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە خاتو هیپوس چەند پەرۆشی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی روسیایە و لێی بێ ئاگا نییە. تەنێ خوێندنەوەی پێشەکی کتێبەکە بەسە بۆ ئەوەی دڵنیابین کە نووسەرانی کتێبەکە تاقە خواستیان (شتێکە کە نایزانن) لە کتێبەکەدا ئەوە گوتراوە کە ئەوروپا ئەو کارە دەناسێ کە شۆڕشی روسیا ئەنجامی داوە،

دەیناسێ بەڵام چ ئاشنایەتییەکی بە رۆحی ئەو کارە نییە، بێگومان لەبەر خاتری ناساندنی رۆحی شۆڕشی روسیا بە ئەوروپا بووە، کە ئەو نووسەرانە ئەم مەبەستانەی خوارەوەیان بۆ ئەوروپاییەکان نەقڵ کردووە:

(ئێمەش وەکو ئێوەین، وەکو چۆن دەستی چەپ لە دەستی راست دەچێ، ئێمە لەگەڵ ئێوەدا یەکسانین، بەڵام بە پێچەوانەوە" ئەگەر کانت زیندوو بوایە دەیگوت کە رۆحی ئێمە لەسەر بناغەی تەعالی گەری رۆنراوە و رۆحی ئێوە لەسەر بناغەی دیار دەگەری. ئەگەر نیشتە زیندووبوایە دەیگوت کە ئەپولو بەسەر ئێوەدا زاڵە و دیونیزوس بەسەر ئێمەدا، بلیمەتی ئێوە لە رۆشنبیریدایە و هی ئێمە لە تەکان و بەرزەفریدا، ئێوە دەزانن کاتێ دەبێ بوەستی، ئەگەر دیوارێك بێتە رێتان یا دەوەستن یا بە دەوریا پێچ دەکەنەوە، ئێمە بەسەرا خۆمانی پێدا دەکەین. ئێمە زۆر بە زەحمەت دەکەوینە جۆڵە، بەڵام کە کەوتینە رێ ئیدی ناتوانین بوەستین. ئێمە ئاسایی نارۆین، غار دەدەین، بگرە باز دەدەین، هەر بە بازدان سوکناییمان نایەت بەڵکو بەسەرسەرا خۆ هەڵدەدەین، ئێوە حەز لە میانەرەویی دەکەن، ئێمە لە توندرۆیی، ئێوە داد و ئینسافتان هەیە، بەڵام لای ئێمە هیچ جۆرە یاسایەك نییە، ئێوە دەتوانن هاوسەنگی رۆحی خۆتان بپارێزن و کۆنترۆڵی بکەن، بەڵام ئێمە لە هەموو دەرگایەك دەدەین تا لە دەستی دەدەین، ئێوە خاوەنی ئیمپراتۆریەتی ئێستان، ئێمە عەودالی ئیمپراتوریەتی ئایندەن. ئێوە لە دوا شیکردنەوەتاندا قودرەت و دەسەڵاتی دەوڵەت دەخەنە سەرووی هەموو ئەو ئازادیانەوە کە بە دەستتان هێناوە. کەچی ئێمە لە هەرەتی ئەو کاتانەشدا کە کۆیلە ئاسادەست و پێ بە کۆت و زنجیرین، هەر یاخی و ئەنارشیستین، ئەقڵ

و هەستی ئێمە تا ئەوپەڕی سەلبیەت ڕێنوینی دەکرێن و ئەوجاش لە قوڵایی ناخماندا عیرفانی خۆ وەکو چۆن هەیە دەپارێزین.

لە لاپەڕەکانی دواتری ئەم کتێبەدا، ئەوروپاییەکان لەوە ئاگادار دەکرێن کە شۆڕشی روسیا بە ئەندازەی هەمان حکومەت کە شۆڕشەکەی دژ کراوە، دکتاتۆرە، هەرچەندە ئامانجی هوشیارانەو ئەزمونی شۆڕشەکە سوسیالزمە، بەڵام ئامانجە نائاگایانە و عیرفانییەکەی جگە لە ئەنارشیزم چ شتێکی دیکە نییە. نووسەرانی کتێبەکە لە ئەنجامدا ئەوە رادەگەیەنن کە رووی دەمیان لە بورژوازی ئەوروپا نییە بەڵکو لە... پێتان وایە لە پرولیتاریایە؟ غەدەر کەن و بەهەڵەدا دەچن. بەڵکو رووی دەمیان لە چەند نوێنەرێکی پەراگەندەی رۆشنبیری جیهانە کە موریدی باوەڕەکانی نیتشەن.

من نامەوێ لێرەدا چ موناقەشەیەك بکەم، تەنیا ویستومە حاڵەتی روحی هێندێ توێژی کۆمەڵایەتی نیشان بدەم و روون بکەمەوە. هیوادارم ئەو چەند قسەیەی لەسەرێ را وەکو نموونە هێنامنەوە بە ئەندازەی پێویست ئەوەی نیشان دابێ کە خاتو هیپوییس تەنانەت وەختێ کە بایەخ بە مەسەلە کۆمەڵایەتیەکانیش دەدا، دیسان هەمان کەسەکە لە شیعرەکانی سەرەوە را ناسیومانە، واتا هەمان رۆشنبیریی بەزیوی بازاڕی و تاك پەروەرە کە چاوەڕوانی (پەڕەجووە) دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چ جۆرە پێوەندییەکی جیدی بە ژیانی راستەقینەی کۆمەڵایەتییەوە نییە. لوکونت دولیلی کەدەڵێ شیعر ئەمرۆکە ژیانێکی ئایدیالستی بۆ ئەو کەسانە دەرەخسێنێ کە ژیانی واقیعیان نییە. بەڵام وەختێ مرۆڤێك هەموو پێوەندییەکی مەعنەوی خۆی لەگەڵ جیهانی دەوروبەریدا لەدەست دەدا، ئەوا

ژیانە ئایدیالییەکەشی چ پێوەندییەکی بە جیهانەوە نامێنێ. لەم حاڵەتە فانتازیا بەرەو ئاسمانی هەڵدەکێشێ و دەچێتە مەداری عیرفانەوە، بۆیە بۆچونی سەراپا ئاوێتە بە عیرفانی خاتوو هیپیوس دەربارەی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان چ شتێکی بە سوودی لەگەڵ خۆدا هەڵنەگرتووە. ئەویش وەکو هاوکارەکانی کەوتۆتە هەمان هەڵەوە کەوا دەزانێ تینوێتی ئەو بۆ (پەڕجوو) و رەفزی (عیرفانی) ئەو بۆ سیاسەت، وەکو زانستێك نیشانەی رەگەزە سواوەکانی روسیایە، (پەراوێز: هەڵبەتە ئەنارشیزمی عیرفانی ئەو کەسی نەدەترساند. ئەنارشیزم بە شێویەکی گشتی، ئەنجامێکی توندڕەوانەی سەرەتا بنەڕەتییەکانی ئایدیالیزمی بورژواییە، بۆیە زۆر جار دەبینین ئایدۆولۆگانی بورژوایی لە قۆناغی هەرەس و داتەپین دا پشتیوانی لە ئەنارشیزم دەکەن. موریس پارسش لەو کاتانەد کە سوور بوو لەسەر ئەوەی (من) تاقە حەقیقەتە، روو لە ئەنارشیزم بوو. بەڵام ئێستا چ پێوەندییەکی ئاگایانەی بە ئەنارشیزمەوە نییە، چونکە لە مێژە بەرزەفڕی بەناو تاك پەروەری بارسیانە نیشۆتەوە و باوی نەماوە. بارس، بە قبوڵ کردنی سواوترین جۆری ناسیونالزم کە بۆچوونێکی کۆنەپەرستانەیە، گەییوەتەوە هەمان ئەو باوەڕانەی خۆی کە سەردەمانێك بە (شیرازە پچڕاو)ی نێودەبردن. دیارە ئەمە جێی سەرسوڕمان نییە، چونکە توندرەوترین ئایدیالیزمی بورژوایی دەگاتە (کۆنەپەرستانەترین بیروباوەڕ) جا با خاتو هیسپوس و برادەران مژروکفسکی و فیلوزوفف ش ئەمە چاك بزانن.) رۆژاوای (بە ویقار) زۆر پێش روسیای (جەنجاڵ) خەڵکانێکی بە خۆ بینی کە لەبەر بۆچونە ناماقوڵەکان دژی ئەقڵ هەستابوون. ئەریك فالك کە یەکێك بوو لە کاراکتەرەکانی (پرزی بیشوسکی) تەنیا لەبەر ئەوە، سوسیال دیموکراتەکان

(ئەنارشیستە هۆڵ نشینەکان)ی وەك ماکی بەر دەمرێژی جنێوان دەدا کە زیاد لە پێویست باوەڕیان بە ئەقڵ هەیە. ئەمە رەگەزە بەزیوە دۆڕاوە نارووسیە دەڵێ:

(هەموو داوای شۆڕشی هێدی و ئارام دەکەن، هەموو دەیانەوێ چەرخی شکاوی ئەو مەکینەیەی کە لە حاڵی حەرەکەتدایە، بە چەرخێکی نوێ بگۆڕن، دیارە سەرلەبەری بونیادی دوگماتیزمی ئەوان بەهۆی مەنتیقە زاتییەکەیەوە، پۆچ و بێهودەیە. بێهودەیە، چونکە لەسەر بناغەی دەسەڵاتی موتڵەقی ئەقڵ رۆنراوە. ئەوەی تا نهو بەدی هاتووە، ئەقڵ بەدی نەهێناوە، بەڵکو بەهۆی حەماقەت و رووداوو پێشهاتە کزو لاوازەکانەوە هاتۆتەدی.)

ئاماژەکردنی فالك بۆ (حەماقەت) و (پێشهاتە کزوپوچەکان) هەر هەمان (پەڕەچووە) کە سەرانسەری کتێبە ئەڵمانییەکەی خاتوو هیپویس و برادەران مرژۆکفسکی و قیولزوففی داگیر کردووە.

فیکرەکە هەر هەمان فیکرە و نێوەکەی گۆڕاوە، دیارە ئەمەش ریشەی لە هزرگەری توندرەوانەی بەشێکی زۆری رۆشنبیرانی بروژوایی ئەمرۆکەدا دا کوتاوە. وەختێ کەسێك کە (من)ی خۆی بە (تاقە حەقیقەت) بزانێ، زۆر بە زەحمەتە بەوە قاییل بێ کە جۆرە پێوەندییەکی بابەتی و (ماقول) واتە دیاریکراو بەهۆی یاساکانەوە– لە نێوان ئەم (من)ەو جیهانی دەرەوەی منەکەدا هەبێ. چونکە جیهانی دەرەوەیبە بۆچوونی ئەو کەسە یا بە تەواوی نا واقیعییە یا تەنیا تا رادەیەك واقیعیەتی تێدایە. واتە تەنیا لەوە رادەیەدایە کە بونی ئەو واقیعیەتە لەسەر بناغەی تەنیا حەقیقەتەکە، واتە لەسەر بناغەی (من) رۆنرابێ، خۆ ئەگەر ئەو کەسە فەلسەفە دۆست بێ، ئەوا دەڵێ

کە (من)ەکەی ئێمە لە خەلق کردنی جیهاندا بەلای کەمەوە بەشێك لە ئەقڵ و هۆشی خۆی پێ دەبەخشێ، چونکە بابایەکی فەیلەسوف ناتوانێ بە تەواوەتی نکوڵی لە ئەقڵ و هۆش بکا.

بەڵام ئەگەر ئەو کەسەی (من) ی خۆی بە تاقە حەقیقەت دەزانێ و چ مەیلێکی فەلسەفی لا نەبێ، ئەوا لەخۆی ناپرسێت کە (من) ی ئەو بە چ شێوەیەك جیهانی دەرێی خەلق کردووە، بۆیە لەم حاڵەدا قاییل نییە بەوەی کە لە جیهانی دەرەوەدا تەنانەت بەشێکی بچوکیش لە ئەقڵ هەیە، واتە یاسایەك هەبێ. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم جیهانە بە زادەی (پێشهاتی پوچ) دەزانێ، خۆ ئەگەر بە رێکەوت بایەخ بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بدا، ئەوا فالك ئاسا دەڵێ سەرکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە بەندە بە (حەماقەت)ی بەشەرەوە نەك بە پرۆسەیەکی رێکوپێکی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییەوە. هەڵبەتە بۆچونی عیرفانی خاتو هیپویس و هەردوو هاوکارەکەی لەمەڕ بزوتنەوەی رزگاری روسیا، لە بنەڕەت دا چ جیاوازییەکی لەگەڵ بۆچونی فالك دا نییە کە رووداوە گرنگەکانی مێژوو دەبەستێتەوە بە هۆیە (پوچەکانەوە)، هەر چەندە ئەم نووسەرانە ویستوویانە لە رێگەی نیشاندانی ئازادی خوازی بێ سنووری خەڵکی روسیاوە، ئەورووپا سەرسام بکەن، بەلا بەمە دیارترین پێگەی رۆشنبیرانی بەزیویان بۆ خۆ هەڵبژاردووە، ئەو رۆشنبیرانەی کە تەنیا روو دەکەنە شتگەلێك کە (نین و هەرگیز نابن) ئەو رۆشنبیرانەی کە ناتوانن روو بکەنەوە شتگەلێ کە بەراستی هەن. بۆیە بەرهەمی سیستەمی عیرفانی ئەوان بە هیچ جۆرێ ئەو ئەنجامگیرییە ناسرێتەوە کە من لە شیعرەکانی خاتو هیپوسەوە دەرم هێناوە.

کە دەرگای ئەم باسەم کردەوە، وا چاکە بیروبۆچونی خۆمی دەربارە، بەتەواوی بخەمە روو، رووداوەکانی ساڵانی ١٩٠٥–١٩٠٦ کارێکی زۆری کردە سەر رەگەزە بەزیوەکانی روسیا، کارێکی بە هیچ جۆرێ لە کار تێکردنی رووداوەکانی ساڵانی ١٨٤٨–١٨٤٩ بۆ سەر رۆمانسیەکانی فەرەنسا کەمتر نەبوو. ئەم رووداوانە جۆرە ئاوڕدانەوەیەکی سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی لەلا بێدار کردنەوە، بەڵام ئاوڕدانەوەی بەزیوەکانی روسیا زۆر کەمتر بوو لە ئاوڕدانەوەی هونەرمەندە رۆمانسییەکانی فەرەنسا.

با بێینەوە سەر هونەری ئەمرۆ، وەختێ کەسێك ئامادە بێ (من)ی خۆی بە تاقە حەقیقەت بزانێ، ئەو دەمە وەکو خاتو هیپیوس خۆی (وەکو خوایەك) خۆش دەوێ، هەڵبەتە ئەمە شتێکی ئاشکرا و حاشا هەڵنەگرە. جا کەسێك خۆی (وەکو خوایەك) خۆش ویست، هەنگینێ لە کارە هونەرییەکانیشی دا تەنێ بیر لە خۆی دەکاتەوە. جیهانی دەرەوە تا ئەو رادەیە لای ئەو پەسەندە دەبێ کە لەگەڵ (تاقە حەقیقەتەکە) دا واتە لەگەڵ (من)ە پیرۆزەکەدا بگونجێ. لە شانۆنامەی (کەشتی پڕ گوڵ) ی سودەرماندا، خاتو ئارفلینگن لە دیمەنی یەکەمی پەردەی دووەمدا بەمجۆرە کیژەکەی دەدوێنێ: (خەڵکانی هاوپلەو پایەی ئێمە بۆیە هەن تا بەو شتانیە لەم جیهانەدا هەیە ئاسۆیەکی شادی ببەخشنە ئەو شتانەی بەبەرچاویاندا تێدەپەڕێ یا پێ دەچێ تێ بپەڕێ. چونکە ئەوی راستی بێ ئێمە خۆمان لە حاڵی حەرەکەت و تێپەڕین داین. چ سەنگ و تەرازوویەکشمان پێویست نییە بۆ سەلماندنی ئەم حەقیقەتە.)

ئەم قسانەی بەراشکاوی ئامانجی ژیانی ئەو کەسانە نیشان دەدا کە پابەندی جیهانەکەی خاتوو ئارفلینگن، ئەم کەسانە دەتونن بە متمانەی تەواوەوە قسەکانی بارس دووبارە بکەنەوە کە (من تاقە حەقیقەتە.) ئەمانە وا دەڕوانن هونەر کە هۆیەکە بۆ رازاندنەوەی ئەو ئاسۆیەی کە (پێدەچێ) بەبەرچاویاندا بڕوا.

ئەمە جگە لەوەی ئەمانە هەوڵیش دەدەن چ سەنگ و تەرازوویەکی زیادە بەکار بێنن، هەڵبەتە ئەوانە سەبارەت بە نیوەرۆکی ئایدولۆژی بەرهەمی هونەری یا بە تەواوی خۆ گێل دەکەن، یا بە پاشکۆیەکی خواستە میزاجییەکانی خۆیانی دەزانن، ئەو خواستانەی کە لە زهنگەری موتڵەقیانەوە هەڵدەقوڵێ.

ئەوجا با بێینە نیگار کێشی.

ئەمپرسیونستەکان، بەر لە ئێستا سەبارەت بە نیوەرۆکی ئایدولۆژی بەرهەمەکانی خۆیان ئەوپەڕی خەم ساردی و بێ موبالاتیان نیشان داوە. یەکێك لەو ئەمپرسیونستانە بە قەناعەتی تەواوە بیروباوەڕی خۆی لەم بارەیەوە دەردەبڕێ، دیارە بیروبۆچونی ئەو رەنگدانەوەی بیروباوەڕی هەموو ئەمپرسیونستەکانی دیکەشە– و دەڵێ: روناکی (نور) کاراکتەری سەرەکی هەر تابلۆیەکە، بەڵام هەستکردن بە روناکی تەنیا هەستە، واتە هێشتا نەبووە بە فیکر، نیگارکێش ئەگەر خۆی تەنیا بە هەستێکەوە گرێ بدات، دیارە دەرهەق بە فیکر، خەم سارد و بێ موبالات دەبێ، هەڵبەتە ئەم تابلۆ سازە دەتوانێ دیمەنێکی جوان وێنە بکێشێ و لە راستیش دا ئەمپرسیونیستەکان گەلێ دیمەنی جوانیان وێنە کێشاوە. بەڵام دیمەنێك ناکاتە سەرلەبەری نیگارکێشی. ئێوە دیمەنی (دوا شامی مەسیح و یاوەرەکانی) داڤیشی

بێننەوە یادی خۆ، ئایا کاراکتەی سەرەکی ئەم نیگارە بەنێو بانگە روناکییە (نور)؟ ئێمە دەزانین کەبابەتی ئەم تابلۆیە بریتییە لەو ساتە دڵتەزێنەی کە مەسیح بە پێڕەوو موریدەکانی دەڵێ: (یەکێك لە ئێوە خیانەتم لێدەکا) هەموو هەوێکی لیونارد داڤنشی بریتیە لە نیشاندانی حاڵەتی مەسیح و– کە بە خۆیشی ئازار بەم کەشفکردنە سامناکەوە دەچێژێ– حاڵەتی روحی موریدەکانێتی کە ناتوانن باوەڕ بکەن بابایەکی خاین دزەی کردبێتە نێو گروپە چکۆڵەکەیانەوە. خۆ ئەگەر تابلۆسازەکە وای بیر کردباوە کە کاراکتەری سەرەکی تابلۆکە دەبوا روناکی بایە، هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە کە ئەم درامە بکا بە تابلۆیەك. خۆ ئەگەر ئەم تابلۆیەشی کێشابا، هەرگیز حاڵەتی روحی مەسیح و موریدەکانی نەدەکرد بە هەوێنی هونەری تابلۆکە. بەڵکو دیوارەکانی ئەو تەلارەی کە تێیدا دانیشتون، ئەو مێزەی لە دەوری دانیشتون و تەنانەت لەشی بنیادەمەکانی دەکرد بە هەوێن، جا لەو حاڵەتەدا لە بری ئەوەی درامێکی دەروونی دڵتەزێنی خستبایە بەردەممان، ئەوا کۆمەڵێك پەڵە روناکی دەخستە بەردەممان. بۆ وێنە پەڵەیەك لەسەر دیواری تەلارەکە، یەکێکی دی لەسەر فەرشەکە، یەکێکی دی لەسەر کەپوی یەهودا، یەکێکی دی لەسەر گۆنای مەسیح و ...هتد. ئەو هەستەی کە تابلۆیەکی وەهای لای بینەری بەرجەستە دەکرد، زۆر لاوازتر دەبوو، کارە هونەرییەکەی داڤنشی بایەخێکی یەکجار کەمتری دەبوو.

هەندێ لە رەخنەگرانی فەرەنسی، ئەمپرسیونیزمیان شوبهاندووە بە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا.

هەڵبەتە ئەم شوبهاندنە بێ بنج و بناوانە، چونکە ئەگەر ئەمپرسیونیستەکان ریالیستش بووبن، ئەوا ریالزمی ئەوان گەلێك سەرسەری (سگحی) بووە و لە

(توێژاڵی دیاردەکان) هێوەتر نەچووە، بەمجۆرە کاتێ ئەم تەرحە ریالزمە پێگەیەکی گرنگ لە هونەری هاوچەرخدا دەگرێ– وەکو گرتیشی– ئیدی ئەو هونەرمەندانەی لە سێبەری ئەم قوتابخانەیەدا کار دەکەن تەنێ دوو رێگەیان لەبەردەم دەمێنێ، یا خۆ بەستنەوە بە هەمان (توێژاڵی دیاردەکان) یا قوڵ بونەوە و بەزاندنی سنووری (توێژاڵی دیاردەکان) واتە پەی بردن بە هەڵەی ئەمپرسیونیستەکان و قاییل بوون بەم حەقیقەتەی کە کاراکتەری سەرەکی لە هەر تابلۆیەك دا روناکی نیە بەڵکو مرۆڤە بە هەموو هەست و بیرە جۆراوجۆرەکانییەوە، لە راسیتدا هەمان بابەت و مەبەستەکە لە بەرهەمی نیگارکێشی مۆدرندا دەکەوێتە بەرچاو. خۆبەستنەوە بە (توێژاڵی دیاردەکان) چ بەرەنجامێکی نابێ جگە لەم تابلۆ پڕ ناکۆکیانەی کە بە هۆشترین رەخنەگران لە بەردەمی دا واق وڕما و دان بەوەدا دەنێن کە نیگارکێشی هاوچەرخ بە قۆناغێکی (قەیرانی درێوی) دا دەڕوا، خۆ ئەگەر ئەوە رەچاو بکەین کە خۆ بەستنەوە بە (تۆێژاڵی دیاردەکان) ەوە مەحاڵە، ئەوا ناچارین ناوەرۆکێکی ئایدولۆژی پەیدا بکەین و تەسلیمی ئەو شتە ببین کە لە رابوردیەکی نزیك دا دەیان سوتاند، هەڵبەتە بە خشینی ناوەرۆکی ئایدولۆژیش بە بەرهەمی خۆ کارێکی ئاسان نییە. فیکر شتێك نییە کە لە دەرێی جیهانی واقیعی دا بوونی هەبێ، رەگوریشەو و دەوڵەمەندی فیکری هەر کەسێك بەندە بە پێوەندییەکانی ئەو کەسەوە لە گەڵ جیهانی واقیعیدا، بۆیە کەسێك کە (من)ی خۆی بە (تاقە حەقیقەت) بزانێ، بێگومان لەباری فیکرییەوە زۆر هەژار دەبێ، ئەم جۆرە کەسانە نەك هەر فیکریان نییە، بەڵکو توانای وەدەست هێنانی فیکرییشیان نابێ.

وەختێ کە شتی باش نەبێ بە ناچاری بەو شتەی کە هەیە قاییل دەبی، دیارە وەختێ کە فیکرێکی رۆشن نەبێ، ئەوا پەنا دەبرێتە بەر هێمای ئالۆز و نیمچە فیکری زادەی عیرفان و سەمبولیزم و..هتد. کە هەر هەمووئەمانە لە نیشانەکانی قۆناغی هەرەس هێنانن (الخگاگ).

بە کورتییەکەی ئەوەی لە بواری نیگارکێشی دا بینیمان، لە بواری ئەدەبیاتیش دا هەر وایە، واتە ریالیزم بەهۆی سستی خۆیەوە هەرەس دێنێ و کۆنەپەرستێتی ئایدیالستی زاڵ دەبێ.

ئایدیالزمی زهنی هەمیشە پشتی بەم بیرە بەستووە کە جگە لە (من)ی ئێمە چ حەقیقەتێکی دی نییە، لەگەڵ هەموو ئەمەشدا تاك پەروەرانی رۆروزەبەندی قۆناغی هەرەسی بورژوازی پێویست بوون بۆ ئەوەی ئەم فیکرە نەك هەر بە شێوەی دەستورێکی خۆپەسەندانە زاڵ بەسەر پێوەندییە ئینسانییەکاندا بەرجەستە ببێ– کە هەر یەکێك خۆی وەکو خوایەك خۆشبوێ– بەڵکو بشبێ بە بناغەیەکی تیوری ئەستاتیکی نوێ.

هەڵبەتە خوێنەران، بە شێوەیەکی گشتی شتێکیان لەمەڕ کوبیستەکان ژنەوتووە، بەرهەمی ئەوانیان دیتووە، پێم وایە بە هەڵەدا ناچم گەر بڵێم زۆریان کەیف پێ نەهاتوون، چونکە ئەم بەرهەمانە لایەنی کەمی ئەو شتەیان لە (من) دا دروست نەکردووە کەلە جۆرە لە زەتێکی ئەستاتیکی بچێ.

کاتی دەڕوانینە ئەم خەت خەتۆکیانەی کە لاڤ هونەرییەت لێدەدەن، تەنیا ئەو بیرەمان لا دەهاروژێ کە ئەمانە جگە لە (پوچی توان سێ) چ شتێکی دی نین. بەڵام (کوبیزم)ش هۆی بوونی خۆی هەیە. دیارە ئەم قسەیەش کەئەم بەرهەمانە نیشاندەری پوچییەکی توان سێیە، چ شتێك لەمەڕ ریشەو

بنەماکانی روون ناکاتەوە، ئێمەش نامانەوێ لێرەدا ئەو خاڵە روون بکەینەوە، بەڵام بەلی کەمەوە ئەوە دەخەینە روو کە دەبێ لە چ لایەنێکەوە بۆی بگەڕێین، حاڵی حازر کتێبێکی ئەلبیرت گلیز و جان میتزینگەرم لەبەردەست دایە کە دەربارەی کوبیزمە، نووسەرانی کتێبەکە هەردوکیان هەم نیگارکێشن و هەم (کوبیست).

جا با بە وردی گوێ رادێرین بزانین چۆن شێوەی بێ سەروبەری کاری خۆ روون دەکەنەوە؟ ئەوان دەڵێن: (چ شتێکی واقیعی لە دەرێی ئێمەدا بوونی نییە. ئێمە بە هیچ جۆرێ نامانەوێ گومان لە بوونی ئەو شتانە بکەین کە کار لە هەستمان دەکەن، بەڵام بە شێوەیەکی ماقوڵتر تەنیا لەو وێنانە دڵنیا دەبین کە ئەم شتانە لە هزری ئێمەدا بەرجەستە دەکەن.)

ئەم نووسەرانە دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە ئەو وێنانەی بۆ خۆ رەنگدانەوەی شتێکن، لە لای ئێمە نادیارن، بۆیە هەق بە خۆیان دەدەن کە بە پێی فیکری خۆیان شێوەیەکیان پێ ببەخشن. بەڵام بەپێچەوانەی ئەمپرسیونیستەکانەوە، ئەوەش دەڵێن کە نایانەوێ خۆیان لە چوارچێوەی هەستەکاندا زیندانی بکەن، لەم بارەیەوە دەڵێن:

(ئێمە عەودالی فاکتەری سەرەکی و بنەڕەتین، بەڵام لە خۆماندا بۆی دەگەڕێین، نەك لەو جۆرە ئەبەدیەتەدا کە زانا و فەیلەسوفان بەوپەڕی هەوڵ و تەقەلاوە سەرگەرمی دروستکردنین.)

وەکو خوێنەر دەبینێ، ئەوە هەوەڵجار لەم ئەنجامگیرییەوە بە دیار دەکەوێ هەمان فیکرە کە پێشتر ئاشنایەتیمان لەگەڵدا پەیدا کرد و (من) بە (تاقە حەقیقەت) حسێب کراوە. هەڵبەتە لێرەدا شێوەیەکی ئەهوەنتری گرتۆتە

خۆ. گلیز و متنزینگەر دەڵێن کە بچوکترین گومانیان دەربارەی بونی شتەکانی دەرەوە نیە، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەم دان پێدانانەدا ئەوەش رادەگەیەنن کە ئەم جیهانە نەناسراوە. هەڵبەتە ئەم قسەیە ئەوە دەگەیەنێ کە بەلای ئەوانەوە و بۆ ئەوان چ شتێکی واقیعی جگە لە (من) ی خۆیان بوونی نییە.

جا ئەگەر ئێمە شێوەی شتەکان لە رێگەی ئە کاریگەرییەوە دەرەك بکەین کە دەیکاتە سەر هەستەکانمان، هەنگینێ دیارە کە ناشێت باسی مەحاڵیەتی ناسینی جیهانی دەرەوە بکرێ. ئێمە دەقاودەق ئەم جیهانە لە رێگەی ئەو کاریگەرییەوە دەناسین کە دەیکاتە سەر هەستەکانمان، گلیز و متنزینگەر بەهەڵەداچوون، ئەنجامگیرییەکەشیان لەمەڕ شێوەی شتەکان هەر هەڵەیە. بەڵام لە راستیدا ئەم هەڵەیان لێ ناگیرێ، چونکە خەڵکانێك لەم بابەتە هەڵانەیان کردووە کە لە بواری فەلسەفەدا زۆر لەوان بە تواناتر بوون، لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە سەرنجی ئەم خاڵە بدرێ کە ئەو نووسەرانە دەڵێن: چونکە جیهانی دەرەوە قابیلی ناسین نییە، بۆیە دەبێ (لە کەسایەتی خۆدا بۆ فاکتەری سەرەکی) بگەڕێین، هەڵبەتە دەشێت ئەم ئەنجامگیرییە بە دوو دۆر لێك بدرێتەوە. مەبەست لە (کەسایەتی) یا سەر لەبەرەی تیرەی بەشەرە، یا مەبەست تاك تاکی تیرەی بەشەرە، لێکدانەوەی یەکەم دەمانباتەوە سەر ئایدیالزمی (تەسامی) کانت و لێکدانەوەی دووەم دەمانباتەوە سەر ئەم گەڕە لاوژەیەی کە هەر کەسێك بۆ خۆی پێوەر و پێوانەی هەموو شتەکانە. ئاشکرایە ئەم جووتە نووسەرە لێکدانەوەی دووەمیان مەبەستە و کاتێ ئەم گەڕەلاوژە و سەفسەتەیە پەسەندکرا، ئەوا لە

بواری نیگارکێشیش دا وەکو هەر بوارێکی دی دەشێت رێ بەخۆ بدرێ بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك.

گەر من لە جێی (ژنێکی شین پۆش) (ژنێکی شین پۆوش، ناوی تابلویەکی لویس لوجەر کە لە سالۆنی پایزی ئەخیردا خرایە روو)

چەند قەبارەیەکی ئەندازەیی دابنەم چ کەسێك بۆی هەیە رەخنە لە تابلۆکەم بگرێ؟ ژنان بە شێکن لە جیهانی دەرێی دەوروبەری من. جیهانی دەرێ قابیلی ناسین نابیە. بەم پێیە من دەبێ بۆ وێنەکێشانی ژنێك لە (کەسایەتی خۆمدا) بۆی بگەڕێم و (کەسایەتی) من شێوەی چەند شەش پالۆیەك یا چەند هاوتەرییبێکی بێسەروبەر بە ژنەکە دەبەخشێ. شەش پالۆکان هەموو تەماشەکرانی نێو هۆڵەکە دەخاتە پێکەنین. ئەمە گرنگ نییە. (جەماوەر) بۆیە پێدەکەنن چونکە لە زمانی هونەرمەند تێ ناگەن و هونەرمەندیش مەجبور نییە سازشی لە گەڵ بکا و دەستبەرداری زمانی خۆی بێ.

هونەرمەندێك کە چ جۆرە شتێك بە کەس نەدا و مەبەستی خۆی روون نەکاتەوە و چ شتێك نەڵێ، هێزێکی دەروونی لە خۆیدا کەڵەکە دەکا کە تیشکی ئەو هێزە رۆشنایی بەدەوروبەر دەبەخشێ.

هەڵبەتە تا ئەم هێزە دێتە ئاراوە دەبێ وێنەی ئەندازەیی بکێشرێ. بۆیە روبەرووی جۆرە لاسایی کردنەوەیەکی گاڵتەجاڕانەی شیعرەکەی پۆشکین (ئەی شاعیر) دەبێتەوە:

ئەی شاعیرە خۆپەسندەکە!
تۆ لە بەرهەمەکەی خۆت رازی بە؟
رازیت؟ کەواتە سەیر دەموکاوێی

جەماوەر مەکە، با تفی خۆ بکەن و
وا هەست بکەن کوانوی هەڵایساوی تۆ
دەکوژێننەوە.
تەختت بە شەپۆلی منداڵانەی خۆ دێننە لەرزە

ئەم لاسایی کردنەوەیە لەو رووەوە مایەی پێکەنینە کە (هونەرمەندی خۆپەسند) لەو بارەیەوە کە ئێمە باسی دەکەین بە دیارترین شێوەی گەوجایەتی قابیل دەبێ. سەرهەڵدانی ئەم جۆرە لاسایی کردنەوەیە ئەوە دەسەلمێنێ کە دیالیکتیکی ناوەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی، لە حاڵی حازردا تێوری هونەر بۆ هونەری گەیاندۆتە رادەی تەواوەتی پوچی.

مرۆڤ بۆ ئەوە نەخولقاوە بەتەنێ بژی. (تازەگەرانی) هونەری ئەمرۆ تەنیا بەو شتانە قابیل نابن کە پێشینیان دایان هێناوە، هەڵبەتە لەم رووەوە رەخنەیان لێ ناگیرێ. چونکە گەڕان بە دووی شتی نوێدا بە زۆری سەرچاوەی گەشە کردن و پێشکەوتنە. بەڵام تەنێ گەڕان بەس نییە، لە راستیدا هەموو کەسێك ناتوانێ شتی نوێ کەشف بکا. پێویستە رێگەی گەڕان بزانێ، یەکێك کە رێگەی فێربوونی شتە نوێیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی نەزانێ، و جگە لە (من)ی خۆی چ حەقیقەتێکی دی نەناسێت، دەتوانێ بە دوای (نوێدا) بگەڕێ، بەڵام جگە لە نوێیەکی پوچ چ شتێکی دی بەدەستەوە نادا. مرۆڤ بۆ ئەوە نەخولقاوە بە تەنێ بژی.

سەیر دەکەین لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئەمرۆدا، تێوری هونەر بۆ هونەر بەرێکی بێ تام و بۆ دەدا، تاکپەرەوەری توندرەوانەی قۆناغی ئاوا بوونی بورژوازی، هەموو دەرگا راستەقینەکانی ئیلهامی لە رووی هونەرمەند داخستووە، بەمجۆرە هونەرمەند لە ژیانی کۆمەڵایەتی دادەبڕێ و بەرەو

دووبارە کردنەوەی بێ سەمەری ئەزموونی شەخسی بێهودە و خەیاڵاتی سەرسام هێنەر و نەخۆشانەی رادەکێشێ. ئەنجامی هەموو ئەمانە شتێکە کە نەك هیچ جۆرە پێوەندییەکی بە ئەستاتیکاوە نییە، بەڵکو پوچی و بێهودەییەکی ئاشکرای هێناوەتە ئاراوە.

(جەماوەری بێ موبالات و مەغرور) ی پۆشکین بێ ئەوەی (تێبگا) گوێ لە گۆرانییەکانی شاعیر دەگرێ، پێشتر گوتم ئەم رووبەڕووبوونەوەیەی پۆشکین هۆی مێژوویی تایبەتی هەیە، بۆ دەرك کردنی ئەم هۆیە ئەوەندە بەسە کە بزانین سیفەتی (بێ موبالات و غرور) بە هیچ جۆرێ سەبارەت بە جوتیارانی کۆیلەی روسیا دروست نییە، بەڵام دەربارەی (جەماوەر)ی عەوام کە پاشان شاعیری گەورەمان بوو بە قوربانی حەماقەتی ئەوان، بە تەواوەتی دروست و بەجێیە، هەموو ئەو کەسانەی کە پابەندی ئەم (خەڵکە) عەوامە بوون، بێ موبالەغە دەیانتوانی هەمان قسەکانی (خەڵك)ی شیعرەکەی پۆشکین بە وەسفی حاڵی خۆیان بزانن.

ئێمە بێ غیرەت و هیچین
بێ شەرم و بەد سروشت و ناشکور
دڵمان، دڵی مردووی خەسیوانە
بوختانکەری و دوور و کۆیلەین
عەیب و شورەییمان لێ دەتکێ.

پۆشکین دەیزانی کە باس کردنی شەهامەت و ئازایەتی بۆ ئەم رەشە خەڵکە بێ روح و گیانە، قسەی قۆڕە، چونکە ئەم رەشە خەڵکە لە شەهامەت و پیاوەتی حاڵی نەدەبوون، بۆیە شاعیر هەقی بوو بە غروررەوە روویان لێ وەرگێڕێ. خۆ ئەگەر هەڵەیەك لەم کارەی دا هەبووبێ، ئەوا ئەوەبوو کە وەکو

پێویست رووی لێ وەرنەگێڕان و ئەم کارەش جەزرەبەیەکی گەورەی لە ئەدەبیاتی روسیادا.

حاڵی حازر لە وڵاتانی سەرمایەداری پێشکەوتوودا، هەڵوێستی شاعیر بە تایبەتی و هەڵوێستی ئەو هونەرمەندەی کە نەیتوانیوە دەستبەرداری بورژوازی لێکەتوو ببێ، رێك پێچەوانەی هەڵوێستی پوشکینە. لە راستیدا ئەمڕۆکە (خەڵك) ئەە خەڵکە راستەقینەیەی کە رەگەزە پێشکەوتووەکان لە جاران هوشیارترن، ئەوە نین کە بە حەماقەت و گەوجێتی تاوانبار بکرێ، بەڵکو ئەم تاوانە دەدرێتە پاڵ ئەو هونەرمەندانەی کە گوێ لە پەیامی رەسەنی خەڵکی (بێ ئەوەی تێی بگەن) دەگرن. کەمترین رەخنەیەك کە لەم جۆرە هونەرمەندنە بگیرێ ئەوەیە کە هەشتا ساڵێك لە مێژووی بە جێ ماوەن، ئەوانە بە شێوەیەکی منداڵانە وا هەست دەکەن بە دانە دواوە و رەتکردنەوەی چاکترین خواستەکانی سەردەم و زەمانی خۆیان درێژە بە خەباتی رۆمانسیەکان دژی بورژوازی دەدەن. ئەستاتیك ناسانی ئەورووپای رۆژئاوا و دوا بە دوای ئەوان ئەستاتیك ناسانی روسی بەو پەڕی شادییەوە پشت بە خەسڵەتی وردە بورژوایانەی بزاڤی کرێکاری ئێستا دەبەستن.

هەڵبەتە ئەم لاف لێدانەی مایەی پێکەنینە. ماوەیەك بەر لە ئێستا ریشارد ڤاگنر ئەوەی نیشاندا کە ئەو رەخنەیەی ئەم برادەرانە لە بزاڤی رزگاری چینی کرێکاری دەگرن تا چ رادەیەك بێ بنچ و بناوانە. ڤاگنەر بەراستی وای بیر دەکردەوە کە لێکۆڵینەوەیەکی وردی مەسەلەکە دەری دەخا کە بزاڤی رزگاری چینی کریکار، نەك هەر بەرەو ژیانی وردە بورژوایی ناچێ، بەڵکو لێی

دوور دەکەوێتەوە و هەوڵی ئەوەیەتی بگاتە ژیانێکی ئازاد و (کۆمەڵگەیەکی هونەری)

ئەمەو خۆی لە خۆیدا هەوڵێکە بۆ ژیانێکی پڕ لە زەتی شایستە، جۆرە ژیانێك کە مرۆڤ ناچار نییە هەموو هێزی خۆی بۆ وەدەست هێنانی هۆی بژێوی تەرخان بکا.

بەکارهێنانی هەموو هێز و توانای خۆ بۆ دابینکردنی هۆی بژێوی دەقاودەق هەمان شتە کە ئەمڕۆکە بووە بەسەرچاوەی هەستە وردە بورژواییەکان، گیرۆدە بوون بە ژیانی مادی رۆژانەوە.

مرۆڤ بێ توانا و ملکەچ و گەوج دەکا وای لێ دەکا بیێتە مایەی بەزەیی پێداهاتنەوە. دەیکات بە بوونەوەرێك کە توانای ئەشق یان نەفرەتی نەمێنێ. دەیکا بە بونەوەرێك کە هەموو ساتێك ئامادەیە دوا پاشماوەی ویستی ئازادانەی خۆی بەخت بکا بۆ ئەوەی کەمێك لەم نیگەرانییەی کەم بکاتەوە. ئەنجامی بزاڤی رزگای کرێکاری بریتییە لە پاکسازی ئەم نیگەرانییە حەیابەرە مرۆڤ لە مرۆڤایەتی خەرە، ڤاگنەر باوەڕی وابوو تەنیا بە لە نێوبردنی ئەم نیگەرانییەوە وەدی هاتنی ئامانجی رزگاری خوازی پرولیتاریایە کە ئەم گوتەیەی مەسیح حەقیقەت پەیدا دەکا (دەربەستی ئەو شتە مەبە کە دەی خۆی) ئەو هەق وابوو ئەمەش بڵێ کە کاتێ ئەم ئامانجە هاتە دی، هەنگینێ ئەو ناکۆکییەی نێوان ئەستاتیکا و ئەو رەوشتەی لە بەرهەمی لایەنگرانی هونەر بۆ هونەر، بۆ وێنە لە بەرهەمی فلوبێردا بەدی دەکرێ، هەموو جۆرە پایەیەکی جدی خۆی لە دەست دەدا.

فلوبێر دەیگوت: (ئەو کتێبانەی باسی فەزیلەت و تەقوا دەکەن تاقەت بەرو پڕ لە درۆ و دەسەلەن) ناهەقی نەبوو، دیارە مەبەستی بەم قسەیە تەقوا و فەزیلەتی کۆمەڵگەی ئێستایە، واتە تەقوا و فەزیلەتی بورژوایی تاقەت بەرو پڕ لە درۆیە دەنا (تەقوا و فەزیڵەتی) سەردەمانی کۆن لە روانگەی فلوبێرەوە نە پڕ درۆ و نە تاقەت بەربوو، هەڵبەتە تاقە جیاوازی نێوان ئەم دووەش ئەوەیە کە تەقوای سەردەمانی کۆن چ ئاشنایەتیەکی لەگەڵ تاکپەرورەری بۆورژوایی دا نەبوو.

شێرینسکی– سیخاتوف وەکو وەزیری پەروەردەی گشتی نیکولای یەکەم باوەڕی وابوو کە هونەر دەبێ (ئەم باوەڕە بسەلمێنێ کە هەر کارێکی خراپ لەم دنیاش سزای خۆی هەیە، هەڵبەتە ئەم باوەڕە بایەخی بنەڕەتی خۆی بۆ ژیانی گشتی و تایبەتیش هەیە.)

دیارە ئەم قسەیە لە درۆیەکی زلی بۆش و بە تاڵ بەولاوە چیدی نەبوو، هونەرمەندان هەقی خۆیانە لەم درۆ و دەلەسانە هەڵێن، کە لەبەرهەمەکانی فلوبێر دا ئەمە دەخوێینەوە: (چ شتێ لە عەیب شاعیرانەتر نییە) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە مەعنای راستەقینەی ئەم قسەیە ئەوەیە کە دی عەیب دەکا بە هاوتا و هاوسەنگی فەزیلەت و تەقوای پڕ لە ریاو تاقەتبەر و دۆررزنانەی رەوشت فرۆشانی بورژواو هاوپایەکانی شیرنسکی –شیخماتوف.

دیارە لەگەڵ لە نێوچوون و نەمانی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیەدا کە سەرچاوەی ئەم فەزیلەت و تەقوای ریاکارانە و تاقەت بەرو درۆزنانەیە بووە، پێداویستییەکانی بانگەشە بۆ عەیبەش لە نێو دەچێ. جارێکی دی دەیڵێمەوە کە تەقواو فەزیلەتی سەردەمانی کۆن لە روانگەی فلوبێرەوە نە تاقەت بەر

بوو، نە درۆزنانە بوو. لە گەڵ ئەوەشدا توانی بە زەبری جیهانبینی سیاسی و کۆمەڵایەتی پاشکەوتوانەی خۆی لە کاتی ستایشی ئەم فەزیلەت و تەقوایەدا لەبەردەم رەفتاری نیرون دا کە ئەویش شتێك بوو لە نەفی و رەفز کردنی دێوی ئاسای ئەو فەزیلەت و تەقوایە، خۆی بدزێتەوە و دوورە پەرێز بوەستێ.

لە کۆمەڵگەی سوسیالیستیدا، کاتێ دزێوی رەوشتی کۆمەڵایەتی لە بەین دەچێ، رەنەقی هونەر بۆ هونەریش بە شێوەیەکی مەنتیقی دەشکێ و باوی نامێنێ. ئەمرۆکە دزێوی رەوشتی کۆمەڵایەتی وەکو ئەنجامێکی حەتمی هەوڵ و تەقەلای چینی حاکم بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی خۆی دێتە بەرچاو.

فلوبێر لە شوێنێکی دا دەڵێ: (هونەر یەعنی گەڕان بە دووی شتی بێفایدەدا) پیاو دەتوانێ لەم قسەیەیدا بە ئاسانی فیکری بنەڕەتی شیعرەکەی پوشکین (خەڵك) بدۆزێتەوە. بەڵام بۆ هونەرمەندێك کە بەم بیرە قاییل بێ، ئەوە دەگەیەنێ کە دژی فایدەخوازی تەسك بینانەی چینێك یا گروپێکی زاڵ دەوەستێ. دیارە لە گەڵ لە نێوچوون و نەمانی چینەکاندا ئەم فایدەخوازییە تەسك بینانەیەش لە نێو دەچێ. فایدەخوازی و بەرچاوتەنگی چ لایەنێکی هاوبەشی لەگەڵ ئەستاتیکادا نیە. هەمیشە ئەوەیە کە داوەرەکە چ جۆرە قازانجێکی شەخسی لەو دادوەرییەدا نەبێ. بەڵام قازانج و بەرژەوەندی شەخشی شێتکە و قازانج و بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی شێتکی دییە. بیرۆکەی سوودمەند بوون بۆ کۆمەڵ کە بناغەو بنەمای فەزیلەت و تەقوای سەردەمانی کۆنە، زادەی فیداکارییە، فیداکاریش دەشێت بۆ خۆی ببێ بە بابەتی دەربڕینێکی ئەستاتیکی– و مێژووی هونەریش ئەوەی سەلماندووە کە لە زۆربەی کاتدا وا بووە. دەتوانین گەلێ نموونە لە یونانییەکانەوە بێنینەوە.

هەندێ لە فەیلەسوفانی کۆن وەکە ئەفلاتون و ئەرستۆ چاك دەیانزانی کە وەختێ هەموو هێزی مرۆڤ بۆ دابین کردنی ژیانی مادی تەرخان بکرێ، ئەو مرۆڤە تا چ رادەیەك تەنەزول دەکا. لە سەردەمی ئێمەشدا ئایدولۆگانی بورژوازی لەمە تێ دەگەن. ئەوانیش باوەڕیان وایە کە دەبێ بەشەر لە ژێر باری قورس و درێژی گیروگرفتە ئابورییە هەمیشەیەکان رزگار بکرێ. بەڵام ئەو بەشەرەی ئەوان مەبەستیانە، سەربەچینی باڵای کۆمەڵگەیە و لە رێگەی چەوساندنەوەی بەرهەم هێنەرانەوە دەژی. ئەوانیش وەکو فەیلەسوفانی سەردەمە کۆنەکان چارەسەری مەسەلەکە دەبینن: دیلکردنی بەرهەم هێنەران بە دەستی ژمارەیەك لە هەڵبژاردە بەختەوەرەکان کە کەم و زۆر لە ئایدیای (سەروی بەشەر)ەوە نزیکن. بەڵام ئەگەر ئەم جۆرە بۆچونە بۆ زەمانی ئەفلاتون و ئەرستۆ موحافەزەکارانە بووبێ، ئەوا بۆ زەمانی ئێمە لە کۆنەپەرستیش زیاترە. ئەگەر یونانیانی موحافەزەکار، واتە کۆیلەدارانی هاوعەسری ئەرستۆ بە زەبری (ئازایەتی) خۆیان ئومێدیان بە پاراستنی دەسەڵات و باڵادەستی خۆ هەبێ، ئەوا ئەمڕۆکە لایەنگرانی بە دیل کردنی جەماوەری خەڵك بە گومانن لە ئازایەتی چەوسێنەرانی سەر بە بورژوازی و تەواو نائومێدن. هەر لەبەر ئەمەیە حەز دەکەن سوپەرمانێکی بلیمەت پەیدا ببێ و دەسەڵاتی دەوڵەت بگرێتە دەست و بە زەبری ویست و ورەی پۆڵاینی خۆی بینای لەرزۆکی دەسەڵاتی چینایەتی مەحکەم بکا. کەسانی بە زیوی روخاو کاتێ کە پشت ناکەنە سیاسەت، دەبن بەلایەنگری پڕ جۆش و خرۆشی ناپلیونی یەکەم.

گەر رینان، خوازیاری حکومەتێکی بە هێز بوو(کەکاتێ ئەو لە فکران رادەچێ، دێهاتیانی ساویلکە ناچار بە ئەنجامدانی بەشە کارەکەی ئەو بکا)

ئەوا ئەستاتیك ناسانی ئەمڕۆکە بوونی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بە پێویست دەزانن کە کاتێ ئەمان سەرگەرمی بەزمی خۆن.. وەکو نیگارکێشان، یا رەنگکردنی شەش پاڵوەکان و شێوە ئەندزییەکانی دی، پرولیتاریا ناچار بکا لە بری ئەوان کار بکا. ئەمانە کە بە شێوەیەکی ئورگانیکییەکە توانای چ کارێکی جیدیان نییە، لە ناخی دڵەوە بەربەرەکانی رژێمێکی کۆمەڵایەتی دەکەن کە چ جۆرە بێکاری و بەرەڵڵاییەکی تێدا نەبێ.

ئەستاتیك ناسانی بورژوازی ئەمڕۆکە لە کاتێکا کە بە قسە لە وردە بورژوایی دەدەن، بەخۆیانیش بە ئەندازەی چروکترین وردە بورژوا پارە پەرستن، موکلین دەڵێ:

(مرۆڤ وا خەیاڵ دەکا کە بزاڤێکی هونەری لە ئارادایە، لە راسیتدا بزاڤێکە لە بۆرسەی تابلۆکاندا و لە پەنای ئەمەوە مامەڵەو سەودا دەربارەی بلیمەتانی نەناسراو دەکرێ.)

ئەم مامەڵە و سەودایە دەربارەی بلیمەتانی نەناسراو، یەکێکە لە نیشانەکانی هەمان هەوڵ و تەقەلای گەرم و گوڕی زۆربەی نیگارکێشانی هاوچەرخ لە پێناوی (تازەگەری)دا. مرۆڤ هەمیشە عەودالی تازەگەرییە چونەك تێوێتی بە شتەکۆنەکا ناشکێ و سوکنایی نایەت. بەڵام دەبێ ئەوە بزانرێ بۆچی شتە کۆنەکان تیوێتی ناشکێنێ. بەلای گەلێك لە هونەرمەندانی مۆدرنەوە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە تا ئەو کاتەی خەڵکی ستایشی شتە کۆنەکان بکەن، بلیمەتی تایبەتی ئەوان دەرناکەوێ و بە (نەناسراوی) دەمێنێتەوە ئەمەش دەکاتە کارێك کە ئەوان دژی شتە کۆنەکان هەستن.

هەڵبەتە ئەمە ئاشق بوونی فیکرێکی تازە نییە. بەڵکو هەمان ئاشقێنییە لەگەڵ (تاقە حەقیقەت) واتە ئاشق بوونە بە (من)ی ئازیز.

بەڵام ئەم ئەشقە ناتوانێ ببە بە سەرچوەی ئیلهام بۆ هونەرمەند، بەڵکو ناچاری دەکا لە روانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە بڕوانێتە هەموو شتێ. موکلیر لەسەری دەڕواو دەڵێ:

مەسەلەی (مالی) بە جۆرێ ئاوێتەی مەسەلەی هونەرە کە رەخنەگری هونەری لە دوو لاوە کەوتۆتە ژێر گوشار، چاکترین رەخنەگران ناتوانن هەموو فیکری خۆی دەربڕن. خۆ ئەوانی دی تەنیا دەیانەوێ شتێ بڵێن کە دەستکەوتێکی تێدابێ، چونکە دەبێ بەمجۆرە بژین. من ناڵێم نەفرت لە هەموو شتێ بکرێ، بەڵام چاکتر وایە ئاگاداری ئاڵۆزی مەسەلەکان هەبین. دەبینین کە هونەر بۆ هونەر بووە بە هونەر بۆ پارە و ئەوەی کە بەلای موکلیرەوە خەمە، دیاریکردنی هۆیەکانی ئەم وەزعەیە و ئەم کارەش زۆر زەحمەت نییە.

زەمانێ بوو،– وەك سەدەکانی ناوەڕاست– کە تەنیا بەروبوومی زیادە واتە ئەوەی لە مەسرەف دەمایەوە، ئاڵوگۆڕ دەکرا. دیسان زەمانێکی دی بوو کە نەك هەر بەربوومی زیادە لە مەسرەف، بەڵکو هەموو بەروبووم و بەرهەمێك، سەرلەبەری بەرهەمە سەنعەتییەکان هاتنە خانەی بازرگانییەوە.

ئەنجام زەمانێك هات تەنانەت ئەو شتانەش کە بەلای مرۆڤەوە قابیلی ئاڵ و وێڵ و گوێزانەوە نەبوون. هاتنە خانەی ئاڵوگۆڕ و قاچاخەوە و گوێزانەوەیان بوو بەباو. ئەمە زەمانێکە کە شتەکان تا ئەو دەمە قابیلی گوێزانەوە بوون، بەلا هەرگیز ئاڵوێڵیان پێ نەدەکرا. دەبەخشران، بەلا هەرگیز نە

دەفرۆشران. بە دەست دەهێنان، بەڵام هەرگیز نەدەکردران– وەکو تەقوا، خۆشەویستی، باوەڕ، زانست و ...هتد و ئەنجامیش هەموو شتێك هاتۆتە خانەی بازرگانییەوە. ئەم زەمانە زەمانی فەسادی گشتییە، هەموو شتێك بووە بە پارە، هەموو شتێك لە حەقیقییەوە بیگرە تا حقوقی، بووە بە پارە، دەبرێ بۆ بازاڕ تا نرخی تەواوی بۆ دیاری بکەن.

ئایا دەشێت لە قۆناغێك دا کە هەموو شت بەندیواری پارە بێ تەعەجوب لەوە بکرێ هونەریش بخرێتە خزمەتی پارەوە؟

موکلیر نایەوێ بڵێ کە پێویستە سەبارەت بەم وەزعە بێزاری و نەفرەت دەربربردرێ. منیش لای خۆمەوە نامەوێ لەباری سەرنجی ئەخلاقییەوە ئەم مەسەلەیە تاوتو بکەم. من دەمەوێ نەیپێبکەنم، نە بگریم، بەڵکو تێبگەم، من ناڵێم هونەرمەندانی ئەمڕۆ دەبێ ئیلهام لە بزاڤی رزگاری پرولیتاریاوە وەربگرین. نە ئەوە ناڵێم، بەڵام ئەگەر درەختی سێو پێویستە سێو بگرێ، ئەوا پێویستە درەختی هەرمێش، هەرمێ بگرێ. هونەرمەندانی لایەنگری بورژوازیش دەبێ دژی بزاڤی پرولیتاریا بن. هونەری قۆناغی (روخاو) دەبێ (روخاو) بێ، ئەمە کارێکی حەتمییە، بەڵام وەکو چۆن لە مانیڤێستی حیزبی کومونیست دا هاتووە:

(کاتێ کە جەنگی چینایەتی دەگاتە قۆناغی دیاری کەری خۆی، پرۆسەی لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی چینی سەردەست و سەرلەبەری کۆمەڵگەی کۆن توندوتیژییەکی ئەوتۆ دەگرێتە خۆکە بەشێکی بچووك لە چینی سەردەست لێی جودا دەبێتەوە وپێوەندی بە چینی شۆڕشگێڕەوە دەکا، واتە پێوەندی بەو چینەوە دەکا کە ئایندە و پاشەڕۆژی لە خودی خۆیدا هەڵگرتووە. وکو چۆن لە رابوردوودا هێندێ لە ئوروستوکراتەکان پێوەندییان بەبورژوازییەوە کرد، ئەمرۆکەش هێنێ لە بورژوازیان پێوەندی بە پرولیتاریاوە دەکەن،

بەتایبەتی ئەو ئایدولۆگە بورژوایانەی کە گەیشتونەتە رادەی تێگەیشتنی تیۆری بزاڤی مێژوویی.)

لەنێو ئەو ئایدولۆگە بوروژواییانەی کە پێوەندییان بە پرولیتاریاوە کردووە، ژمارەیەکی یەکجار کەم، هونەرمەند هەن. رەنگە لەبەر ئەمە بێ کە تەنێ ئەو کەسانەی بیر دەکەنەوە بتوانن بگەنە رادەی (تێگەیشتنی تیۆری سەر لەبەری بزاڤی مێژوویی) بەڵام هونەرمەندانی ئەمرۆکە، بە پێچەوانەی مامۆستایانی مەزنی سەردەمی رینسانس، یەکجار کەم بیردەکەنەوە.

بە هەر حاڵ دەتوانین بەوپەڕی دڵنیاییەوە بڵێین کە تواناو بەهرەی هەر هونەرمەندێکی راستەقینە، یەکجار بەهێزو بە بڕشت دەبێ ئەگەر دەرگای مێشکی بۆ بیرە مەزنەکانی رزگاری سەردەمی ئێمە بکاتەوە. بەڵام پێویستە ئەم بیرانە ئاوێتەی خوێن و گۆشتی ببێ تا بتوانێ بە شێوەیەکی هونەرمەندانە دەری ببڕێ. هەروەها پێویستە بتوانێ مودرنیزمی هونەری ئایدولۆگانی ئێستای بورژوازی بەشێوەیەکی ورد هەڵبسەنگێنێ.

چینی سەردەست، ئەمڕۆکە لە وەزع و حاڵێك دا گیرساوەتەوە کە چوونە پێشتر بۆ ئەو لە حوکمی کەوتن و هەرەس هێناندایە. هەموو ئایدولۆگانی ئەم چینەش شەریکی هەمان چارەنووسی ئەون.

پێشکەوتووترینیان ئەو کەسانەن کە لە پێشنیانی خۆیان هێوەتر کەوتوون.

حەمەکەریم عارف

سلێمانی

١٩٩١

حەمە کەریم عارف

* کەرکوکییە و لە ساڵی ١٩٥١ دا لە دایك بووە.
* لە ساڵی ١٩٧٥دا کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردوە.
* لە ساڵی ١٩٧٧ وە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاودەکاتەوە.
* نۆ ساڵی هەرەتی لاوی، بێ وابە ستەگی حیزبی، لە پێشمەرگایەتیدا بەسەر بردووەو، وەکو بەشداریەکی مەیدانی و، ویژدانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد دا، شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە ڕۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.
* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکوك، نووسەری کوردستان، کەلتور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢ بە ناوی: گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محمدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح.ع بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە.
* لە هەشتاکانەوە تا ئێستا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کوردی کردووە.
* زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردۆتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە، لە نرخی نەبوودان..

تەنیا ئەوەندەیە لە فەوتان رزگاربوون و هیچی دی، هەندێك لە وانە:

١– تیرۆژ، کۆ چیرۆك.
٢– کۆچی سوور، چیرۆك.
٣– بەیداخ، چیرۆك.
٤– داوەتی کۆچەریان، کۆ چیرۆك.
٥– لەخۆ بێگانە بوون، کۆ چیرۆك.

٦– کوچ سرخ، کۆ چیرۆك بە فارسی. وەرگێڕان:
٧– نینا، ڕۆمانی سابت رەحمان.
٨– نامۆ، ڕۆمانی ئەلبێر کامۆ.
٩– رێبەر، ڕۆمانی مەهدی حسێن.
١٠– شکست، ڕۆمانی ئەلکساندەر فەدایەف.
١١– هاوماڵەکان، ڕۆمانی ئەحمەد مەحمود.
١٢– بێناسنامەکان، ڕۆمانی عەزیز نەسین.

١٣- قوربانی، رۆمانی هێرب میدو.
١٤- دووره وولات، رۆمانی ع. قاسمۆف.
١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمانی کازانتراکیس.
١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی.
١٧- ئامانجی ئەدەبیات، م. گۆرکی.
١٨- دلێری خۆ ڕاگرتن، یاداشتنامەی ئەشرەف دەهقانی.
١٩- مەسەلەی کورد لە عێراقدا، عەزیز شەریف.
٢٠- مێژوی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا.
٢١- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعود ئەحمەد زادە.
٢٢- کورد، گەلی لەخشتە براوی غەدر لێ کراو، د.گوینتەر دێشنەر.
٢٣- لەمەهابادی خوێناویەوە بۆ کەنارێن ئاراس. نەجەف قولی پسیان.
٢٤- گوزارشتی موسیقا، د. فواد زەکەریا.
٢٥- دەربارى شیعرو شاعیری، رەزا بەراهەنی.
٢٦- ڤنست ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایزلەر.
٢٧- بەدوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل ئەلقەیسی.
٢٨- جولەکەکەی مالّتە، شانۆنامە، مالرو.
٢٩- داد پەروەران، شانۆنامە، ئەلبێر کامۆ.
٣٠- بەد حاڵی بون، شانۆنامە. ئەلبێر کامۆ.
٣١- چاو بەچاو، شانۆنامە، گەوهەر موراد (غولام حوسێن ساعدی).
٣٢- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە. شکسپێر.
٣٣-گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عبدوڵلا ئەلبوصێری.
٣٤- کورد لەئەنسکلۆپیدیای ئیسلام دا.
٣٥- هونەر و ژیانی کۆمەڵایەتی. پلیخانۆف.
٣٦- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت. ئیڤلین ریید.
٣٧- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆی ئەلبیر کامۆ.
٣٨- منداڵە دارینە، چیرۆکێکی درێژە بۆ منداڵان.
٣٩- فاشیزم چی یە، کۆ چیرۆك بۆ منداڵان، یەڵماز گونەی.
٤٠- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بومنداڵان.
٤١- زیندەخەون کۆمەڵە چیرۆکی چیخۆف.
٤٢-ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی.

٤٣- هەڵبژاردەی چیرۆکی فارسی(١) کۆ چیرۆك: لالە، گێژاو، جێ پێ، کورتە مێژووکی ژوورەکەم، پیاوێك لە قەفەزدا،کتێب.
٤٤- چیرۆکستان (کۆمەڵێك دەق و رەخنە).
٤٥- چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، حەمەکەریم عارف.
٤٦- گۆڤەندوزنار (فەرهەنگی فارسی-کوردی)، حەمەکەریم عارف.
٤٧- پەلکە رەنگینە، حەمەکەریم عارف.
٤٨- چەندین چیرۆکی بێگانە.
٤٩- چرنیشڤسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس.
٥٠- چایکوفسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥١- صادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی.
٥٢- خافروغ لە شیعر دەدوێ ، ژیان و بەرهەمی.
٥٣- رێبازە هونەریەکانی جیهان.
٥٤- ئەدگارئالن پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- یەڵماز گونەی هونەرمەندی شۆرشگێر، ژیان و بەرهەمی.
٥٦- ئەهلی دۆزەخ، جاك لەندەن، ژیانی بەرهەمی.
٥٧- ریالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا.
٥٨- کۆمەڵێك ئەفسانەی جیهانی.
٥٩- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکییەوە.
٦٠- زارۆکستان (٤ شانۆنامە بۆ منالان).
٦١- قوتابخانە ئەدەبییەکان رەزا سەید حسینی.
٦٢- تاراوگەی قەڵەم (کۆمەڵێك باس و لێکۆڵینەوە) حەمە کەریم عارف.

* لەڕاپەڕینەوە تا نهوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیری کوردی دەکات و بەرهەمی هەمە جۆری نووسراو و وەرگێردراو بڵاودەکاتەوە، بەتایبەتی لە رۆژنامەو گۆڤاری: برایەتی، خەبات ، رێگای کوردستان، پەیمان، دەنگی میللەت، ڕامان، گوڵان، کاروان، مەتین، گازی، پەیڤ، سەنتەری برایەتی، رۆژنامەی یەکبوون.

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و هەرکەس وگروپ و لایەنێك تەماحی بڵاوکردنەوەی هەبن ،ئامادەیە بەخۆڕایی پێشکەشیان بکات...